# کوردستان ساڵانە 70هەزار تەن پەتاتە دەخوات

**رووداو-هەولێر**

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 70 هەزار تەن پەتاتەیە، ئەگەر هەرکەسێک ساڵانە 15 کیلۆ پەتاتە بخوات. لەکاتێکدا ساڵی رابردوو 99%ی ئەو پێویستییەی کوردستان لەدەرەوە هاوردە کراوە. وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان، بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی پەتاتە، ئەمساڵ 952 تەن تۆوی پێنج جۆر پەتاتەی لە هۆڵەندا کڕی، بەسەر 200 جوتیاری کوردستاندا دابەشیکرد. شارەزایانی بواری کشتوکاڵیش دەڵێن، ئەگەر ئەو کێڵگە پەتاتانە سەرکەوتووبن، ئەوا دوای پێنج ساڵی دیکە کوردستان پێویستی بە هێنانی پەتاتە نابێت لەدەرەوە. یەکێک لە جوتیارەکان لە قەزای خەبات کە 5 دۆنم لە زەوییەکەی بەدووڵییەوە چاند گوتی کە زەویەکەم هەڵدایەوە " بینیم یەک پارچە پڕبووە لە پەتاتە".

12



# براکەشم هاوسۆزی کاک مەسعودە

**تایبەت بە رووداو**

د.کەمال میراودەلی، کە یەکێکە لەوانەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاڵاوتووە، گوتی بەنیازبووە لیستێک بۆ پەرلەمانی کوردستان دروستبکات، بەڵام دوای ئەوەی بارزانی داوای لە پەرلەمان کرد هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێوەی راستەوخۆ بێت لەلای خەڵکەوە، بڕیاری خۆی گۆڕیوە. د.کەمال میراودەلی دەڵێ رکابەرێتی کردنی مەسعود بارزانی زۆر سەختە، هەروەها گوتیشی ئەو باوەڕی بە عەشیرەتگەری نەماوە" تەنانەت برای خۆم عەتفی لەگەڵ کاک مەسعودەو پێمگوت پیرۆزباییت لێدەکەم". د.کەمال کە 71 هەزار دۆلاری بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکردووە، باوەڕی بە پۆستەر هەڵواسین نییە چونکە هەر پاش ئەوەی هەڵدەواسرێ لێدەکرێتەوە، بۆیەش زیاتر خەریکی کۆڕی جەماوەرییە.

4



کەمال میراودەلی

# وەزیری بازرگانی سوێد چاوی لە کوردە

**تایبەت بە رووداو**

ئێڤا بیۆرلینگ، وەزیری بازرگانی سوێد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند " پەیوەندیمان لەگەڵ کوردانی عێراق باشە". ئەو کەتەمەنی 46 ساڵە، ئاگاداری رەوشی کوردە ودەڵێ کوردانی نیشتەجێی سوێد کە زمانی سوێدی دەزانن، کۆمەڵگەی سوێدی دەناسن. هەروەها گوتیشی ئەو کوردانەی کە ئێستا چوونەتەوە عێراق "باڵیۆزی زۆر باشن بۆ سوێد و ئەوان دەتوانن ببنە هاوکاری باش بۆ کۆمپانیاکانی سوێد لە عێراق". ئەو وەزیرە کە ئێستا خەریکی کار پەیداکردنە بۆ کۆمپانیا سوێدییەکان لە سوریا، لەبارەی پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیانی کورد لەو وڵاتەدا گوتی"من باش دەزانم کە سووریا زۆر هەڵە دەکات بەرامبەر مافەکانی گەلەکەی".

2




Rûdaw
رووداو
ژمارە (63)
دووشەممە 2009/6/29
8ی پووشپەڕ 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


حوسێن گەرمیانی : هەر من و کاک مەسعود ئاشنای ئازارەکانی گەلەکەمانین ◆ کەمال میراودەلی: من ناکشێمەوە ئەگەر ئەوانیش دەکشێنەوە سوپاسیان دەکەم

# 4 رکابەرەکەی بارزانی لە سەر کشانەوە بۆ یەکێکیان رێکناکەون

**رووداو- هەولێر**

ئەو چوار پاڵێوراوەی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رکابەریی لەگەڵ مەسعود بارزانی پاڵێوراوی لیستی کوردستانی دەکەن، لە گفتوگۆدان بۆ کشانەوەی سێ پاڵێوراو، تا چوارەمیان وەک تاکە رکابەری بارزانی بمێنێتەوە، بەڵام هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد پاڵێوراوی پارتی پێشکەوتنی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسی رۆژنامەوانیی سەربەخۆ IPA، رایگەیاند هەر چوار پاڵێوراوەکە گەیشتوونەتە رێککەوتنێک بۆ ئەوەی تەنیا یەکێکیان بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ناوی ئەو پاڵێوراوە ئاشکرا بکات کە دەمێنێتەوە، بەڵام گوتی "رێککەوتووین لەسەر دیاریکردنی پاڵێوراوێکی بەهێز".

ئەو کۆبوونەوەیە کە رۆژی پێنج شەممەی رابردوو6/25 لەنێوان هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د.کەمال میراودەلی، حوسێن گەرمیانی و سەفین محەممەد ئەنجامدرا، تائێستا بێ ئەنجام بووە.

حوسێن گەرمیانی لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆمان لەبارەی ئەوە کرد لەم چوار کەسە یەکێک بمێنێتەوە بۆ ململانێ لەگەڵ کاک مەسعود



حوسێن گەرمیانی



هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد



سەفین شێخ محەممەد

بارزانی، بەڵام نەگەیشتووینەتە رێککەوتنی کۆتایی و ئەگەر بگەینە رێککەوتن ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ یەکێک لەو پاڵێوراوانە".

حوسێن گەرمیانی کە پێی باشە خۆی بمێنێتەوە، گوتی "کەمال میراودەلی 35 ساڵە کوردستانی بەجێهێشتووە و تەنیا لەرێگەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنەوە ئازارەکانی وڵاتەکەی بینیوە، ئەگەر دەریشنەچێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، کاک سەفینیش بازرگانەونەمدیوە بازرگان بێتە ناوسیاسەتەوە، ئەویش ئەگەر دەرنەچێت دەچێتەوە ناو کاری بازرگانی لەگەڵ بەرپرسەکان، کاک هەڵۆش رەگەزنامەی بەریتانی هەیەو ئەگەر دەرنەچێ دەگەڕێتەوە بەریتانیا، تەنیا کەس من و کاک مەسعود دەمێنینەوە کە بە ئازارەکانی گەلەکەمان ئاشناین و دەتوانین خزمەتیان بکەین".

لای خۆیەوە، د.کەمال میراودەلی رەتیکردەوە ئەو وەک خۆی ئامادەی کشانەوە بێت و بە (رووداو)ی راگەیاند"من ئامادەنیم بەهیچ شێوەیەک بکشێمەوە، بەڵام ئەگەر ئەوان بۆ من بکشێنەوە زۆر سوپاسیان دەکەم".

# کوردستانی 65 کورسی، گۆڕان 10 کورسی و چوار حیزبەکە 7 کورسی دێنن



## بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی: خاڵی لاوازی لیستی کوردستانی پارێزگای سلێمانییە

**تایبەت بە رووداو**

بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی هەڵبژاردنی پارتی رایگەیاند، بەپێی ئەو رووپێو و راپرسییانەی ئەنجامیانداون ئەگەر لیستی ئەوان و یەکێتی "لە 65 کورسی کەمتر بێنین ئەنجامێکی زۆر خراپە"، گوتیشی لیستی گۆڕان ئەوپەڕی 10 کورسی دێنێت و لیستی چوار حیزبەکەش " راپرسییەکان لە 7 کورسی زیاتریان نادەنێ".

جەعفەری ئیمینکی بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی هەڵبژاردنی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، رایگەیاند "خاڵی لاوازی لیستی کوردستانی پارێزگای سلێمانییە، مونافسی بەهێزمان هەیە لەوێ، لیستی گۆڕان و لیستی چوار حیزبەکە"، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی"دڵنیام سلێمانی هی لیستی کوردستانییە، لیستی گۆڕان زیرەکانە کار دەکەن، بەڵام لە روانگەی چەندایەتی و چۆنایەتی و مێژووییەوە ئەو پێگەیەیان نییە ببنە رکابەرێکی زۆر بەهێزی لیستی کوردستانی". جەعفەر ئیمینکی گوتی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا یەکگرتوو رکابەری ئەوان بوو، بەڵام ئەمجارە گۆڕان بە پلەی یەکەم رکابەری لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتییە ئینجا لیستی یەکگرتوو و سێ حیزبەهاوپەیمانەکەی "جاری پێشوو یەکگرتووی ئیسلامی 145 هەزار دەنگی هەبوو، دڵنیام ئەمجارە کەمتر دێنن، لە هەڵبژاردنی رابردوودا ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبوو دەنگی دەدایە ئەوان، ئێستا زۆر لیستی ئۆپۆزسیۆن هەن، ئەو دەنگە بۆ ئەوانیش دەچێت و بۆ لیستەکانی دیکەش دەچێت". جەعفەر ئیمینکی گوتی پێشبینی دەکەن خولی سێیەمی پەرلەمان چالاکتربێ بەهۆی ئەوەی هەندێ لە ئەندامانی ئەمجارە چالاک نەبوون، بەڵام گوتیشی پەرلەمانی ئەمجارەش زۆرینەی بۆ پارتی و یەکێتی دەبێت و بەوشێوەیەش دەتوانن کابینەی شەشەمی حکومەت پێکبێنن.

سەبارەت بە بەشداری تاڵەبانی و بارزانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانیدا، گوتی لیژنەیەکی 10 کەسی لیژنەی باڵایە، کە "مام جەلال و کاک مەسعود راستەوخۆ لەناو هەڵمەتەکەدا نین و پشتیوانی مەعنەوی و سیاسی پێشکێشی لیستەکە دەکەن". گوتیشی کۆسرەت رەسول هاوکاری هەڵمەتی هەڵبژاردنی سلێمانی و هەولێر دەکات و، ئازاد بەرواری و سەعدی پیرە دەچنە دهۆک، د.رۆژ و عیزەدین بەرواری لەگەڵ د.بەرهەم لە سلێمانی دەبن و، فازل میرانی و مەحمود محەممەد و عەدنان موفتی لە هەولێر دەبن، بەڵام نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد بەهۆی کاری حکومەتەوە بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن، هەرچەندە ئەو مافەیان هەیە لەدەرەوەی حکومەت و دەوامی فەرمی خۆیان ئەو کارە بکەن وەک دوو بەرپرسی پارتی و یەکێتی.

7

# "کۆمپانیای وشە هەوڵدەدات 200ملیۆن دۆلار بەناوی پارێزگای سلێمانییەوە بەقەرز وەربگرێت"

**رووداو-ئەمریکا، سلێمانی**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کۆمپانیای وشە هەوڵدەدات 200ملیۆن دۆلار بەقەرز لە بانکێکی ئەمریکی وەربگرێت، بەڵام کۆمپانیای وشە ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ " ئێمە داوای پارەمان لە هیچ دەزگا و کەسێک نەکردووە".

ئەو سەرچاوە ئاگادارە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) روونیکردەوە کە کۆمپانیای وشە لە رێگەی کوردێکی سووری دانیشتووی ئەمریکا لە سەرەتای ئەم مانگەدا هەوڵیداوە 200ملیۆن دۆلار بە قەرز لە بانکێکی ئەمریکی وەربگرێت، بەڵام ئەو کوردە و کارمەندێکی ئەو بانکە داوایان لە کۆمپانیای وشە کردووە، کە دەبێ داواکە بەناوی داوودەزگایەکی حکومییەوە بێت، چونکە بانکەکە رازینابێت ئەو قەرزە بدات. سەرچاوەکە گوتیشی کۆمپانیای وشە کەوتووەتە هەوڵدان بۆ ئەوەی قەرزەکە بەناوی پارێزگای سلێمانییەوە وەربگرێت. دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو)، ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "هیچ بانک و دەزگایەکی حکومی ئەمریکا پارە ناداتە حکومەت و ئەگەر داوای شتی واش لە من و پارێزگای سلێمانی بکرێت، بێگومان کاری لەو شێوەیە ناکەین".

لەهەمانکاتدا مام رۆستەم، بەناوی کۆمپانیای وشەوە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەو هەواڵە هیچ راستییەکی تێدا نییەو تەنیا پڕوپاگەندەیە، ئێمە داوای پارەمان لە هیچ دەزگا و کەسێک نەکردووەو، ئەوەی ئێستا بانگەشەی هەڵبژاردنی پێدەکەین، هاوکاری خەڵک و دڵسۆزانی لیستی گۆڕانە، هاوکاری ئەوانەیە کەدەیانەوێ ئەو بارودۆخە بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەو بینایە چوار قاتییەی ئێستا منی تێدام بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، دۆستێکی خۆمان بەخۆڕایی پێیداوین".

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، لە سەرەتای ئەمساڵدا بە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی راگەیاند کە ئەوان داوای قەرزیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

## هەڵبژاردن بازاڕی رادیۆی گەرم کردووە...

3



بەهۆی نەخوێندەواری هەندێ خەڵک و نەبوونی کارەبا، خەڵک روو لە رادیۆ دەکەنەوە (فۆتۆ:رووداو)

# پشتیوانیکردنی کۆسرەت رەسول لە لیستی نەوشیروان پڕوپاگەندەیە

**رووداو-سلێمانی**

فەرید ئەسەسەرد، دوای بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بە ئامادەبوونی کۆسرەت رەسول جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی گوتی " کاک کۆسرەت تاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە سێ رۆژە هەموو بنکەکانی هەڵبژاردنی بەسەرکردووەتەوە، بۆیە ئەو قسانەی لەبارەی بەشدارینەکردنی لە هەڵمەتی بانگەشکردن دەکرێن پڕوپاگەندەن".

دوێنێ کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوەیەکی بەبێ ئامادەبوونی ئەندامانی باڵی ریفۆرم، لەبارەی هەڵبژادنەوە ئەنجامدا. فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو دەنگۆ و هەواڵانەی رەتکردەوە کە کۆسرەت رەسول نیازی هەبێت دەست لەکاربکێشێتەوە یاخود پشتیوانی لیستی نەوشیروان مستەفا یان بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن نەکات و، گوتی " لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دا، کاک کۆسرەت هیچ هەڵوێست و لێدوانێکی نەبوو ئەو شتانەی لێ بخوێندرێتەوە، بەڵکو باسی ئامادەکارییەکان و چۆنیەتی باشترکردنی هەڵمەتی راگەیاندنی کرد".

بەپێی لێدوانی جەعفەر ئیمینکی لیستی کوردستانی، لیژنەیەکی باڵای بۆسەرپەرشتی



هەڵمەتی هەڵبژاردن پێکهێناوە، کە کۆسرەت رەسول، هاوکاری هەڵمەتی لیستەکە دەکات لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی. لیژنەکەش بەم شێوەیە:لە دهۆک ئازاد بەرواری و سەعدی پیرە، لە هەولێر فازڵ میرانی و مەحمود محەممەد و عەدنان موفتی سەرپەشتی دەکەن و، کۆسرەت لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی هاوکاری هەڵمەتەکە دەکات. لە سلێمانی د.رۆژ و عیزەدین بەرواری و د.بەرهەم و هەندێک ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی بەشداری دەکەن.

## ڕاپۆرتە هەواڵ



10 ملیۆن دیناری مووچەکەم دەدەمە کەسوکارم

ڕووداو-الشرق الاوسط

د.موەفق ڕوبەیعی سەرۆکی پارتی الوسط و ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط)دا ڕایگەیاند کە ئەو تائێستا دەستی بە فلسێکی پارەی عێراق پیس نەکردووەو لەوەتەی لە 2003ەوە لە حکومەتی عێراق کار دەکات "مووچەی مانگانەم 10 ملیۆن دینارە و یەک فلسم بۆ خۆم خەرج نەکردووە، بەڵکو یەکسەر دەینێرمەوە بۆخزم و کەسوکار و عەشیرەتەکەم لە قەزای شەترە کە لە خانووی قوڕدا دەژین". ڕوبەیعی ئاشکرای کرد ئەو ماوەیەی لە لەندەن بووە بایی ئەوەندە پارەی کۆکردووەتەوە"خۆم و منداڵەکانم بۆ چەند دەیەیەک پێی بژین".

### ئێڤا بیۆرلینگ، وەزیری بازرگانی سوێد بۆ (ڕووداو):

# کورد دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بۆ کۆمپانیاکانی سوێد لە عێراق بگێڕن



ئێڤا بیۆرلینگ وەزیری بازرگانی سوێد

**سیروان حاجی بەرکۆ**
**ڕووداو-ستۆکهۆڵم**

وەزیری بازرگانی سوێد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " پەیوەندیمان لەگەڵ کوردانی عێراق باشە"، هەروەها گوتیشی ئەوان دەتوانن ببنە هاوکاری کۆمپانیا سوێدییەکان.

وەزیری بازرگانی سوێد ئێڤا بیۆرلینگ، کە تەمەنی 46 ساڵە، بایەخێکی زۆر بە کوردانی نیشتەجێی سوێد دەدات. بیۆرلینگ لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە کوردانی نیشتەجێی سوێد زمانی سوێدی دەزانن، کۆمەڵگەی سوێدی دەناسن. ئەو دەڵێ ئەو کوردانە کە ئێستا چوونەتەوە عێراق "باڵیۆزی زۆر باشن بۆ سوێد و ئەوان دەتوانن ببنە هاوکاری باش بۆ کۆمپانیاکانی سوێد لە عێراق ". هەروەها سەرنجی ڕاکێشایە سەر پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و گوتی"پەیوەندیی باشمان لەگەڵ کوردانی عێراق هەیە".

ئێڤا بیۆرلینگ، پێش دوو هەفتە لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆمپانیا گەورەکانی سوێد وەک ئێریکسۆن، تیلیا سۆنێرا och پورسێل سیستەم، سەردانی ئوردن و سوریای کرد. ئەو وەزیرەی حکومەتی سوێدی بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە ئامانجی ئەو سەردانەیان ئەوەبوو، بازرگانی نێوان سوێد و سووریا بەهێزتر بکەن. ئەو گوتی لە سووریا ریفۆرمی ئابووری پەیدابوون و، سوێد دەیەوێ کۆمپانیاکانی لە سووریادا بێ بەش نەبن. ئەوە لەکاتێکدایە کە لە ساڵی 2008دا هەناردەی سوێد بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست 28% زیادی کرد.

بیۆرلینگ لە هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (ڕووداو)، بە تایبەتی باسی ڕەوشی کوردانی سووریای کرد و، گوتی ئەو ئاگاداری ڕەوشی مافی مرۆڤە لە سووریا، ئەو پرسەش لە دانووستاندنی خۆیاندا دەخەنە بەرباس. بیۆرلینگ گوتی"من باش دەزانم کە سووریا زۆر هەڵە دەکات بەرامبەر مافەکانی گەلەکەی، بۆیەش هەر کاتێک کە لەگەڵ بەرپرسانی سووریا دادەنیشم، باسی ئەوەش دەکەم".

ڕژێمی دیمەشق هەوڵی زۆر دەدات کە کۆمپانیاکانی ئەوروپا بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ سوریا ڕابکێشێت . ئەو لە دانوستاندنەکانیدا لەگەڵ بەرپرسان و کۆمپانیاکانی ئەوروپا باس لە ریفۆرمی ئابووری دەکات، کە دەرفەتی باش لە بەردەم کۆمپانیاکانی بیانیدا دەکاتەوە. کوردانی سووریاش ڕژێمی سووریا بە پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ناوچە کوردییەکان تاوانبار دەکەن. ئەوان دەڵێن هیچ پرۆگرامێکی حکومەتی سووریا بۆ ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئارادا نین. لەبەر بێ بارانی ئەم ساڵانەی دواییش، ڕەوشی ئابووری لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر خراپ بووە. هەروەها لەبەر نەبوونی کۆمپانیا و کار لە شارە کوردییەکاندا، بە دەیان هەزار هاووڵاتی کورد بۆ پەیداکردنی کار، ناچار دەبن ڕوو بکەنە شارە گەورەکانی وەک دیمەشق و حەلەب، هەروەهاش وڵاتی لوبنان.

# لڤین لە زاخۆ سووتێنرا یان نا؟




پەڕاوگەی مەتین2 کە گۆڤاری لڤینی لێ کۆکرایەوە

(فۆتۆ:ڕووداو)

**سەندیکای ڕوژنامەنووسان: لڤین بەشێوەیەکی ئاسایی لە زاخۆ دەفرۆشرێ**

**سەرنووسەری لڤین: سکاڵای یاسایی لەسەر ئاسایشی زاخۆ تۆمار دەکەین**

**قایمقامی زاخۆ : ئەوانەی دەڵێن ئاسایش لە زاخۆ لڤینی سووتاندووە درۆ دەکەن**

**خاوەنی پەڕاوگەکە: من لەسەر فرۆشتنی لڤین گیرام**

**ڕووداو-زاخۆ**

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک کە دەزگای ئاسایشی زاخۆ دەستی بەسەر پەڕاوگەیەکی زاخۆدا گرتووەو چەندین دانە لە گۆڤاری لڤینی بردوون و دواتر سووتاندوونی، قایمقامی زاخۆ و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕایانگەیاند ئەوە ڕاست نییە، بەڵام خاوەنی پەڕاوگە (قرطاسية)ی مەتین 2 دەڵێ من لەبەر فرۆشتنی گۆڤاری لڤین گیرام.

باوەڕ محەممەد خاوەنی پەڕاوگەی مەتین، لەو بارەوە بۆ (ڕووداو) ئاخڤی و گوتی لەو باوەڕدایە کە ئەو لەسەر فرۆشتنی گۆڤاری لڤین گیرا نەک لەسەر دانانی شتوومەک لەسەر شۆستە "ئەوان ئەوەیان کردە بیانوو گوایە من شتوومەکم لەسەر شۆستە داناوە، کەچی دووکانەکانی دەوربەری من هەموویان وەک من شتوومەکیان لەسەر شۆستەیە، کەواتە دەبووا لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوانیش بکرێت". باوەڕ باسی گرتنی خۆی کرد لەلایەن ئاسایشی زاخۆ و گوتی "شەوێک منیان لە ئاسایش هێشتەوە، دواتر بەڵێننامەیەکیان بە من پڕکردەوە کە هیچ بڵاوکراوەیەک نەفرۆشم، ئەوەبوو دواتر ئازاد کرام". بەڵام لە (پەڕاوگەی مەتین1) کە ئەویشیان هەر هی باوەڕ محەممەدە، گۆڤاری لڤین و هیچ بڵاوکراوەیەکی دیکە لەلایەن ئاسایشەوە دەستی بەسەردا نەگیرا و بە ئازادی دەیفرۆشێت. بەڵام باوەڕ دەڵێ "کاتێک زانیم گۆڤارەکانیان لێرە بردوون، ئەوانم بە زوویی هەڵگرتن، ئەگەرنا ئەوانیشیان دەبردن". بەڵام لەهەمانکاتدا باوەڕ ئەوەی ڕەتکردەوە کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لێیاندابێت یان جنێویان پێدابێت، گوتی من ئەو بڵاوکراوانەم ناوێنەوە کە بردوویانن.

گۆڤاری لڤین، کە لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە دامەزرێندرا لە سلێمانی، تاوەکو چەندین ژمارە لەژێر سەرپەرشتی ئەو حیزبەدا بوو، بەڵام دواتر لە دەست ئەواندا نەما و، ئێستا بەپێی ڕووپێوو و ڕاپرسییەکان پڕ تیراژترین گۆڤاری کوردستانە.

فەرهاد حاجی، نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە زاخۆ، لەو بارەوە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی، دوای بەدواداچوونی ئەو هەواڵانەی بڵاوکرانەوە لەسەر سووتاندنی گۆڤاری لڤین لە زاخۆ بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەوە ڕاست نییە "ئەو هەڵسوکەوتەی شارەوانی و ئاسایش لەگەڵ پەڕاوگەی مەتین کردوویەتی لەگەڵ هەموو ئەو دووکانانە کراوە کە شتومەکیان لەسەر شۆستە داناوە، ئەویش دوای ئەوەی چەندینجار لەلای لیژنەی لابردنی زێدەڕۆییەکان، خاوەن دوکانەکان ئاگادارکراون کە زێدەڕۆیی لەسەر شەقام و شۆستە نەکەن، کەچی هەر کردوویانە". هەروەها فەرهاد حاجی گوتی "من دیاریکرام کە ڕۆژی 2009/6/27 هەموو گۆڤارەکانی بۆ بگەڕێنمەوە کە لای لیژنەکەن". فەرهاد حاجی بەتووندی ڕەخنەی لەو ڕۆژنامە و ماڵپەڕانە گرت کە بڵاویان کردەوە گوایە گۆڤاری لڤین لە زاخۆ فرۆشتنی قەدەخەکراوەو سووتێنراوە "ئەوە دوورە لە ڕاستییەوەو درۆیە، ئەو گۆڤارە لە پەرتووکخانەکانی زاخۆ پێش ئەوەو دوای ئەوەش بە ئازادی دەفرۆشرێ، تەنانەت لە پەڕاوگەی مەتین1 لە گەڕەکی عەباسیکێ هەیە و بڕۆن بە چاوی خۆتان ببینن".

هەر لەو بارەوە، بەهجەت هرۆری ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە پارێزگای دهۆک، گوتی ئێمە بۆ بەدواچوونی ئەو ڕووداوە بەتایبەتی سەردانی زاخۆمان کرد "سەردانی پەڕاوگەی مەتین، شارەوانی و ئاسایشمان کرد، ئەوەی بۆمان دەرکەوت ئەوەبوو کە لیژنەی نەهێشتنی زێدەڕۆییەکان بۆ نەهێشتنی زێدەڕۆییەکان لەسەر شەقام و شۆستەکان و، لەنێوبردنی کەلوپەلی بەسەرچوو کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس، ئاسایش، قایمقامییەت و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی پێکهاتووە، کاری ئەو لیژنەیەش تەنیا لابردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نییە لەسەر شەقامەکان، بەڵکو کەلوپەلی وەک قوماش و ئەرزاقیش کە لەسەر شەقام و شۆستەکان دانرابن دەست بەسەردا دەگرن و خاوەنەکەی سزا دەدەن". هرۆری گوتی "خاوەنی پەڕاوگەکە بەخۆی بەئێمەی گوت کە ئەو لیژنەیە دووسێ جار بەئێمەی گوت ئەو کەلوپەل و گۆڤارانە لەسەر شۆستە و ڕێگەی پیادەی خەڵک لابدەین، بەڵام وا دیارە ئەوان گوێیان نەداوەتێ".

بەهجەت هرۆری گوتی ئەوان سەردانی هەموو کتێبخانەکانی زاخۆیان کردووەو بینیویانە هەموویان بە شێوەیەکی ئازاد و ئاسایی گۆڤاری لڤین دەفرۆشن و کەس لەسەر ئەوە هیچی پێنەگوتوون و کەس پێینەگوتن لایبدەن و نەیفرۆشن. هەروەها گوتیشی "لە دەزگاکانی ئاسایش دا وابڵاوکرایەوە کە ئاسایش ئەو کارەی کردووە، لەکاتێکدا لیژنەی نەهێشتنی زێدەڕۆییەکان ئەو کارەی کردووە".

سەبارەت بە یەک شەو هێشتنەوەی خاوەنی پەڕاوگەکەش لە ئاسایش هرۆری گوتی "ئەو دوای ئەوەی گوێی بە ڕێنماییەکانی لیژنەکە نەداوە بانگ کراوە، نەک لەبەر فرۆشتنی ئەو گۆڤارە". هەروەها گوتیشی "وادیارە هەندێک لە پشت گەورەکردنی ئەو مەسەلەیەن لەسەر ئەو ناوچە ئارامە".

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، سەر لەبەری قسەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتەی ڕەتکردەوەو بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە ڕامانگەیاندووە، ئەگەر ئاسایشی زاخۆ ڕاست دەکات، با ڕوونکردنەوە بدات، کە بڵێ ئەو شتە وا نییە، بەڵام ئاسایش خاوەنی پەڕاوگەکەی دەستگیرکردووەو بەڵێننامەی پێ پڕ کردووەتەوە کە گۆڤارەکە نەفرۆشێ و دواتریش بە کەفالەت ئازادیان کردووە". ناوبراو گوتیشی "ئێمە وەکو گۆڤاری لڤین داوای یاسایی لەسەر ئاسایشی زاخۆ تۆمار دەکەین". هەروەها ڕەخنەی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان گرت و گوتی "دەبووایە نوێنەرێکی ئێمەش لەو لیژنەیەدا بوایە کە چووە زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە".

سەبارەت بە سووتاندنی گۆڤارەکەش وەک پێشتر لە بەیاننامەیەکدا بڵاویان کردووەتەوە کە گۆڤارەکە سووتێنراوە، میرە گوتی "من نەچوومەتە زاخۆ، بەڵام فعلەن پێیانگوتووین ئەو شتە وایە".

بەڵام حوسێن خالد، قایمقامی قەزای زاخۆ سەبارەت ئەو هەواڵانەی لەبارەی سووتاندنی گۆڤاری لڤین لە زاخۆ بڵاوبوونەوە گوتی "ئەوە دوورە لە ڕاستی، ئەوانەی وایان بڵاوکردووەتەوە درۆ دەکەن، بەڵکو ئەوەی بەرامبەر ئەو پەڕاوگەیە کراوە کارێکی ئاسایی لیژنەی نەهێشتنی زێدەڕۆییەکان بووە لەسەر بەجێنەگەیاندنی ڕێنماییەکان ڕێگرتنی پیادەڕۆیان، چونکە شۆستە جێگەی هاتووچۆی خەڵکە نەک لەسەر دانانی کەلووپەل". هەروەها گوتیشی هیچ بڕیارێک نییە بۆ قەدەخەکردنی فرۆشتنی هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک لەشاری زاخۆ، ئەو ڕۆژنامە و ماڵپەڕانەی ئەو هەواڵە نادروستەیان بڵاوکردەوە دەبووایە لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوەو بێن لە زاخۆ بەچاوی خۆیان ڕاستی ببینن "بەڵام پێدەچێ هەندێ لایەنی سیاسی لە پشت ئەو مەسەلەیەوە بن".

### د.جەعفەر پاڵێوراوی لیستی گۆڕان:

# کڕین و فرۆشتنی دەنگ زۆر لە دیاردەی لەشفرۆشی مەترسیدارترە



د.جەعفەر عەلی

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

د.جەعفەر عەلی، ڕاگری پێشووی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ڕانیە دەڵێت دەنگ کڕین و دەنگ فرۆشتن لە هەڵبژاردنەکاندا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دیاردەی لەشفرۆشیدا نییە و "بگرە مەترسیدارتریشە"، هەروەها دەڵێت "هەر لەئێستاوە دەنگ کڕین دەستی پێکردووە".

پێشبینی دەکرێ لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانەکەی، دیاردەی دەنگ کڕین و فرۆشتن دەست پێبکاتەوە. د.جەعفەر عەلی دەڵێ دەنگ کڕینەکەش بە رامبەر دانی پارە، چەک، کۆمپیوتەر، دامەزراندن و پۆست پێدان دەبێت.

بەپێی یاسای ژمارە4ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە تایبەتە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە بڕگەی سێیەم و خاڵی 8ی مەرجەکانی پروپاگەندەی هەڵبژارداندا هاتووە"بۆ هەموو قەوارەیەکی سیاسی، هاوپەیمان و پاڵێوراو قەدەخەیە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دیاری و بەخشین یان هەر سوودێکی دیکە بداتە هاووڵاتییان، یان بەڵێنیان پێبدات دیاریان بداتێ، بە مەبەستی کاریگەری لەسەر دەنگەکانیان".

د.جەعفەر پێیوایە کاتێک دەنگ دەچێتە قاڵبی کڕین و فرۆشتنەوە ئە و دەنگە دەبێتە بەشێک لە کاڵا و کەلوپەلی ڕۆژانەی مرۆڤەکان وەک شتێکی بەسەرچو و مامەڵەی لەگەڵا دەکرێت کە بۆی هەیە پاش چەند کاژێرێک بخرێتە نا و زبڵدانەوە. گوتیشی "دەنگ کڕین بە تەنیا بریتی نییە لە کڕینی دەنگ لە مرۆڤێک، بەڵکو جەستەی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و عەقڵی مرۆڤێک وێران دەکات، چونکە لە و کاتەدا بیرکردنەوە لە مرۆڤ دەکڕی و عەقڵ و ویژدان لەمرۆڤەکە داگیردەکەی لە بەرامبەر بڕێک پارە یان دیارییەک".

د.جەعفەر دەڵێ بەهۆی خۆ کاندیدکردنی بۆ لیستی گۆڕان، لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیەوە، بەبێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکات، مۆڵەتیان پێداوە و لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە، زیاتر لەسەر دیاردەی دەنگ کڕین دەوەستێ و بە "دیاردەیەکی مەترسیدار" وەسفیدەکات و دەڵێت "دەنگ کڕین و فرۆشتن زۆر لە دیاردەی لەشفرۆشی مەترسیدارترە، کاتێک مرۆڤ وشیاری و بیرکردنەوەی خۆی دەفرۆشێت بە لایەنێکی سیاسی بێگومان ئەوە بە و مانایە دێت کە تۆ جەستەشت بە ئاسانی دەفرۆشی، چونکە دیاردەی لەشفرۆشی هەمیشە لە وڵاتی ئێمە بە ناشیرین و قێزەون سەیر دەکرێت، بەڵام کاتێک مرۆڤ عەقل دەفرۆشێت و ڕێگە بەوە دەدات ئیرادەی لێ داگیربکرێت جەستەشی ئاسان تەسلیم دەکات، بۆیە دیاردەکە مەترسیدارترە لە دیاردەی لەشفرۆشی".

ئەو پاڵێوراوەی لیستی گۆڕان، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوانەی پەنا بۆ دەنگ کڕین دەبەن زیاتر ئەو هێزانەن بەرەو ئیفلاس بوون دەچن "ئەو هێزانە دەیانەوێ گەنج ئیرادەی نەمێنێ وەک خۆی دروست نەبێت و وشەی نەخێر بەکارنەهێنێ، هەمیشە دەیانەوێت مرۆڤێک دروست بکەن کە تەنها بەڵێ بۆ ئەوان بڵێت و ملکەچی داخوازییە ناڕەواکانیان بێت".

د.جەعفەر بەدووری نەزانی دیاردەی دەنگ کڕین دووبارە لەو هەڵبژاردنە ڕووبداتەوەو گوتی "گومانم نییە لە دووبارە بوونەوەی و ئێستاش کاری لەسەر دەکرێت و بەدەیان بەڵگەمان لەبەر دەستدایە کە ئۆتۆمبێل و دەمانچە دراوە بەخەڵک و تموحی پۆست و پارە دراوە بەخەڵک لەبەرامبەر ملکەچ بوونیان بۆ ئە و هێز و دەسەڵاتە".

لە ماوەی ڕابردوودا لە چەندین کەناڵی جیا جیاوە باس لە دامەرزاندنی دەرچووانی زانکۆ دەکرێ، بەبڕوای د.جەعفەر ئەو دامەزراندنەش هەر بە مەبەستی دامەزراندنە "دامەزراندنیان بە مەبەستی کڕینی دەنگی ئەوانە".

## ڕاپۆرت




**لە گەرمیان مەلابەختیار و عوسمانی حاجی مەحمود لە ڕکابەریدا دەبن**

**بیلال سەعید-گەرمیان**

**لە ڕۆژانی داهاتوودا هەردوو لیستی کوردستانی و گۆڕان، بەشێوەیەکی چڕوپڕ دەست بە هەڵمەتی پڕوپاگەندەکردن لە گەرمیان دەکەن. سەرچاوەیەکی تایبەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو سێ شەممەیە لیستی گۆڕان لە دەڤەری گەرمیان، بە ئاهەنگێک دەست بە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات، هەروەها باس لە ئامادەبوونی عادل شوکر، جێگری پێشووی مەلبەندی کەلار، کوردۆ قاسم ئەندامی سەرکردایەتی یەکیتی و عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری پێشووی ناوخۆ دەکرێت". لیستی کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست مەلا بەختیاری وەک سەرپەرشتیاری لیستی کوردستانی لە دەڤەری گەرمیان دیاریکردووە.**

# هاووڵاتییان داوای ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤزیۆنی لە لیستەکان دەکەن




**ئازیز مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان و توندبوونی ململانێی نێوان لیستەکان، هاووڵاتییان ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤزیۆنی نێوان لیستەکان بە پێویست دەزانن و چاودێرانی سیاسیش ئەوە بە کاریگەر دەزانن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی هەڵبژاردن.

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان لایەنگرانی لیستەکان و هێرشکردنە سەر یەکتری دەستی پێکردووەو چاودێرانیش ئەو توندبوونە بە سەرەتای توندوتیژییەکان دادەنێن، ئەگەر وا بڕوات پێشبینی ڕوودانی توندوتیژی سەخت دەکەن بەتایبەتی لە سلێمانی.

یوسف محەممەد، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی سلێمانی لەوبارەوە دەڵێ "ئەگەر نوێنەری ئەو لیستانە جڵەوی لایەنگرانیان نەکەن ئەوا بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات و ئەگەری توندوتیژی زیاتر دەبێت، پێویستە کۆنترۆڵی جەماوەری خۆیان بکەن". ئەومامۆستایە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤزیۆنیی نێوان لیستەکان بە کاریگەر دەزانێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و تووڕەییەکانی سەر شەقام و گوتیشی "مونازەرەی تەلەڤزیۆنی کاریگەری دەبێت لە دانی زانیاری بە هاووڵاتییان و ئاشکراکردنی بەرنامەی خۆیان، ئەمەش یاریدەدەر دەبێت بۆ دەنگدەر و لایەنگرانیان لە هێرش نەکردنە سەریەکتری".

بە بڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئەگەر کۆمسیۆن سزای ئەو لیستانە نەدات کە شێوازێکی پێشێلکارییانە بۆ پڕوپاگەندە هەڵدەبژێرن پرۆسەکە دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە چەندین سکاڵا تۆمارکراون لەسەر ئەو پێشێلکاریانەی ڕوویانداوە، گوتیشی "هەر جۆرە پڕوپاگەندەیەک لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دەربچێت ئەوا لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو قەوارەیە دەکرێ کە لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دەرچووە".

هاووڵاتیانیش مونازەرە و مێزگردی ڕووبەڕووی نێوان لیستەکان بە پێویست دادەنێن، لەو باوەڕەشدان ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی هەڵبژاردن.

وریا عەرەب عەلی، 49 ساڵ، فەرمانبەر، نیگەران بوو لەو مامەڵە توندەی کەوتووەتە نێوان لیستەکان، بەتایبەتی نێوان لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی لە سلێمانی. ئەو هاووڵاتییە گوتی "ئەگەر نوێنەری ئەو لیستانە شەوانە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە دەربکەون و لایەنگرانیان لەوە ئاگادار بکەنەوە کە بەوشێوەیە هێرش نەکەنە سەر یەکتری بە دڵنیایی کاریگەر دەبێ لە کەمکردنەوەی توندوتیژیدا".

هەردوو پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کەمال میراودەلی داوا دەکەن مێزگردی ڕووبەڕوو لەگەڵ بارزانی بکەن. میراودەلی بۆ (ڕووداو) گوتی "کەناڵی جەزیرە داوای بەرنامەیەکی ڕووبەڕووی نێوان من و کاک مەسعود بارزانی کردووە".

پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان، بە پاڵپشتی نووسینگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر، پرۆژەیەکی دەستپێکردووە بۆ ناساندنی 24 لیستی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە دوا ئەلقەی ئەو بەرنامەیە ڕووبەڕووکردنەوەی هەموو لیستەکانە لەگەڵ یەکتردا. ئەو بەرنامەیە کە لە تەلەڤزیۆنی نەورۆزی حکومەتی کوردستان پێشکێشدەکرێ، لە شەوی 2009/6/27وە دەست بە پەخشکردنی یەکەم ئەلقەی کرا.



هێمن میرانی، ئەندامی دەستەی کارگێڕی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە کارێکی تازەیە لەلای ئێمە، کە مەبەست لێی ئەوەیە هەموو لیستەکان بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵک شیبکەنەوەو لە دوا ئەلقەشدا بتوانین هەموو لیستەکان لە بەرنامەیەکدا ڕووبەڕوو بکەینەوە، ئامانجیشمان ئەوەیە تا لەو ڕێگەیەوە نوێنەرەکانی ئەو لایەنانە بتوانن مونازەرەی خۆیان بکەن دوور لەو شێوازەی ئێستا گرتوویانەتە بەر کە تانەو تەشهیرکردنە بە یەکتری". گوتیشی "دەمانەوێت لەوە تێبگەین تا چەند حیزبەکان گەیشتوونەتە ئەوەی بتوانن مونازەرە بکەن لە بەرامبەر یەکتری".

محەممەد عەزیز، شوفێری تەکسی، دانیشتووی سلێمانی ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەڤزیۆنی زۆر بە باشتر دەزانێ لە شەڕە قسە و پەڕۆی سەر شەقامەکان، عەزیز گوتی "بەو شێوازەی ئێستا ئەو لایەنانە وا دەکات وڵاتانی دەرەوە هەڵوێستێکی دیکە لەسەر کورد وەربگرن، بۆیە ئەوەی ئێستا لایەنگرانی لیستەکان دەیکەن جگە لە ناشیرینکردنی یەکتری هیچی دیکەی لێ شین نابێ".

# هەڵبژاردن بازاڕی ڕادیۆ گەرم دەکات

**ڕووداو-سلێمانی**

لەوەتەی بیری بێت، سەعید ئەمینی 59 ساڵ، بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵەکانی دونیاو کوردستان گوێ بە ڕادیۆکەیەوە دەنێت. ئەو پیاوە سەرو ڕیش سپی هەڵگەڕاوە کە زۆر چێژ لە زانیاری نوێ و هەواڵی گەرماوگەرم وەردەگرێت، هیوادارە چیتر هەواڵی ناخۆش لەبارەی وڵاتەکەیەوە لەڕادیۆوە نەبیستێت "پەنا بەخوا ئەو هەڵبژاردنە بەخێر دەگەڕێت".

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕادیۆفرۆشانی شاری سلێمانی باس لەوە دەکەن کە کڕیاریان زیادبووە، بەڕێوەبەری هەندێک لە ڕادیۆکانیش گەرمبوونی بازاڕی ئەو دوکاندارانە بۆ تامەزرۆیی خەڵک بۆ ئاگاداربوون لە گۆڕانکاری و هەواڵە گەرماوگەرمەکانی هەڵبژاردن دەگێڕنەوە.

سامان محەممەد، 27 ساڵ، لەو بڕوایەدایە کە ڕادیۆ باشترین ڕێگەیە بۆ زانینی بەردەوامی هەواڵ و زانیارییەکان بەخێرایی و دەڵێ هیچ ئەرک و خەرجییەکی نییەو هەرکات بیکەیتەوە گوێت لەهەواڵ و بەرنامەو چیرۆکی خۆش دەبێت. گوتیشی "من تا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت زۆر پشت بەڕادیۆکەم دەبەستم بۆ ئەوەی ئاگاداری هەواڵی تازە بم".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 56 ڕادیۆ لە هەرێمی کوردستان هەن، کە زۆربەیان سەر بە حیزبەکانن و بەشێکیشیان سەربەخۆن. بەڵام ئەو ئامارە ئەو ڕادیۆیانە ناگرێتەوە کە ئێستا لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دروستبوون.

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1939 ڕادیۆییەکی کوردی لە بەغدا دامەزرا، لەسەردەمی شاخیش زۆر ڕادیۆی کوردیی حیزبەکان هەبوون، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندین ئێزگەی ڕادیۆ کرانەوە. کە هەندێکیان لەڕێگەی سەتەلایتیشەوە پەخش دەکرێن.

حامد مەحمود، 29 ساڵ، لە بازاڕی دارە سووتاوەکەی شاری سلێمانی دووکانێکی گەورەی ڕادیۆ و سیدی فرۆشتنی هەیە. ئەو دەستپێکردنی جەنگی پۆستەرو لافیتەو ململانێکانی هەڵبژاردن بە مانگی گەرمبوونی بازاڕی خۆیان دەزانێ "هەستدەکەین لەو ماوەیەدا کڕیارەکانمان زۆربوون و خەڵکێکی زۆر زیاتر لە جاران ڕادیۆ دەکڕن". حامید باسی لەوەشکرد کە ئەوانەی ڕادیۆ دەکڕن، زیاتر کەسانی بە تەمەنن "هەموو جۆرە تەمەنەکان دەیکڕن، بەڵام زیاتر پیرەکان". حامد زیاتر لەوانە کەمی نرخی ڕادیۆ وەبیردێنێتەوەو دەڵێ "هەموو کەسێک دەتوانێ ڕادیۆ بکڕێت".

نەجمەدین کە دووکاندارێکی دیکەی فرۆشتنی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن و سیدییە، قسەکانی حامد دووبارە دەکاتەوە لەبارەی گەرمبوونی بازاڕی ڕادیۆ فرۆشتنەوەو لەو باوەڕەدایە کە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردن بازاڕەکە وەکو ئێستا نامێنێ "خەڵک دەیەوێت بە بەردەوامی ئاگای لەو وەزعە بێت و بۆ ئەوەش لە ڕادیۆ باشتری دەست ناکەوێت".

بەرپرس و بەڕێوەبەرانی ڕادیۆکانیش هەر لەنێو ئۆفیسەکانی خۆیانەوە هەست بەو بازاڕ گەرمییەی ڕادیۆ دەکەن و دەڵێن مەسەلەکە پەیوەندی بەچەند هۆکارێکەوە هەیە، کەگرنگترینیان هەڵبژاردنە. ئەحمەد محەممەد، بەڕێوەبەری ڕادیۆی جەماوەری کوردستان، گوتی " کاتی هەڵبژاردنەکانەو ریکلامی هەڵبژاردنەکانیش دەستی پێکردووەو، میدیای بیستراویش لەو کاتانەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە".

**هەندێک خەڵک خوێندەواری نییە ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە، تەلەڤزیۆنیش پێویستی بە کارەبایە بۆیە خەڵک زیاتر گوێ لە ڕادیۆ دەگرێ**

بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەوا

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاریگەر دەزانن بەسەر خەڵکەوەو پێشیانوایە خەڵک حەزدەکەن لەو چوارچێوەیەدا بەردەوام ئاگایان لەجموجوڵ و ململانێی هێزەکان بێت. هەڤاڵ ئەبوبەکر مامۆستای کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی گوتی "کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا باری سۆزو عاتیفە زاڵە بەسەریدا و هەرئەمەش وایکردووە کە بانگەشەو جموجوڵەکانی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن کاری تێدەکەن". ئەو شارەزایەی بواری ڕاگەیاندن گوتیشی "هەر لەبەر ئەوە هێزەکان لەو ماوەیەدا بە خەستی پەنا دەبەنە بەر بانگەشەیەکی چڕوپڕ و هەوڵدەدەن کار لەعاتیفەی خەڵک بکەن".

کوردە حەسەن، بەڕێوەبەری ڕادیۆی نەوا، کە بەپێ بیسەرترین ڕادیۆی کوردی دادەنرێت، جیاوازی هەڵبژاردنی ئەمجارە بەهۆی زۆری لیستەکان و گەرمبونی ململانێی نێوانیان بە یەکێک لەو هۆکارانە دەزانێ کەوا لەخەڵک دەکات بەوردی سەرنج لە بارودۆخەکە بدات. کوردە دەڵێ "ڕادیۆ زۆر گرنگە و خەڵکیش هەیە کە خوێندەواری نییە یان ناتوانێت ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە، تەلەڤزیۆنیش کارەبای دەوێت و تەنها لەشەویشدا پرۆگرامی تازەی پێیە، بۆیە خەڵک گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت، جگە لەوەش باشترین کەناڵ و ئاسانترین سەرچاوەی زانیاری و هەواڵی خەڵکە".

یەکێکیتر لەو هۆکارانەی کوردە حەسەن هێمای بۆ دەکات، پەیدابوونی ژمارەیەک ڕادیۆی نوێن، کە "هەوڵدەدەن بەبەرنامەو پرۆگرامی نوێ و گەنجانە دەربکەون، ئەوەش کاریگەری لەسەر زیاتر فرۆشتنی ڕادیۆ لە بازاڕەکاندا دروستکردووە".

گۆڤەند، کە شۆفێری تەکسییە دەڵێ، من هەمیشە لە ڕادیۆوە ئاگام لەدونیایەو بەبەردەوامی ڕادیۆی ئۆتۆمبیلەکەم ئیش دەکات.



# لیستی هێزە بچووکەکان بوون بە ژێر پۆستەری خاوەن پارەکانەوە



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

لە یەکەمین ساتەکانی دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانەوە، وەک چاوەڕوانیش دەکرا هێزە بچووکەکان بوون بە ژێر پۆستەرو لافیتەی هێزە گەورەو خاوەن پارەکانەوە. شارەزایانی بواری ڕاگەیاندنیش پۆستەر و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی لیستەکان دادەنێن.

ئەوەی زۆرتر بە شەقام و شوێنە گشتیەکانی شاری سلێمانییەوە دەبینرێت، پۆستەرو بڵاوکراوەکانی هەر یەک لە لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی و لیستی پێشکەوتنە، هێزە بچووکەکانی دیکەش هۆکاری ساردی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندنیان بۆ بێ پارەیی دەگێڕنەوە.

میران عوسمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی لیستی گەنجانی سەربەخۆ نیگەرانە لەوەی کە ناتوانن ئامانج و بەرنامەو دروشمەکانیان بگەیێننە خەڵک و نەبوونی پارەش بە تاکە هۆکاری ئەوە دەزانێ. میران گوتی "بەداخەوە تەنانەت تائێستا خەڵکانی خێرخوازو بێلایەنیش هاوکارییان نەکردووین، لەکاتێکدا ئومێدێکی زۆرمان بەوان هەبوو، پارەش لەهیچ لایەن و حیزبێک وەرناگرین".

بەرپرسی ڕاگەیاندنی لیستی گەنجانی سەربەخۆ دەڵێ ئەندامانی لیستەکەمان تائێستا لەسەر ئەرکی خۆیان کاردەکەن و بڕێکی زۆریش قەرزار بووین و سەرۆکی لیستەکەشمان ئەو پارەیەشی خەرج کردووە، کە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی داینابوو".

بزووتنەوەی ئیسلامی هەر لەسەرەتای خۆ ئامادەکردنی حیزبەکانەوە بۆ دروستکردنی لیستی هاوپەیمانی، هەوڵەکانی بێسوود بوون تا لیستێکی ئیسلامی لەگەڵ هەریەک لەکۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی پێکبێنێت، ئێستا بە لیستی سەربەخۆ چانسی خۆی تاقیدەکاتەوە.

ئەبوبەکر تاماس، بەرپرسی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی نا ئامادەیی بزووتنەوەی ئیسلامی لەشەقام و مەیدانی ڕیکلامکردندا بۆ نەبوونی کەناڵی تایبەت بە پڕوپاگەندەو توانای دارایی بزووتنەوە گەڕاندەوەو گوتی "بزووتنەوە بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو گەمارۆیەکی سەختی دارایی لەسەر بووە، دەبێ بەکۆمەک و هاوکاری خۆبەخشانەی ئەندامانمان ڕیکلام بکەین". تاماس گوتیشی لە ڕۆژانی داهاتوو دەست بە ڕێکلامکردن دەکەن و گوتیشی "ئومێدمان زۆرە بتوانین دەنگێکی باش بەدەست بێنین".

ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە لەوانی ڕابردوو جیا دەکاتەوە، پۆستەرو دروشمەکانی ریکلامکردنە کە بەشێوازێکی سەردەمیانەو چاپی فلێکس بڵاودەکرێنەوە، کە نرخی هەریەکێکیان لە نێوان 10-100 دۆلارە، هەر بۆیە زۆر ئاستەمە هێزە بچووکەکان بتوانن ڕکابەرێتی هێزەکانی دیکە بکەن لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندن دا.

زانا عەبدولکەریم، وتەبێژی پارتی پێشکەوتن کە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە وێنەو پۆسکارتی پاڵێوراوەکەیان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لیستەکەیان بڵاوکردووەتەوە ئاماژەی بەوەدا زۆربەی ئەو ریکلامانە لەسەر ئەرکی دۆستانی لیستی پێشکەوتن ئەنجامدراون و گوتی "زۆربەی دۆستانمان بۆ خۆیان و لەسەر ئەرکی خۆیان لە چاپخانەکان ئەو پۆستەرانەیان چاپکردووە". زانا عەبدولکەریم دەڵێ "چاوەڕێی ئەوەمان لەدۆستانمان دەکرد، چونکە زۆر تامەزرۆن بۆ وەدیهاتنی بەرنامەو ئامانجەکانی لیستی پێشکەوتن".

موشیر سورچی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان دەست بەستراوی پارتەکەی لەبەردەم هەڵبژاردندا دەگێڕێتەوە بۆ کەمی بودجەی حیزبەکەو دەڵێ، بەو بودجە کەمە حیزبەکە بۆخۆشی بەڕێوەناچێت نەک ریکلامی هەڵبژاردن .سورچی گوتیشی "ناتوانین هیچ بانگەشەیەکی پێویست بۆ خۆمان بکەین، لەوانەیە لە هەندێک گۆڤارو ڕۆژنامە هەوڵی ڕێکلامکردن بدەین، بەڵام ئەوە زۆر بایەخی نییە". ئەو بەنیگەرانیەوە باسی لەوەشکرد کە لافیتەکانیان لەدەشتی هەریر لێکراونەتەوەو گوتیشی "هەر ئەوانە دەنگی باش دێنن کە ریکلامی باش و بانگەشەی باش دەکەن".

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لەو بڕوایەدان کە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن کاریگەری زۆریان بەسەر دەنگدەرانەوە هەیە، دەڵێن لیستەکان دەبێت پڕوپاگەندەی بەهێزو کاریگەر هەڵبژێرن.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لەو بارەیەوە دەڵێ، پڕوپاگەندە کاریگەری زۆری لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، چونکە خەڵک زۆر کار لەسەر عاتیفە دەکات و پڕوپاگەندەکانیش سۆزی خەڵک دەجوڵێنن. گوتیشی "دەبێت پەرلەمانی کوردستان وەک چۆن یاسای هەڵبژاردنی هەیە، بودجەیەک بۆ هەموو قەوارەو لیستەکانیش دیاری بکات تا پڕوپاگەندەی پێبکەن، نەک حکومەت پارە بەچەند حیزبێک بدات و بەوانی دیکەی نەدات". هەڤاڵ ئەبوبەکر لەو بڕوایەدایە کە پێویستە لەو بارودۆخەدا، هێزە بچووکەکان سود لە کەناڵە حکومییەکان وەربگرن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارو کەناڵە ئەهلییەکانەوە ریکلام بۆخۆیان بکەن.

هێرش محەممەد، دانیشتووی سلێمانی، نایشارێتەوە کە کاریگەری ئەو دروشم و پڕوپاگەندەو ریکلامی لیستەکانی بەسەرەوەیە دەڵێ، ئەگەرچی ڕاستیش نەبن، بەڵام مرۆڤ ئەو شتانە سەرنجی ڕادەکێشێ کە باس لەدەردەکانی خەڵک دەکەن. گوتیشی "وێنەی سەرکردەکان و ئەو قەرەباڵغی و پەڕۆ بادانەی کە خەڵک بەکۆمەڵ دەیکەن، کارت تێدەکەن".



# زاخۆ هەر ژنهاڤە سەرۆکێ خوە دەستنیشانکردیە

نەجمەدین نێرۆەیی
ڕووداو- زاخۆ

سەروکێ هەرێماکوردستانێ کو دێ ل 2009/7/25ێ دگەل هەلبژاردنێن پەرلەمانی دێ هێتە هەلبژاردن، چەند کەسان خۆ پالاوتییە بۆ ڤی پۆستی، لێ خەلک دبێژن دێ مەسعود بارزانی دەنگێن هەرە زۆر ئینیت.

مە ل دەڤەرا زاخۆ، پشتی بۆچوونێت پتر ژ 60 کەسێن جودا جودا، ژ ئایین و نەتەوە و لایەنێن سیاسی وەرگرتی، هەمیا پێکڤە پێشبینی دکر کو مەسعود بارزانی باشترین کاندیدە بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ و زۆربەیا وان کوردپەروەری و دلسۆزیا وی بەرامبەر دۆزا مللەتێ کورد دکەرە ئەگەر کۆ ئەو دەنگی دەنێ و زۆر کەسان ژی چەندین ئەگەرێن دی بەرچاڤ دکرن کۆ دێ لسەر وان دەنگی دەنێ.

سەگڤان رەمۆ، بەرپرسێ سەنتەری رەوشەنبیریێ زاخۆ دبێژیت "ژ بەر پاقژیا کەسایەتییا وی، ئەز دبینم کو پتر هەموو کەسەکێ خەمخورێ کورد و کوردستانێ یە و کەسەکێ ب بریارە و ئەگەر مللەتێ کورد بگەهیتە ئارمانجەکێ دێ لسەر دەستێ وی گەهیتن".

ل زانکۆیێ، لسەر مێزەکێ سێ کچ روونشتبوون و دەما مە ژێ پرسی وە پێ باشە کی ببیتە سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ، کچەکا دەڤ ب کەنی ئێکسەر بەرسڤا مەدا و گۆت "ئەگەر مە کەسەک بڤێت کو ئەم بێژینێ سەروک ئەز بەس مەسعود بارزانی هەژی وی ناڤی دبینم"، سۆزین حەسەن، قوتابیا قۆناغا دوماهیێ یە ل زانکۆیا دهۆک.

مەسعود بارزانی،سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ، ئەڤ ساڵ دسەرەدانەکێدا بۆ دهۆک ب توندی رەخنە ل توندوتیژیا دژی ئافرەتان گرت و گۆت هەر ژنێک دمریت، دبێژن وەللا پرێمز تەقی، ئەو هەموو پرێمز تەقینە بووە چ، پێویستە ئەڤ دیاردا نە مرۆڤانە نەمینیت. سۆزین حەسەن، دبێژیت مەسعود بارزانی کەسەکێ سەرەکی بوو کو خۆ ل ئافرەتان کریە خودان و یا دی ژی دبینم کەسەکێ رح سڤک و ب باوەر و ب وەفایە و مرۆڤ دزانیت ئەو بۆ کوردینیێ دکەت لەوما ئەز کەسێن وەکی وی پاقژ نابینمە ل کوردستانێ . هەردوو هەڤالێن سۆزینێ، شەیما و بهارێ ژی دگۆت بارزانی کوردەکێ رەسەنە.

عادل خێرکی، کو ئێکە ژ رۆژنامەڤانێن زاخۆ، مەسعود بارزانی کەسەکە کو باب و باپیرێن ویژی هەر بۆ کوردینیێ کربوو و مەبەستا وان یا سەرەکی ب دەستڤە ئینانا مافێن گەلێ کورد بوویە و ئەز دبینم خودان بریارە و دناڤ جیهانێدا کەسەکێ بەرنیاسە، لەوما ئەگەر سەرۆکایەتی ب دەستێت وی بیت دێ ل سەر ئاستێ جیهانێ ژی بۆ مە باشتر بیت.

رێکخراوا ئالا، کو بۆ پاراستنا ئالایێ کوردستانێ هاتیە دانان، کۆمەک ژ گەنجێن وێ رێکخراوێ کو ل بارەگایێ خوە د جڤیاییی بوون، دگۆتن بارزانی یەکەم کەس بوویە کو ئالایێ کوردستانێ پاراستی و ب چاڤەکێ مەزن لێ دنێری و ئەم شانازیێ پێ دکەین کو نەهێلای ئالایێ بەعسیان ل کوردستانێ بێتە هەلدان و ئەم دبینین ئەگەر ئەڤ ئالایە بۆ دەولەت بوونێ بهێتە هەلدان دێ ب دەستێن وی هێتە هەلدان، لەوما ئەگەر مەسعود بارزانی ببیتە سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ دێ ئالایێ کوردستانێ وەک خوە مینینت و هەموو ئەو کەسێن هەولا گۆڕینا وی ددەن، دێ بێ سەرکەفتن بن.

گەنجەکێ 25 سالی کو دبێژی ئەو لایەنگرێ

> **ئەگەر کوردستان بووە دەولەت و ئارامی تێدا پەیدابوو و وێ دەمێ هەر کەسەکێ دی ببیتە سەرۆکێ هەرێمێ نە گرنگە لێ نها باش دبینم مەسعود بارزانی ببیتە سەروکێ هەرێمێ**
>
> **لایەنگرەکێ لیستێ گۆڕان**

لیستا گۆڕانە، لێ نەڤیا ناڤێ وی بەلاڤ بکەین، گۆت ئەز دبینم بۆ نها کەسەکێ وەکی مەسعود بارزانی ببیتە سەروکێ هەرێمێ زۆر پێویستە "چونکو تا نها هێشتا ئەم یێت لبن گەفێن دوژمنان دژین ل هەر چار رەخانڤە و، کەسەکێ ب هیمەت کو بشێت لبەر سنگێ وان راوەستیت، ئەز دبینم هەر مەسعود بارزانییە". هەروەها دبێژیت "ئەگەر کوردستان بووە دەولەت و ئارامی تێدا پەیدابوو و وێ دەمێ هەر کەسەکێ دی ببیتە سەرۆکێ هەرێمێ نە گرنگە لێ نها باش دبینم مەسعود بارزانی ببیتە سەروکێ هەرێمێ و وەکی نەوشیروان مستەفای گۆتی ئەم شانازیێ ب سەرۆکەکێ وا دکەین".

لبەر لێڤێن خابیرێ زاخۆ، کومەکا ئختیاران کو ل چایخانەکێ روینشتبوون، د بەرسڤا پرسیارا مەدا کو هوین کێ بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ باش دبینن پیرەمێرەکێ ئیستیکانا خۆ یا چایێ دانا و ب حەزەکا تژی ڤە " گۆت مەسعود بارزانی کەسەکێ چاڤ نەترسە و یێ ئامادەیە سەرا خاکا خۆ گیانێ خۆ بکەتە قوربانی"، بەرێ خوە ددەتە سنوورێ دەوڵەتا تورکیا و دبێژیت " مە هەمیان هەلویستێ وی یێ ئاشکرا دیت کو دەمێ هندەکان هەولددا ئاخا کوردستانێ ب بەزینن و ئەو بەرامبەر راوەستا و گۆت ئەم دێ ئاخا کوردستانێ ل وە کەینە گورستان".

ئەوی گۆت "ئەم نها د دەمەک نازکدا دژین و مە پێدڤی ب کەسێن شارەزا و خودان سەربور هەیە، مەسعود بارزانی دزانیت کا کێ زەحمەت کێشایە و کێ نە".

حازم حەسەن، پەککەفتییەکە کو تا نها چەندین ساچمە مایینە د لەشێ ویدا، دبێژی " هندی مەسعود بارزانی یێ ساخ بیت، ئەم پشت راستین کو ئێدی کورد تووشی شەرێ براکوژیێ نابیتەڤە، چونکو تا نها زۆر کەس هەنە هەول ددەن کو کورد دووبارە تووشی براکوژیێ ببیت".

## د.کەمال میراودەلی، کاندید بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

# لە هەولێر خەڵک بە دزییەوە پەیوەندیم پێوە دەکات





ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

د.کەمال میراودەلی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت ئەگەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەر بکەوێت، یەکەم کاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورەی ئێستا و دووبارە داڕشتنەوەی دەبێ لە ماوەی 3 مانگدا. کەمال میراودەلی دەڵێ 71هەزار دۆلاری بۆ پروپاگەندەکردن بۆخۆی تەرخانکردووە، بەڵام دەڵێ هیچ شتێک بۆ ناساندن وەک تەلەڤزیۆن نییە.

د.کەمال میراودەلی، کە هیچ ئەزموونێکی سیاسی و دیپلۆماسی نییە، یەکێکە لە پێنج پاڵێوراوەکەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە لە 2009/7/25 هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە



هەڵدەبژێردرێت. ئەو سەرەتا بە نیازی دروستکردنی لیستێک بووە لە ڕۆشنبیران و نووسەران بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان، چونکە جاری ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی بۆ درا، بەڵام دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، داوای لە پەرلەمان کرد سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵببژێردرێت، د.کەمال ڕای خۆی گۆڕی" ئەو دەرفەتەی کە وایکرد خۆم کاندیدبکەم بۆ ئەو پۆستە لەو کاتەوە

### باوەڕم بە پۆستەر هەڵواسین نییە

دروستبوو کە بارزانی داوای لە پەرلەمان کرد هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕاستەوخۆ بێت، منیش وەکو ڕووناکبیرو نووسەرێکی کورد لەژێر ئەو فشارەدا بووم لە خاڵێک کە بەس نەنووسین ڕەخنە نەگرین".

میراودەلی هەروەها دەڵێت "ئەو تواناو ئەزموونەم هەیە ئەو پۆستە بەڕێوە ببەم".

د.کەمال میراودەلی، کە ڕۆژانە لە شارو شارۆچکەکان کۆڕ و سەمینار دەبەستێ، بە گوتەی خۆی لەلایەن کەسانی سەر بە پارتی و یەکێتی و لیستی گۆڕان و یەکگرتوو پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، ئەو بڕوای بە پۆستەر هەڵواسین نییە "چونکە تۆ پۆستەر هەڵدەواسیت لەدوای تۆ لێیدەکەنەوە".

بەپێی زۆربەی ئەو ڕاپرسیانەی کراون، هیچ کام لەو چوار کاندیدەی خۆیان بۆ ڕکابەرایەتی مەسعود بارزانی هەڵبژاردووە ناتوانن ڕکابەرایەتی بکەن، د.کەمالیش دان بەوە دادەنێت کە ناتوانێ ڕکابەری مەسعود بارزانی بکات و دەڵێت "ڕکابەری لەگەڵ مەسعود بارزانی یەکجار قورسە، ئێستا مەسعود بارزانی دەتوانێ بڵێت مونازەرە ناکەم، بەڵام دەسەڵاتەکەی لەوەدایە کە خاوەن حیزبێکی گەورەیە، ئەو 774 هەزار ئەندامی هەیە هەر ئەوان دەنگی بۆ بدەن بەسە، بەڵام لە ژیانیشدا هیچ شتێک موستەحیل نییە".

ناوبراو هەروەها گوتی کە تەلەفزیۆنی (الجزیرە) پەیوەندییان پێوەکردووە، بۆ مونازەرەیەک لەگەڵ مەسعود بارزانی لەسەر هەڵبژاردن "منیش ئامادەیی خۆم بۆ ئەو مونازەرەیە دەربڕی، زۆریش حەز دەکەم، چونکە تەلەڤزیۆن دەتباتە ناو هەموو ماڵێک".

کاندیدەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەنیا دووانیان خاوەن حیزبن ئەویش مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵۆ ئیبرایم ئەحمەد سەرۆکی پارتی پێشکەوتنی کوردستان. سەبارەت بە پشتگیری کردنی حیزبێک یان لیستێک لەو، د.کەمال میراودەلی ئەوە بە پێویست دەزانێ،ئەو دەڵێ بەبێ حیزب تووشی کێشە بووەتەوە "هەموو شتێک لە سفرەوە دەستپێدەکەی و لە چل ڕۆژ زیاترت بەدەستەوە نییە، تەقریبەن ئەمەش لە شتێکی مەحاڵ دەچێت، لەبەرئەوە بەومانایە تۆ پێویستیت بەوەیە کە کەسێک و حیزبێک قائیدەیەکی هەبێت خەڵکت بۆ کۆکاتەوە سەیارەت بداتێ بچیت شوێنەکان ببینی و پۆستەرت بۆ دابەش بکات پەیوەندییەکانت بۆ ڕێکبخات و چاوپێکەوتنت بۆ دروست بکات، لەمانە حەتمەن هەموو دەقیقەیەک هەستدەکەم پێویستیم بەوە هەیە"، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەڵێت "پێشتر من دەمتوانی لەگەڵ حیزبێک یان لیستێکدا بم، بەڵام باوەڕم بەو حیزبایەتییەی ئێرە نییە، چونکە حیزب لێرە لەجیاتی ئینسان ئازاد بکات، کۆنترۆڵی دەکات".

د.کەمال میراودەلی دەڵێ "شتی وانەبووە سەودا لەگەڵ هیچ لە لیستەکاندا بکەم بۆ ئەوەی پشتگیریم بکەن"، بەڵام ئەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات کە سەردانی سکرتێر و سەرۆکی زۆر لە لیست و حیزبەکانی کردووە بۆ ئەوەی داوای پشتیوانیان لێبکات "سەردانی کاک قادر عەزیز لە حیزبی زەحمەتکێشان، محەممەدی حاجی مەحمود، مامۆستا عەلی باپیر، کاک نەوشیروان و حیزبە بچووکەکانی دیکە و برادەرانی یەکێتی و پارتیم کردووە".

کەمال میراودەلی، سەر بە عەشیرەتی میراودەلییە، کە زۆربەیان نیشتەجێی ناوچەی پشدەرن، بەڵام د. کەمال دەڵێ "من بنەماڵەم نییە، چەند ساڵە لێرە نیم و بنەماڵە بەڕای من نەماوە، هەتا مەسائیلی عەشیرەتیش نەماوە، تەنانەت برای خۆم عەتفی لەگەڵ کاک مەسعودەو پێمگوت پیرۆزباییت لێدەکەم، بڕۆ دەنگ بە کاک

### حەتمەن ساختەکاری لەهەڵبژاردن ڕوودەدات

مەسعود بدە و بە هیچ شێوەیەک نەمگووتوە دەنگم بۆ بدە".

د.کەمال میراودەلی ڕەتیکردەوە کە نەوشیروان مستەفا داوای لە ئەندامانی لیستی گۆڕان کردبێ دەنگی بۆ بدەن "ئەگەر ئەوە ڕاست بووایە، لەهەندێک شت ڕەنگدانەوەی دەبوو، بۆ نموونە تائێستا نە لە ڕۆژنامە نە

### ڕکابەریکردنی مەسعود بارزانی یەکجار قورسە

لە تەلەڤزیۆنەکەی نەوشیروان چاوپێکەوتن لەگەڵ من ئەنجام نەدراوە"، بەڵام بەدووریشی نەزانی ئەندامانی گۆڕان داوا لە نەوشیروان بکەن دەنگی بۆ بدەن، یان یەکگرتوو "تەنانەت لە ناو پارتی لەهەرە نزیکترین دەستەی دەسەڵاتەوە پەیوەندییان پێوە کردووم گوتویانە دەزانین کە تۆ بۆ دڵسۆزی نەتەوەکەت هاتوویتەتەوەو حەزدەکەین پشتگیریت بکەین".

هەرچەندە تەنیا یەک مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردن و پروپاگەندەش دەستی پێکردووە، بەڵام کەمال میراودەلی هێشتا کارنامەکەی خۆی چاپ نەکردووەو هیچ ئۆفیسێکیشی نەکردووەتەوە، هیچ چاودێریکیشی بۆ هەڵبژاردن ئامادە نەکردووە "دوو هەزار چاودێر بەمن ناگیرێت"، لەگەڵ ئەوەشدا بە

> **کەناڵی جەزیرە داوای مونازەرەیان لێکردووم لەگەڵ مەسعود بارزانی**

گەشبینییەوە دەڵێت "جەماوەرم لە هەموو شوێنێک هەیە".

د.کەمال میراودەلی هەر لەئێستاوە بە دڵنیاییەوە دەڵێ"حەتمەن دەبێ" گوتیشی کەسێک لە ئاستی مەکتەبی سیاسی گوتی ئەگەر چوار سندوق دژی ئێمە بێت ئێمە سندوقی دیکە پڕ دەکەینەوە". لەهەمانکاتیشدا پێیوایە دیموکراسیش لە کوردستان نییە، چونکە لە هیچ شوێنێک نییە"دیموکراسی وشەیەکی زۆر باوەو لەهەموو شوێنێک بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا کاری پێناکرێت".

کەمال میراودەلی دەڵێت لە نێو نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و مامۆستایانی زانکۆ گرفتی نییە و دەنگی ئەوان بەدەستدەهێنێت "بەڵام کە دەچێتە خوارتر لەناو پێشمەرگە، پۆلیس، جوتیار، کرێکار، خەڵکی ئاسایی لادێ و عەشیرەت، ئەوانە بەس تەلەڤزیۆن تێیان دەگەیێنێت کە تۆ کێی".

ئەو لەو باوەڕەدایە بتوانێ لە سلێمانی دەنگ بهێنێ و دەڵێت خەڵکی سلێمانی بەکۆمەڵ دێن هاوکاریم دەکەن، بەڵام لەبارەی شاری هەولێرو دهۆک دەڵێت "لە هەولێر، خەڵک بە دزییەوە پەیوەندیم پێدەکەن، ئەوەش پێدەچێت کاردانەوەکە بەهێزتر بێت غەدر هەیە لەوێ".

د.کەمال میراودەلی، دەڵێ ئەوسەرۆکایەتی هەرێمێک ناکات دەستووری نەبێت " کە من سەرکردەبم، دەبێت نموونەیەکی تازەبم

### ئەگەر ببمە سەرۆکی هەرێم دەستوور هەڵدەوەشێنمەوە

لە ڕووی دەستوورەوە، بەبێ دەستوورێک ناتوانم سەرکردەبم،چۆن سەرۆکی هەرێمێک بم، بەڵام دەستوورێک نەبێ بڵێ ئەوە ئەرکی تۆیە و ئەمەش بەرپرسیاریەتەکانتە"، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی کە بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان " یەکەم کارم هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورەی ئێستایە، لەماوەی سێ مانگدا دەستوورێکی دیموکراتی دادەڕێژینەوە، خاڵی دووەمیش ئەکتیڤکردنی پەرلەمانە، من سزای ئەندامی پەرلەمان نادەم کە چالاک بێت و ڕەخنە بگرێت، من سزای دەدەم کە چالاک نەبێت و ڕەخنەم لێ نەگرێت، چونکە ئەو بۆ ئەوە ئەندامی پەرلەمانە کە ڕەخنەم لێ بگرێت، جگە لەوەش بەبێ وتووێژی پەرلەمان هیچ بڕیارێک نادەم، بەرنامەیەکی دیکەشم مەسەلەی دادپەروەری و یەکسانییە، مەسەلەی گەندەڵیش یەکێکی دیکەیە لە بەرنامەکانم لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت دەستەیەکی دەستپاکی و پاکسازی هەبێت لێپرسینەوە بکات".

**د.کەمال میراودەلی**

- ساڵی 1951 لە گوندی مەرگە لەدایکبووە.
- بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.
- ساڵی 1979 بووەتە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد.
- ساڵی 1982 ماستەری لە فەلسەفەی مێژوو لە بەریتانیا وەرگرتووە.
- ساڵی 1987 مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی دامەزراندوە.
- لەساڵی 1997 وە تائێستا بەڕێوەبەری دەزگای پێشخستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەمە نەتەوەکانە.

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net






## کوردستانی

**بۆ قاسملو چراکانتان بکوژێننەوە**

بیلال سەعید - سلێمانی
لە بانگەوازێکدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، داوا لە هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات ڕێز لە 20 مین ساڵیادی تیرۆرکردنی عەبدولرەحمان قاسملو بگرن بە ڕژانە سەر شەقامەکان و بۆ ماوەی 3 خولەک چرای ماڵەکانیان بکوژێننەوە. وەک لە بەشێکی بانگەوازەکەدا هاتووە "داوا دەکەین لە کاژێر 10 شەوی 22ی پوشپەڕ (7/13) بۆ ماوەی سێ خولەک چرای ماڵەکانتان بکوژێننەوە، ئاڵای کوردستان هەڵبکەن، بەجلی کوردی بڕژێنە سەر شەقامەکان".
قاسملو ڕۆژی 1989/7/13 لەکاتی وتوێژ لەگەڵ بەرپرسانی ئێران لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا تیرۆر کرا.

### تورکیا و کورد چاوەڕێی نەخشە ڕێگای ئۆجەلان دەکەن

# پێشنیازی کشانەوەی گەریلا لە تورکیا دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لە زیندانی ئیمراڵی لە 2009/6/17 بە پارێزەرەکانی ڕاگەیاند کە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای مانگی ئەیلول "نەخشە ڕێگا"یەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا پێشنیاز دەکات. هەروەها گوتی "دوای ئەو نەخشە ڕێگەیە، خۆم دەدەمە لایەک و بە گەلی کورد دەڵێم بە خۆت کێشەکەت چارەسەر بکە".



چاودێران زۆر بە گرنگییەوە چاوەڕێی ئەو نەخشە ڕێگەیەن، چونکە لەو باوەڕەدان ئەو هەوڵەی ئۆجەلان زۆر جیاوازە لە هەوڵەکانی ڕابردوو، چونکە هاوکاتە لەگەڵ بە ڕۆژەڤبوونی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا و لەنێو کورددا، هەروەها ئەمریکاش ئێستا بە ئاشکرا باس لە کێشەی کورد دەکات لە تورکیا، کە پێشتر خۆی لێ دەبووارد.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هەرچەندە لە زیندانە، بەڵام کاریگەری لەسەر بڕیارو شێوازی کارکردنی PKK لەدەستنەداوە. وەک محەممەد عەلی بیراند، کە نووسەرێکی دیاری تورکیا و کەسێکی نزیکی داوودەزگا کەمالیستییەکانی تورکیایە، لە گۆشە ڕۆژنامەییەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی دەڵێت "ئەو هەنگاوانەی ئۆجەلان پێشنیازیان دەکات، لەناو PKK وەکو دەستوورێکن، کەس خاوەنی ئەو هێزە نییە ئەو نەخشە ڕێگایە بگۆڕێت". PKK و ناوەندە سیاسییە کوردییەکانی باکووری کوردستان لەلای خۆیانەوە پابەندبوونیان بە کەسایەتی و بۆچوونەکانی ئۆجەلان دووپات دەکەنەوەو، لە وتار و خۆپیشاندانەکانیش دەڵێن" نوێنەری ئەو کێشەیە لە ئیمرالییە، قاسدی ئاشتی لە ئیمرالییە".

ئۆجەلان بەر لە دەستگیرکردن و دوای دەستگیرکردنیشی چەندین بیرۆکەی چارەسەری و ئاگربەستی ڕاگەیاندووە، بەڵام دەوڵەتی تورک هیچ گرنگییەکی بەو لێدوانەی ئۆجەلان نەداوە. بەڵام ئەو "نەخشەی ڕێگا"یە پێدەچێت ببێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ چارەسەری ئەو کێشە ئاڵۆزە. ناوەندو سەرچاوە نزیکەکانی دەوڵەتیش دەڵێن نابێت ئەم هەلە لەدەست بچێت. بیراند لە گۆشەکەیدا دەڵێت دەبێ دەوڵەت گرنگی بەو کارەی ئۆجەلان بدات.

ئۆرهان میر ئۆغلۆ، نووسەر و ڕووناکبیری کورد لە باکووری کوردستان، کە زۆر جار لەلایەن نێوەندە تورکی و ڕۆژئاواییەکانیشەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد ڕای وەردەگیرێ، باسی نەخشە ڕێگەی چاوەڕوانکراوی ئۆجەلانی بۆ (ڕووداو) کردو، گوتی لە ڕابردوودا ئۆجەلان چەندین پێشنیازی بۆ چارەسەری کێشەی کورد کردووە، بەڵام هیچ کاریگەرییان نەبووە "چونکە تورکیا تا بۆی مەیسەر بێ، ناخوازێ نوێنەرێکی ئەو کێشەیە هەبێت، دەوڵەت هەوڵدەدات بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات"، سەبارەت بە نەخشە ڕێگەی داهاتووی ئۆجەلانیش میر ئۆغلۆ دەڵێت " لە هەلومەرجێکی بەمشێوەیەدا کەم تا زۆر پەسندکردنی ئەو نەخشەیە ئاسان نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەخشە ڕێگەکەی ئۆجەلان زۆر گرنگەو لەوانەیە ببێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی".

سەباحەت تونجەل، پەرلەمانتارو بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP، پێیوایە ئەو پڕۆژەیەی ئۆجەلان بۆ چارەسەری کێشەی کورد زۆر گرنگە "چونکە بەر لە گەڵاڵەکردنی نەخشەی ڕێگا، پرس و را بەزۆر لایەن کراوە، بەڵام ئەوەی بایەخی ئەو پڕۆژەیە تەواو دەکات دەوڵەتە، پێویستە دەوڵەت بەر لەوەی داوای دەستبەرداربوونی چەک لە PKK بکات، هەندێک هەنگاو لەبواری داننان بەناسنامە و مافی کورددا بنێ و لە دەستووردا بیانچەسپێنێ، ئەوکات ئیرادەی چارەسەری بەدەردەکەوێت و دەتوانرێ گفتوگۆ لەسەر هەموو هەنگاوەکا ن بکرێت".

دەوڵەتی تورکیا، بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر ببێ پێویستە PKK چەکەکانی فڕێ بدات. بۆ ئەمەش هەموو شێوازەکانی فشار تاقیدەکاتەوە. هەندێ ڕۆژنامەی نیمچە فەرمی دەوڵەتی تورکیاش ڕادەگەیێنن کە خودی ئۆجەلانیش گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە پێویستە PKK دەستبەرداری چەک بێت و لەنەخشەی ڕێگای کۆتایی ئاب، لەوانەیە ئەو پێشنیازە بۆ سەرکردایەتی PKK بکات.

میرئۆغلۆ، بەڕاستی نازانێت ئەگەر ئۆجەلان بەبێ لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگییەکان داوا لە PKK بکات چەک دابنێ. ئەو پێیوایە "ڕەنگە ئۆجەلان لەو نەخشەیەدا قۆناخەکانی دەستبەرداربوونی چەک دەستنیشان بکات، لەوانەیە ئۆجەلان لە پێشنیازەکەی بۆ دەربڕینی نیازپاکی داوای کشانەوەیەکی سنووورداری یەکەکانی گەریلا بکات. بەڵام ئەمەشیان ئاسان نییە، چونکە لە پاشەکشەی ساڵی 1999دا نزیکەی 400 گەریلا گیانیان لەدەستدا، بۆیە ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆشنبیرو لایەنگرانی چارەسەری و پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی پاشەکشە ئەنجام بدرێت، بکەونە گەڕ و میکانیزمێک بئافرێنن بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆن لەو ماوەیەدا ئەنجام نەدرێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی رای گشتی کورد ئاسوودە بکات و بۆ بەرقەراربوونی ئاشتیش دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ".

میر ئۆغلۆ درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت" ڕەنگە ئۆجەلان لەجیاتی دەستبەرداربوونی چەک داوا لە PKKیش بکات ئەو هێزە بەگرتنەبەری رێ و شوێنی گونجاو بپارێزێت. هەفتەی ڕابردوو دوران کاڵکانی ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK لەو بارەیەوە لێدوانێکی دا، وەکو من لێی تێگەیشتم ناوەندەکانی PKK دەڵێن با شەڕ بوەستێت و کۆتایی پێ بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیانەوێت PKK هێزی چەکداری خۆی بپارێزێت، پێموایە هاتنە کایەی ئەمە بۆ رای گشتی تورکیا و ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ڕەوشێکی زۆر جیاواز و نوێ دەبێت و، ئاراستەی گفتوگۆکان بەتەواوەتی دەگۆڕێت".

پەرلەمانتار و بەرپرسی پەیوەندییەکانی DTP دەڵێ " شیمانەی ئەم هەنگاوە دەکرێت، بەڵام پێویستە دەوڵەت هەلومەرجی جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە بئافرێنێ". هەروەها تونجەل دەربارەی ڕاگەیاندنی پڕۆژەکە لە سەرەتای مانگی ئەیلول دەڵێت "1ی مانگی ئەیلول ڕۆژی جیهانی ئاشتییە، بۆیە ڕاگەیاندنی ئەم پڕۆژەیە لەو ڕۆژە واتادارتر دەبێت، جگە لەمەش ڕێزدار ئۆجەلان لەو ماوەیەدا تا 1 ئەیلول هەوڵدەدات رای گشتی بۆ ئەم هەنگاوە ئامادە بکات".



**بۆ نەخشەی ڕێگا پرس و را بەزۆر لایەن کراوە، بەڵام ئەوەی بایەخی ئەو پڕۆژەیە تەواو دەکات هەنگاوە دەستوورییەکانی دەوڵەتن**

سەباحەت تونجەل، بەرپرسی پەیوەندییەکانی DTP

**ڕەنگە ئۆجەلان لەو نەخشەیەدا قۆناخەکانی چەکدانان دەستنیشان بکات**

ئۆرهان میر ئۆغلۆ

### کۆنە ژەنەڕاڵ و سەرۆک ئەرکانەکانی سوپای تورکیا دەڵێن بەرامبەر کورد هەڵە بووین

# سوپا دەڵێ تێپەڕاندنی یەک میللەتی تورکیا هێڵی سوورە



**هێمن خۆشناو**
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو – هەولێر**

دواجار سوپاش گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کێشەی کورد لە تورکیا بە چەک چارەسەر نابێ و پێویستە ڕێگەی دیکە کە تورک دەیانەوێ کێشەی کورد بەرەو ئاقاری چارەسەری ببەن، بەڵام تائێستا بۆیان ڕوون نەبووەتەوە کە تورکیا بە چ میکانیزمێک ئەوە دەکات.

عوسمان ئۆزچەلیک، پەرلەمانتاری شاری سێرت لەسەر لیستیDTP گوتی "ئێستا باڵەکانی دەوڵەت وەکو سوپا، بیرۆکراتی سڤیل و سیاسەتمەدارانی تورکیا، شێوازی مەدەنیان گرتووەتە بەر، بەڵام تائێستا لەلایەن ئەو باڵانەوە هەڵوێستەی ئەفسەرە خانەنشینەکان وەک نیشانەی بوونی بۆچوونی جیاواز لەناو سوپا لێکدەدەنەوە.

عوسمان ئۆزچەلیک جەخت لە بوونی بۆچوونی جیاواز لەناو سوپا دەکاتەوە. پێیوایە دیسپلینی سوپا ڕێگرە لەبەردەم ئاشکرابوونی ئەو بۆچوونانە "سوپای تورکیا 1 ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێ، هەموویان وەکو یەک بیرناکەنەوە، بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام دیسپلینی

عەبدوڵڵا گیول و بەرپرسانی دیکەی دەوڵەت دەڵێن لەناو هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەت لێک تێگەیشتن دەربارەی چارەسەری پرسی کورد هەیە، بەڵام نەخستنەڕووی هیچ پڕۆژەیەک لەلایەن حکوومەت و نەبوونی لێدوانی ڕاشکاوانە لەلایەن سوپا، گومان دەخاتە سەر لێک تێگەیشتنی ناوەندەکانی بڕیار لە تورکیا.

بەڵام سەرۆک ئەرکانی سووپای تورکیا جەنەرال ئیلکەر باشبووغ، هەڵوێستێکی توندی لە هەفتەی ڕابردوودا دژی چارەسەری کێشەی کورد نیشاندا. ئەو لە ئەمریکا گوتی" دەوڵەت نابێت وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی PKK بکات". هەروەها گوتیشی" هەڵوێستی سوپا ئاشکرایە، بۆ هەندێک ئازادی کەلتووری دەڵێین بەڵێ بەمەرجێک لە ئاستی کەسیدا بێت، دەوڵەت دەتوانێت بۆ تاکەکان ڕێگەی ئازادی کەلتووری بکاتەوە، بەڵام وەکو کۆمەڵ یان گرووپی ئەتنی ئێمە لایەنگیری ئەوە نین باس لە هیچ مافێکی کۆمەل یان گرووپ بکرێت. لە دەوڵەتی تورکیادا بۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا دوو پرەنسیپی سەرەکی هەمیشە گرنگن، ئەویش پرەنسیپی یەک دەوڵەت و یەک میللەتە. هەر بۆچوونێک زیان بەم دوو پرەنسیپە سەرەکییە بگەیێنێت سووپای تورکیا دژی دەبێت".

لاله ساری ئیبراهیم ئۆغلۆ، پێشبینی دەکات لەنێوان حکوومەت و سوپا لێک تێگەیشتن لەسەر هەندێک خاڵ هەبێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی واتە حکوومەت، هەندێک بوێرانە باسی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات "دەربارەی مەسەلەی لێبووردن و ڕەوانەکردنی بەرپرسە باڵاکانی PKK بۆ وڵاتی سێیەمین هاوبیرن، بەڵام لەهەمانکاتدا، دەربارەی نوێنەرایەتیکردنی کورد لەلایەن DTPەوە ناکۆکن، سوپا دژی ئەو هەنگاوەیەو حکوومەتیش پێیوایە بەبێ ئەو هەنگاوە چارەسەری زەحمەت دەبێت".

لێدوانەکانی ئەردۆغان، لە هەفتەی ڕابردوودا دەربارەی دانیشتن لەگەڵ DTP هاندەر نەبوون بۆ ئەو گەشبینییەی لەئەنجامی قسەکانی گیول دا دروستبوون، ئەردۆغان مەرجە کۆنەکەی خۆی نوێکردەوە " تاوەکو DTP بەشێوەیەکی ئاشکرا نەڵێت PKK تیرۆریستە لەگەڵی دانانیشم".

بەڵام عوسمان ئۆز چەلیک، هیچ جیاوازیەک لەنێوان بۆچوونی حکومەت و سوپادا نابینێت دەربارەی پارتەکەیان "حکوومەت و سوپا پەیمانێکی نهێنیان بۆ نکۆڵیکردن لە DTP واژۆ کردووە، بەگوێرەی ئەو پەیمانە دان بە ئیرادەی گەلی کورد کە لە DTP دا بەرجەستە دەبێت، نانێن".



ئیلکەر باشبووخ، سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا لەگەڵ ژەنەڕاڵەکانی تورکیادا (فۆتۆ:AFP)

سوپا ڕێگا نادات کەس سەربەخۆ کارێک ئەنجام بدات"، هەروەها دەڵێت "ئێمە دڵنیاین کەسانێک لەناو سوپادا هەن دەخوازن شەڕ ڕاوەستێت و بەشێوازی دیموکراتیانە کێشەی کورد چارەسەر ببێ، ئەو کەسانە دوای ئەوەی خانەنشین دەبن، دەڵێن کێشەکە بە شەڕ چارەسەر نابێ، ئێمە 30 ساڵە شەڕ لەدژی PKK دەکەین 40 هەزار ئەندامی PKKمان کوشت، بەڵام هێشتا PKK هەیە".

بەڵام ژنە نووسەرەکەی ڕۆژنامەی TODAY ZAMAN، بەپێچەوانەی ئەو پەرلەمانتارە کوردە دەڵێت لەناو سوپا تێگەیشتنی هاوبەش هەیە بۆ کێشەی کورد، لاله ساری دەڵێ " بەبۆچوونی من لەناو تەواوی سوپا لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد لێک تێگەیشتن هەیە، بەڵام ئاستەنگی سەرەکی ئەوەیە هەر لایەنێک خوێندنەوەی جیاوازی بۆ میتۆدی چارەسەری هەیە".

هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو نییە، یان ڕانەگەیێنراوە".

لاله ساری ئیبراهیم ئۆغلۆ، نووسەری ڕۆژنامەی TODAY ZAMAN کە وەکو نووسەرێکی نزیک لە سوپا ناسراوە، گوتی "سوپا دەخوازێت دەربارەی کێشەی کورد هەنگاو بنرێت، ئەو هەنگاوانەش جیاواز دەبن لەگەڵ هەنگاوەکانی پێشوو، بەڵام وەرگرتنی زانیاری دەربارەی وردەکارییەکانی ئەو هەنگاوانە لەو ساتەدا زۆر زەحمەتە".

هەر لەگەڵ هاتنە ئارای گفتوگۆکان دەربارەی کێشەی کورد، هەندێک لە جەنەڕاڵە خانەنشینەکانی سوپا، لەنێویشیاندا حیلمی ئۆزکۆک، سەرۆک ئەرکانی پێشوو، بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان گوتی کە لەکاتی کارکردنیاندا لەناو سوپا دەربارەی پرسی کورد هەڵەیان کردووەو، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کێشەی کورد بەشێوازی سەربازی چارەسەر ناکرێت. چاوێران ئەم تاقیبکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بە ڕای چاودێرانی سیاسیش هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بەبێ ڕەزامەندی سووپا کارێکی مەحاڵە. بەڵام سوپا دەڵێ ئامادە نییە لە بیرکردنەوەی یەک میللەتی تورکیا بێتە خوارەوە.

ئیحسان ئەرسلان، لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند "هاوڕاییەکی ناوخۆیی لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد هاتووەتە ئاراوە، بە بۆچوونی من سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و سەرۆکی ئەرکانی سووپا هەرسێکیان لەبارەی ئەو چارەسەرییەوە هاوڕان".

عەبدوڵڵا گیول، سەرۆک کۆماری تورکیا لەماوەی ڕابردوودا لە دوو لێدوانی جیاوازدا ڕایگەیاند لەناو ئۆرگانەکانی دەوڵەت لێک تێگەیشتن هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەمەشی بە هەلێکی مێژوویی دانا. کوردیش هەستی بەوە کردووە،

# پەنابەرانی ڕۆژهەڵات خەون بە وڵاتی سێیەمەوە دەبینن

**سابیر قادری**
**ڕووداو–هەولێر**

وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکانیان لەلایەن کۆمیسیاریای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری ڕۆژی جیهانی پەنابەرانیان نەکردو ڕەخنەیان لە UNHCRگرت کە بەرامبەر ڕەوشی خراپی پەنابەران بێدەنگی هەڵبژاردووە.

بەپێی ئەو ئامارە نافەرمیانەی لە پەنابەرانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، نزیکەی 20 هەزار پەنابەر لە هەرێمی کوردستان دەژین کە زۆربەیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و چاوەڕێن لە ڕێگەی کۆمسیاریای باڵای پەنابەرانەوە، بگەنە وڵاتی سێیەم.

ڕەحمان ڕەسوڵ زادە، ماوەی 13 ساڵە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووەو چاوی لە UNHCRە بیگەیێنێتە وڵاتی سێیەم. ئەو کە بەرپرسی لێژنەی پەنابەرانی هەولێرە، ئاماژەی بە گرفتی سەرەکی پەنابەران کرد و گوتی "ژیانی پەنابەران لێرە هەڵپەسێردراوە، بێکارن، ڕەگەزنامەیان نییە". ئەو کەوتە گلەیی کردن لە UNو گوتی "ئێمە پەنابەری UNHCRین، بەڵام ئەو کەمتەرخەمی و پێڕانەگەیشتنەی کە من لە UN لەعێراق بینیومە لە هیچ وڵاتێک نەمبینیوە، چالاکییەکان تەنیا بۆ پروپاگەندە و ڕازیکردنی بەرپرسانی سەر ڕووی خۆیانە نەک بۆ چارەسەری دۆخی پەنابەران".

ئارەش دێکەلی، کە پەنابەرێکی ئێرانییە لە هەرێمی کوردستان، دۆخی پەنابەرانی نیشتەجێی عێراقی بە "کارەساتێکی مرۆیی" وەسفکرد و گوتی "ژیانی نەوەیەک لێرە بە فیڕۆ چوو، بڕوا ناکەم وڵاتێک کە لافی پێشکەوتنخوازی و مرۆڤ دۆستی لێبدات، ئەم دۆخەی پەنابەرانی نیشتەجێی عێراق چارەسەر نەکات". ئەو گوتیشی "مافی پەنابەران بووەتە قوربانی بەرژەوەندی وڵاتان".

لەکوردستان چەند کەمپێکی پەنابەران هەن، لەوانەش کەمپی کاوە، کەمپی مەخموور، کەمپی موقبلێ و کەمپی باریکە، کە لەلایەن UNHCR ەوە سەرپەرشتی دەکرێن، جگە لەو پەنابەرانەی لە کۆمەڵگەکانی تایبەت بە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لەناوچەکانی کۆیە و جەژنیکان نیشتەجێن.

شەمسی ئەمجەدیان، هۆکاری سەرەکی مانەوەی دوورودرێژی پەنابەرانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسانی UNHCR گەڕاندەوەو باسی لە گرفتەکانی پەنابەران کردو گوتی "بێکارن و باری داراییان باش نییە، هەندێک لە پەنابەران کە نەخۆش کەوتوون و بۆ چارەسەری پێویستیان بە دەرەوە بووە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی UN گیانیان لەدەستداوە".

چارلی لینچ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی UNHCR لە هەولێر، سەبارەت بە گیان لەدەستدانی چەند پەنابەرێک بەهۆی پشتگوێخستنیان لەلایەن UNHCR ەوە لەکاتێکدا ڕاپۆرتی پزیشکیان هەبووە کە پێویستیان بە چارەسەرییە لە دەرەوەی وڵات، گوتی" ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە".

یەکێک لە گرفتەکانی پەنابەران نەدانی ڕەگەزنامەی عێراقییە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەپێی برگە 1ی ماددەی 6 لە یاسای وڵاتینامەی عێراقی ژمارە 26 کە لەساڵی 2006 دەرچووە، هەر هاووڵاتییەکی بیانی بۆ ماوەی 10 ساڵ لەسەریەک بەشێوەیەکی یاسایی لە عێراق بمێنێتەوە، مافی ئەوەی هەیە وڵاتینامەی عێراقی پێبدرێت، ئەوانەش کە ژنیان عێراقییە بە ماوەی 5 ساڵ ئەو مافەیان دەدرێتێ. بەڵام بەشێک لەو پەنابەرانە پتر لە 20 ساڵە لێرەن و وڵاتینامەی عێراقییان وەرنەگرتووە.

موئەیەد نوری، بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە و باری شارستانی هەولێر، بۆ (ڕووداو)گوتی"دانی ڕەگەزنامە بە کەسانی بیانی لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدایە، نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق ڕازی نییە ئێمە ڕەگەزنامە بدەینە بیانییەکان".

چارلی لینچ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی UNHCR لە هەولێر لەبارەی چارەسەری پرسی پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو) گوتی "یەکێک لە چارەسەرەکانی UNHCR بۆ مەسەلەی کوردانی ئێران ئەوەیە کە لێرە بیانهێڵینەوە و تێکەڵاوی کۆمەڵگەیان بکەین، بەڵام بۆ داواکردن و دانی ڕەگەزنامەی عێراقی، ئەوە ئەرکی ئێمە نییە و ئەرکی حکوومەتی عێراقییە".



**کلدانییەکان ڕەخنە لە دەستووری کوردستان دەگرن**



ڕووداو-دەنگەکانی عێراق

ئەبلەحەد ئەفرام ساوا ئەندامی کلدانی لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق نارەزایی خۆی بەرامبەر دەستووری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. ئەبلەحەد لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی" دەستووری کوردستان ناوی کلدان و سریان و ئاشووری بە یەک ناو و نەتەوە نووسیوە و ئەمەش پەراوێزخستنی مافەکانمانە". ساوا گوتیشی هیچ لایەنێک بۆی نییە ناوێک بە ئارەزووی خۆی بە سەرماندا بسەپێنێت.

# بەرەی تورکمانی سکاڵا لەسەر دەستووری کوردستان تۆمار دەکات

## تورکمانەکانی هەولێر پێی ڕازین و پەرلەمانتارێکی دژی دەستوورەکەش دەڵێ مافی تورکمانەکانی دابینکردووە

**دەشتی سەباح**
**ڕووداو- هەولێر**

وەک یەکەم کاردانەوە لەسەر پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 2009/6/26 سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا هەڵوێستی ئاشکرای بەرەی تورکمانی دژی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان نیشاندا، بەتایبەتی لەسەر بڕگەی دووەمی مادەی دوو کە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، لە بەرامبەریشدا بەرپرسی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان، کە باڵێکی جیابووەوەی بەرەی تورکمانییە دەڵێت "لەسەر ئەو پرۆژە دەستوورەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا هیچ تێبینیەکمان نییە، چونکە مافی تورکمان و نەتەوەکانی دیکەشی تێدا گەرەنتی کراوە".

تورکمانەکان بە سێ لیست کێبەرکێ لەسەر بەدەستهێنانی 5 کورسی دەکەن لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوانیش لیستەکانی (بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان، بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستان و ئەربیل تورکمانی)یە.

محەممەد سەعدەدین، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان و پاڵێوراوی لیستی چاکسازی تورکمان بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە سەرەتاوە ئێمە لەگەڵ ئاشوورییەکان هەندێک تێبینیمان لەسەر ئەو مادانە هەبوو کە پەیوەندی بە مافی نەتەوە و ئاینەکانەوە هەبوو، لە کۆبوونەوەیەکدا یاداشتێکمان بەرزکردەوە، گوتی "تێبینیەکەمان ئەوەبوو پێشتر نووسرابوو کوردستان پێکدێت لە کورد و نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئێستا نووسراوە کورد و عەرەب و تورکمان و هەموو نەتەوەکان".

لەپرێس کۆنفرانسەکەی سەعدەدین ئارگیچ، سەرۆکی بەرەی تورکمانی هەڵوێستی ڕوونی خۆیانی ڕاگەیاند و ئەو مادەیەی ڕەتکردەوە کە شاری کەرکووک وەک بەشێک لە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە. نەزهەت عەبدولغەنی، بەرپرسی باکووری عێراقی بەرەی تورکمانی کە بارەگایان لەهەولێر نییە، بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە ئیجرائات دەکەین و پەنا بۆ دادگای دەستووری عێراق دەبەین، بەڵام هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکمان نەهاویشتووە".

کەرخی ئاڵتی برماخ، بێئاگایی خۆی لە وردەکارییەکانی ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەستوور لەلایەن بەرەی تورکمانی ڕاگەیاند، بەڵام گوتیشی هەڵوێستی ئەوان دیارە "ئەوان مادەی 140یش ڕەتدەکەنەوە". لەهەمانکاتیش ئاڵتی بەرماخ، گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی تورکمان دادەنێت تا بتوانن لەسەر یەک هێڵ بەشداری کارا لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن "ئەو کات تورکمان دەبێتە قەوارەیەکی گەورە و بەشدارییەکی کارا لەپەرلەمانی کوردستان و پێگەیەکی بەهێزترمان دەبێت لەحکومەت".



پەرلەمانتاران تەماشای پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن (فۆتۆ:AFP)

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە 3 ساڵە خراوەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی 2009/6/24 بەکۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان قبوڵکرا، بڕیاریش وایە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە 2009/7/25 لە گشتپرسییەکدا بخرێتە بەردەم خەڵکی هەرێمی کوردستان. کە ئەوەش بە پەلە کردن لەلایەن ناوندە ڕۆشنبیری و میدیایی و کەسانی پسپۆڕ ڕەخنەی زۆری لێگیرا بەوەی کە پەلەکردن لەپەسندکردنی پرۆژەی دەستوور مەبەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە.

لەڕۆژی پەسندکردنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان، د. نوری تاڵەبانی، تاکە ئەندام پەرلەمان بوو کە دەنگی دژی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوورەکەدا. کە لەپێشەکییەکی یەک لاپەڕەیی و 8 دەروازە و 122 مادده پێکهاتووە.

د. نوری تاڵەبانی، قانووناس و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کە یەکەم یاساناس بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە داوای دانانی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان بکات و پرۆژەیەکیشی بۆ ئەو مەبەستە بڵاوکردەوە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بەزۆر مادە کرد کە لەپرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پاراستنی مافی کەمینەکان و بەتایبەتی تورکمانەکان هاتووە "تا ڕادەیەکی زۆر مافەکانیان تۆمارکراون".

جیا لەرای ڕەسمی بەرەی تورکمانی چەندین لایەنی عێراقی و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دژی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان وەستاونەتەوە، بەتایبەت لەسەر دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان. هەریەک لە عەباس بەیاتی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق و ئوسامە نجێفی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕەخنەیان لەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان گرتووەو دەڵێن ئەو دەستوورە بەتایبەتی ئەوەی لەمادەی 2دا هاتووە بەپێچەوانەی مادەی 140ەو دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا ڕێککەوتن ڕوونەدات لەنێو لیستی حەدبا و لیستی برایەتی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ. د.نوری تاڵەبانی دەڵێت "من لەگەڵ بۆچوونی ئەو لایەنانەدا نیم، چونکە سنووری هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەداخەوە لەبڕگەی دووەمی مادەی 2دا پشت بەستراوە بە مادەی 140 بۆ دیاریکردنی سنووری سیاسی هەرێمی کوردستان، من ئەو بڕگەیە بە بڕگەیەکی باش نازانم، یەکەم: چونکە مادەی 140 بۆ نەهێشتنی سیاسەتی بەعەرەبکردن دارێژراوە، دووەم: ئەو بڕگەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە فشاری سیاسی لەلایەن حکومەتی عێراق و هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە و هەتا دەوڵەتە زلهێزەکانیش بخرێتە سەر کورد بۆ ئەوەی مادەی 140 بەشێوەیەکی نەگونجاو جێبەجێ بکرێت".

د. نوری ڕاشیگەیاند "بڕگەی یەکەمی مادەی دوو پێچەوانەی بڕگەی دووەمی هەمان مادەیە، هەوڵێکی زۆریشم دا کە ئەو بڕگەیە لەدەستوورەکەدا نەبێت، بەڵام دواجار چەسپا، نازانم هۆکارەکەی چییە".

بەختیار شەوکەت، کاندیدی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بۆ پەرلەمان :

# هاوبیرانی پاسۆک لەگەڵ لیستی گۆڕان نین

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

کۆنە سەرکردەیەکی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) دەڵێت "ئەگەر ئێستا پاسۆک بمابایە، بە دڵنیاییەوە دەگەیشتە پەرلەمان و ئێستاش حیزبی سێیەم دەبوو لە کوردستان".

بەختیار شەوکەت، کاندیدی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە شاری سلێمانی، کە پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پاسۆک بووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆکاری خۆپاڵاوتنی لەسەر لیستی YNDKڕووندەکاتەوەو دەڵێت "هەرکەسێکی نەتەوەیی دەبێت بیرکردنەوەیەکی زانستیانەی هەبێ بۆکەسێکی دیکەی نەتەوەیی، یەکێتی نەتەوەیی و هاوبیر غەفوور مەخموری لە ڕووی کارکردن بۆ بیری نەتەوەیی زۆر بەجوانی کاریان کردووە، بۆیە لە هەر شوێنێک نوزەیەکی بیری کوردایەتی و نەتەوەییم گوێ لێبووبێت، خۆشەویستی و هەڵوێستم بۆی هەبووەو تەنها ئامانجیشم پێشخستنی بیری نەتەوەییە".

یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، کە لە ساڵی 1995 دامەزراوە، بەپێی دروشمەکانی هەڵگری دروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانە، هەڵگری بیری نەتەوەییە، لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لە چوارچێوەی لیستی نیشتمانی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) بەشداری هەڵبژاردنی کردو ئێستا کورسییەکی لە پەرلەمان هەیە، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی کردووە.

ئەو حیزبە بە بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی و چاککردنی باری گوزەرانی خەڵک و گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستان پروپاگەندە بۆ لیستەکەی دەکات.

بەختیار شەوکەوت کە کاندیدی ئەو لیستەیە لەشاری سلێمانی دەڵێت "ئامانجەکانی ئێمە گێرانەوەی کەرکووک و هەموو ناوچە دابڕاو و دزراوەکانە بۆ کوردستان".

جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو، خەڵکی هەرێمی کوردستان ئێستا کەمتر بەلای سەربەخۆیی کوردستان و بیری نەتەوەیی دا دەچن، تەنانەت لیستە دیارەکانی ئۆپۆزسیۆنیش زیاتر لە پارتی و یەکێتی بەرژەوەندی کوردستان لەمانەوە لە چوارچێوەی عێراق دا دەبیننەوە .سەبارەت بە دەنگهێنانی لیستێکی نەتەوەیی لەنێو ئەو هەموو لیستە جیاوازەدا، بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی، بەختیار شەوکەت دەڵێت "ئێمە بەداخەوە وەکو ڕێکخستن و وەکو پارت و حیزب ماوەیەکی زۆرە لەناو سلێمانیدا نەمانتوانیوە کار بکەین و بۆشاییەکی گەورە هەیە، بۆ ئەوەش کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام ئەوەی دڵمان پێخۆشە جەماوەری سلێمانی هەمیشە هەست و بیری نەتەوەیی لەدەروونیاندا هەرهەبووە، بۆیە وای بۆ دەچم ئەو خەڵکانە ئەگەر دەنگی ئێمەیان بگاتێ و ئاراستەکەیان بۆ ڕوون بکەینەوە، دەیانهەژێنین و دێنە پێشەوەو دەنگێکی باشیشمان بۆ دەدەن".

**ئەگەر دەنگمان بگاتە خەڵکی نەتەوەیی سلێمانی دەنگی باش دێنین**

ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ڕووی ڕێکلامی هەڵبژاردنەوە تا ڕاددەیەک لاوازن، چونکە جگە لە ڕۆژنامەی (میدیا) هیچ کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندنیان نییە "بانگەشە بە عارەقی ناوچەوانی خۆمان دەکەین، ئێمە وەک تاکە نەتەوەییەکان یەکتری ئاگادار دەکەینەوە، توانیومانە دەنگی خۆمان بگەیێنینە خەڵکە نەتەوەییە تێکۆشەرەکان و ئەوانیش لای خۆیانەوە خەڵکی دەوروپشتیان ئاگادار دەکەنەوە".

پاسۆک لە 11ی ئەیلولی 1975 دامەزراندنی خۆی لە کەرکووک ڕاگەیاند بە داواکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و، یەکەم حیزب بوو لە شار و شاخ ئاڵای کوردستانی بەرزکردەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی 1992 بەهاوبەشی لەگەڵ سۆسیالیست نەیتوانی بگاتە پەرلەمان، لەساڵی 1993دا لەچوارچێوەی حیزبی یەکگرتن دا چووە ناو پارتی، بەڵام تا ئێستا دووجار لە ئەورووپا دامەزرێنراوەتەوە.

بەختیار شەوکەت، دەیەوێ بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردووی خۆی لەنێو پاسۆک دا، کار بۆ لیستی YNDK بکات "پێموایە کاک غەفور و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی YNDKدرکیان بەگرنگی و بایەخی ئەو ڕابردووە کردووەو ژیرانەش وەڵامیان داوەتەوە، کاتی خۆی لەهەڵبژاردنی ساڵی 1992 وەک پاسۆک هەڵەمان کرد لەگەڵ لایەنی دیکەدا دابەزین، نەمانتوانی سەرکەوتن بەدەستبێنین، پاشان دەمانگوت خۆزگە بە تەنها دابەزینایە، ئەوکات دەتتوانی بڵێی لە قۆناخێکی مێژوویدا بیری نەتەوەیی ئەوەندە دەنگی هێنا". گوتیشی "ئەو تاقیکردنەوەیەی پاسۆک نەیکرد ئێستا YNDK دەیکات، ئازایەتی YNDK لەوەدا دەردەکەوێت کە سەربەخۆ دابەزیوە".



هاووڵاتییەک سەیری پۆستەرێکی دڕێندراوی لیستی YNDK دەکات لە هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (لڤین)دا دەڵێ، پاسۆکەکان لەگەڵ لیستی گۆڕاندان. ئەو لێدوانەی سالار عەزیز، بەختیار شەوکەت زۆر بێ تاقەت دەکات و وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو قسەیە دەڵێت "من کە ئەوەم خوێندەوە زۆر بێتاقەتی کردم، جارێ دەستەواژەکە زۆر منداڵانەبوو، مانای چی پاسۆکەکان؟ پاسۆکەکان چین؟ ئەمە کەی دەربڕینی ڕۆشنبیرانەیە، هەر هیچ نەبووایە لەبەرخاتری خوێنی سەتان شەهیدی بیری کوردایەتی و پاسۆک لە چەندین ساڵەی پڕ لە شانازیشدا کە پاسۆک پیاوی کەس نەبووە،نەدەبوو ئەو دەربڕینە ناشیرینەی بەکاربهێنابووایە. دەستەواژەی پاسۆکەکان بۆخۆی سوکایەتی پێکردنە". گوتیشی "من بڕواناکەم سالار عەزیز بۆ خۆی قەت پاسۆکی خۆش ویستبێت، کامیان پاسۆکیان خۆشویستوە، ئێمە وەک پاسۆک هەر ڕاو ڕاوێنمان لەگەڵدا دەکرا".

بەختیار شەوکەت گوتی نە خودی خۆی و نەهیچ ئەندامێکی دێرینی پاسۆک مافی ئەوەی نییە بەناوی پاسۆکەوە، بچێتە ناو هیچ لیستێکەوە، بەڵکو دەتوانێ بەناوی خۆیەوە بچێ " ئەو شەرعییەتە بە کەس نەدراوە، هەموو هاوبیران خۆشەویستی منن و لەسەر سەری منن و هەموویان تێکۆشەرن، دەتوانن بڵێن ئێمە وەک کۆمەڵێک لەهاوبیرانی پاسۆک نەک هەموو پاسۆک". بەختیار شەوکەت هەر لەوبارەوە گوتی"سەدان هاوبیرمان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان هەن و ئێستاش هەر پەیوەندیمان هەیەو بەردەوام قسەدەکەین، کەسیان لەگەڵ لیستی گۆڕان نین" .

بە بڕوای بەختیار شەوکەت ئەگەر ئێستا پاسۆک بمابایە یەکێک دەبوو لە لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن و دەچووە پەرلەمانیش و لە کوردستانیش حیزبی سێیەم دەبوو. ناوبراو باس لە هۆکارەکانی نەمانی پاسۆک دەکات و دەڵێت "بە هەڵەی مەکتەبی سیاسی لەو یەکگرتنەوە دەستی پێکرد لەنێوان پاسۆک و سۆسیالیستی ئەوکاتە. یەکگرتنەکە ڕای منی لەسەر نەبوو کە ئەوکات بەرپرسی مەڵبەندی هەولێرو ئەندامی سەرکردایەتی بووم، کاتی خۆی لەشاخیش هەوڵێکی وادرا، بەڵام ئازاد مستەفای سەرکردە قبوڵی نەکرد، ئەو یەکگرتنە کارێکی زۆری کردە سەر ڕیزەکانی پاسۆک و نەدەکرا بەو شێوەیە بکرێت. ئەو یەکگرتنە زیانێکی ئێجگار گەورەی لێدان. ئەو یەکگرتنە نەک هەر زیانی بە پاسۆک گەیاند، بەڵکو زیانی بەوانیش گەیاند، ئیتر ڕێککەوتنەکە پارتی گەلیشی هاتە سەرو نەیتوانی ئامانجە پیرۆزەکان بپێکێت و من وازم هێنا".



**سالار عەزیز سووکایەتی بە هاوبیرانی پاسۆک کردووە**

دوای کۆچی دوایی ئازاد مستەفا، کە سکرتێری پاسۆک بوو لە ساڵی 1989، پاسۆک بێ سکرتێر مایەوەو تەنانەت لە کۆنگرەی دووەمیشیاندا لە ساڵی 1991 لە قەلاچوالان، سکرتێریان هەڵنەبژارد، بەختیار لە بارەی نەبوونی سکرتێرەوە گوتی "لەناو ڕیزەکانی پاسۆکدا خۆشەویستی بێوێنە بۆ یەکتری هەبوو، لەناو پاسۆکدا شەڕ لەسەر ئەوە نەبوو کە کێ دەبێت بەسەرکردە، بەڵکو شەڕ لەسەر ئەوەبوو کە کەس ئامادە نەبوو ببێتە براگەورە، هەر یەک لەئێمە خۆی بەبرا بچووک دەزانی".

ئەو پێیوایە زۆر زەحمەتە لەو قۆناخەدا هەموو نەتەوەییەکان لە لیستێکدا کۆ بکرێنەوەو بەشداری هەڵبژاردن بکەن "خەڵکی نەتەوەیی لەکوردستاندا زۆر پاڵەپەستۆی ناجۆری لەسەرە، دوژمنانی کوردو بیری نەتەوەیی، بەردەوام پاڵەپەستۆ لەسەر خەڵکی نەتەوەیی دروست دەکەن، بۆیە ئێمە دەمانەوێت پلە بەپلە کاربکەین و ئامانجەکان بگەیێنینە جێگەی خۆی".

دوای بێ هیوابوون لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن دەگوترێت لیستی هیوا کە لیستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بوو، دەنگەدەنە YNDK، بەختیار لەو بارەیەوە گوتی "YNDK لەناو خەڵکە نەتەوەییەکاندا کاری خۆی کردووەو برەوی سەندووە، لیستی هیواش ئەگەر شان بەشانی یەکێتی نەتەوەیی کارو خەبات بکات، مانای وایە کارێکی زۆر زۆر سیحری و ئیجابی و دروستیان کردووە".



### لە 65 کورسی کەمتر بێنین ئەنجامێکی زۆر خراپە

**جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دڵنیایە کە ئەمجارەش لیستی پارتی و یەکێتی دەتوانێ ئەو زۆرینەیە لە پەرلەماندا بەدەستبێنێ کە بتوانن حکومەتی داهاتوو دروست بکەن.**

**هەڤپەیڤین: سەلام سەعدی و عەلی حەمە ساڵح**

### پێشتر یەکگرتوو رکابەری یەکەممان بوو ئێستا لیستی گۆڕانە



## جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی:

# مام جەلال و کاک مەسعود و کاک نێچیرڤان بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردن ناکەن

**رووداو: ئەم هەڵبژاردنە بۆ پارتی و یەکێتی جیاوازە لەهەڵبژاردنەکانی دیکە، ئەوە مایەی خۆشحاڵیتانە یان نیگەرانی؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان. ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەگەرمی پێشوازی لەهەموو کێبەرکێیەک دەکەین، نیگەران نین بە هیچ کێبرکێیەک، پێشووتریش کێبەرکێیەکی گەرم هەبووە، خەڵکێکی زۆر دەیەوێت ببێتە جێگرەوەی پارتی و یەکێتی، ئەمە مافی خۆیانەو ئێمە قەت لە کێبرکێ ناترسین. پارتی و یەکێتی وەک پێویستییەکی مێژوویی بوون، هاتوون خزمەت بکەن، ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕیاریدا پارتی و یەکێتی ناتوانن و خەڵکێکی دیکە دەتوانێت ئەوە بکات، ئێمە قبول دەکەین. ئێمە هیچ نیگەران نین نە بەرامبەر ئەم پرۆسەیە و نە هیچ پرۆسەیەکی دیکە، ئێستاش زۆر بەئاسایی و لەسەرەخۆ ئەم پرۆسە بەڕێوەدەبەین.

## ئەمجارەش بەدڵنیاییەوە لیستی کوردستانی دەتوانێ حکومەت دروست بکات

**رووداو: پێتوایە ئەم هەڵبژاردنە هیچ گۆڕانێک لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستاندا دروست بکات؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی نوێ بچێتە پەرلەمان و هەموو لیستەکان بەپێی توانای خۆیان ئەوەیان زۆر بەجدی وەرگرتووە کە خەڵکێک ببنە پەرلەمان لە ئەرکی پەرلەمان شارەزابێت و پەرۆشی ئەوەبێت کە بتوانێت لەوێ باشتر خزمەت بکات. تێبینیمان هەبوو لەسەر کاری پەرلەمان. من خۆم کاری خولی دووەمی پەرلەمان بەباش هەڵدەسەنگێنم، بەڵام هەموو پەرلەمانتارەکان چالاک نەبوون و ڕێژەی چالاکەکان ڕەنگە کەمتربێت، ئەمجارە دەمانەوێت ڕێژەی هەرە زۆر لە پەرلەماندا بەباشترین شێوە رۆڵی خۆی ببینێت، لایەنێکی دیکە ئەوەیە لەم پەرلەمانەدا بەرنامەو پەیام هەیەو هەموو قەوارەیەکی سیاسی هەوڵدەدات لە واقیعی سیاسی ئێستای کوردستان باشتر تێبگات، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی بتەوێت یان نا، مامەڵەیەکی سەردەمیانە لەگەڵ داوای خەڵک بکەی. پێویستی و داواکانی خەڵک زیادبوون، هەروەها داوایەکی یەکجار زۆر دەکرێت کە چاکسازی بکرێت و ئێمە ئەمانە بەباشی سەیر دەکەین و بەدڵنیاییشەوە دەبێت هەنگاوی کرداری بنرێت لە پەرلەمان و حکومەتدا بۆ ئەو مەبەستە.

**رووداو : وەک لیستی کوردستانی چاوەڕێی چ ئەنجامێک دەکەن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** گەشبینین بەئەنجامەکان و، تەماشای ئەوە دەکەین کە ئیستیحقاقاتی ئێمە چییە، زیاتر لەئیستیحقاقاتی خۆمان داواناکەین. ئێمە هەندێک ئیستیحقاقی مێژووییمان هەیەو، ئەوانە بە چەسپاو دەزانین و ئەوانی دیکە ئیستیحقاقی سیاسین دە وەستێتە سەر کاری ئێمە، ئەوانە لێکدەدەینەوەو گەشبینین بەرامبەر ئەنجامەکان، پێموایە ڕێژەیەکی باش بەدەستدێنین.

**رووداو: لەشارەکانی کوردستان راپرسی و رووپێوێکتان کردووە بۆ ئەوەی بزانن چەند کورسی بەدەستدێنن، بەپێی ئەو زانیاریانە و پێشبینییەکانتان، چاوەڕێی چەند کورسین؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** راستە راپرسی و رووپێومان کردوون، لە 65 کورسی کەمتر بێنین ئەنجامێکی زۆر خراپە.

**رووداو: واتە لیستی کوردستانی بەتەنیا دەتوانێت حکومەت پێکبێنێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** بەدڵنیاییەوە.

**رووداو: بڕیارێک هەیە کە ئەمجارە حکومەتی بنکە فراوان دروستنەکرێ و پارتی و یەکێتی بەتەنیا حکومەت پێکبێنن ئەگەر ئەو کورسیانەیان بەدەستهێنان؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** دۆسیەی حکومەت دۆسییەکی کراوەیەو، کراوەش دەبێت. بۆچوونی هەردوو سەرکردایەتی وایە، ئێستا لە بەرژەوەندی هەڵمەتی هەڵبژاردن دا نییە باسی دابەشکردنی دەسەڵات بکەین، لەبەرئەوە لیستێکی هاوبەشمان هەیە، حکومەت بەهاوبەش دەبێ و یەک کاندیدمان دەبێ بۆ سەرۆکی حکومەت، دۆسیەی حکومەت دۆسیەیەکی کراوە دەبێت. دوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لەچ جۆرە حکومەتێکدابێت، بنکە فراوان بێت یان تەنیا لیستی کوردستانی دروستی بکات، ئەوکات بەدڵنیاییەوە سەرکردایەتی لیستی کوردستانی بڕیارێکی شیاو دەردەکات.

**رووداو:واتە بڕیارێک نییە بۆ ئەوەی لیستی کوردستانی بە تەنیا حکومەت پێکبێنێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** نەخێر هیچ بڕیارێکی وا نییەو دۆسییەکە کراوەیە.

**رووداو: هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و ناوخۆ لە کۆنترۆلی پارتی و یەکێتیدان، چ گرەنتییەک هەیە کە توند وتیژی روونادات؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** پارتی و یەکێتی هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کە توند وتیژی روونەدات، توند وتیژی دیاردەیەکی ناشارستانییەو پێش ئەوەی زیان بەخەڵکی دیکە بگەیێنێت زیان بە یەکێتی و پارتی دەگەیێنێ . ئەگەر 10 منداڵت هەبێت و یەکێکی دیکە یەک منداڵی هەبێت، تۆ زیاتر دەتەوێت ناچەکە ئارام بێت، لەبەرئەوەی ژیانی 10 منداڵت لە ئەستۆدایە. دەزگاکانی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستان تاوەکو ئێستا ئەوەی لەناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستانە، خەڵک لەکاریان رازییە، دڵنیام ئەم داو ودەزگایانەی ئێمە دەتوانن رۆڵێکی زۆرباش ببینن لە ماوەی هەڵبژاردن دا. بەڕاستی مسداقیەتی ئێمە وەکو پارتی و یەکێتی لەوەدایە بەباشی لەو پرۆسەیە دەرباز ببین.

**رووداو:هەندێک لایەن هەر لە ئێستاوە باس لەوە دەکەن کە ئەگەری ئەوە هەیە لیستی کوردستانی پەنا بۆ ساختەکاری ببات؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دووڕوویی و درۆ زۆرە، لە بەغدا کاژێر 9ی بەیانی حیزبی زۆر گەورە سندوقی پڕکردووەو خەڵک چووە دەنگ بدات گوتوویانە سندوق نەماوە، رەوشی ئێمە لەناچەکانی عێراق باشتر بووە، راستە ڕێژەی ساختەکاری کەم بێت یان زۆر، هەر خراپە، بەڵام ئێمە نمونەیی نین، ئێمە ناتوانین بەیەک هەنگاو چارەسەری بکەین، هەموو قەوارە سیاسییەکان بەرپرسن، راستە ئێمە پشکی شێرمان هەیە و هەوڵی جدیش دەدەین ئەم جارە ئەو دیاردەیە نەمێنێت.



## توندوتیژی پێش هەمووان زیان بە پارتی و یەکێتی دەگەیێنێ

**رووداو : لیستی کوردستانی هەستدەکات لە چ شارێکی کوردستان لاوازە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** خاڵی لاوازی لیستی کوردستانی پارێزگای سلێمانییە، مونافسی بەهێزمان هەیە لەوێ، لیستی گۆڕان و لیستی چوار حیزبەکە، بەڵام ئەوە بەململانێیەکی شارستانی دەزانین و زۆر بەگەرمیش پێشوازی لێدەکەین. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامان و لایەنگرانی ئێمە خاو نەبن و چالاکتربن لەجاران و بەرنامەی باشتر پێشکەش بکەن. دەبێت لەو شوێنانەی لاوازین خۆمان بەهێز بکەین، بەرنامەشمان هەیە بۆ ئەمە کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە قەناعەت بە خەڵک بێنین.

**رووداو: هەندێ کەس دەڵێن سلێمانی بۆ لیستی گۆڕان دەبێت، تۆ چی دەڵێی؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** دڵنیام سلێمانی هی لیستی کوردستانییە، لیستی گۆڕان زیرەکانە کار دەکەن، بەڵام لە روانگەی چەندایەتی و چۆنایەتی و مێژووییەوە ئەو پێگەیەیان نییە ببنە رکابەرێکی زۆر بەهێزی لیستی کوردستانی. راستە بەهێزن و رکابەی ئێمەن، دان بەمانەدا هەمووی دەنێم، بەڵام ئەو ڕێژەی هەیە لە نێوان لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانیدا ڕێژەیەکی زۆرە.

**رووداو : لیستی گۆڕان و چوار حیزبەکە لە هەولێر و دهۆک دەتوانن کێبرکێتان لەگەڵ بکەن؟**

**جعفەر ئیمینکی:** لە هەولێر و دهۆکیش ململانێ هەیەو پێشتریش هەبووە، لە هەموو هەرێمی کوردستان جاری پێشوو یەکگرتووی ئیسلامی 145 هەزار دەنگی هەبوو، دڵنیام ئەمجارە کەمتر دێنن، لە هەڵبژاردنی رابردوودا ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبوو دەنگی دەدایە ئەوان، ئێستا زۆر لیستی ئۆپۆزسیۆن هەن، ئەو دەنگە بۆ ئەوانیش دەچێت و بۆ لیستەکانی دیکەش دەچێت، بۆیە ئێمە وەک لیستی کوردستانی هەموو شوێنێک بەجدی وەردەگرین.

**رووداو: باست لە دەنگی ئۆپۆزسیۆنەکان کرد، پێتوایە لیستی گۆڕان لە قاعیدەی یەکێتی دەبات یان هی ئیسلامییەکان یاخود هی هەموو حیزبەکان بەپارتیشەوە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** پەیامی لیستی گۆڕان رووی لە چوار حیزبەکەو یەکێتی و ئێمەیە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کاریگەرییان لەسەر یەکێتی دەبێت.

**رووداو:ئەگەر لیستی گۆڕان لە سلێمانی دەرچوو هیچ ئەگەرێک هەیە بۆ پێداچوونەوەی هاوپەیمانێتی لە نێوان یەکێتی و پارتی دا؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** هاوپەیمانییەتی یەکێتی و پارتی بەردەوام دەبێت، ئەنجامەکە بەهەر شێوەیەک بێت، چونکە ستراتیژییەو لەبەرژەوەندی نەتەوەو دۆزی نەتەوەی کوردە.

**رووداو: لەسەر ئاستی کوردستان لیستی گۆڕان مونافسی یەکەمی ئێوەیە یان لیستی چوار حیزبەکە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** پێشووتر مونافسی یەکەمی ئێمە یەکگرتوو بوو، بەڵام ئێستا گۆڕان بە پلەی یەکەم دێت و لیستی چوار حیزبەکە بەپلەی دووەم دێت.

**رووداو: لەسەرەتادا بەشێک لە پارتی گومانی ئەوەی هەبوو کە لیستی گۆڕان بەشێکی دیکەی یەکێتییە، ئێستاش ئەم گومانەتان هەیە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ڕێژەیەک لە کادیرانی ناو پارتی ئەو بۆچوونەیان هەبوو، ڕێژەی هەرە زۆری کادیرانی سەرکردایەتی ئەو بڕوایەیان نەبوو کە ئەمە تاکتیک بێت، چونکە هەندێک تاکتیک تەحەمولی ئەو رەوشە ناکات، خۆم یەکێکم لەوانەی کە پێشووتر و ئێستاش وای لێکدەدەمەوە کە ئەمە دیاردەیەکی زۆر جیدی نێو یەکێتییەو تاکتیک نییە، لەمێژیشە هەیەو نوێش نییە، زیانی گەورەش بە یەکێتی دەگەیێنێت، ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتی چارەسەرێکی هاوچەرخی بۆ نەدۆزێتەوە.

**رووداو: بەڵام لەچارەسەر دەرچووە و خۆیان یەکلایی کردووەتەوە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** بەڵام رێکخستنیان ماوە، خەڵکی زۆر هەیە لەنێو قاعیدەی یەکێتی خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەی، ئەوە بابەتێکی زۆر مەترسیدارەو داوای ئێمە ئەوەیە بەتایبەتی لەسەرکردایەتی یەکێتی زۆر بە دیراسەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسییەدا بکات، بۆ ئەوەی بەکەمترین زیان لێی دەرباز ببن.

## خاڵی لاوازی لیستی کوردستانی پارێزگای سلێمانییە

**رووداو: کە هاوپەیمانی ستراتیژیتان بەست لەگەڵ یەکێتی، ئەوکات باڵی ریفۆرم بەشێکبوون لە یەکێتی و لیستی گۆڕان نەبوو، هەندێک دەڵێن لیستی گۆڕان کەمتر لە 15 کورسی ناهێنێت، ئەگەر ئەمە بینێت پارتی هەست بە بەشخوراوی دەکات و پێیوایە زیانی کردووە لە هاوپەیمانێتی ئەمجارە لەگەڵ یەکێتی؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەوە راستە، یەکێک لەگەڵت هاوپەیمان بێت و ببێتە دووبەش هەست بەوە دەکەی کە تۆ زیانت پێگەیشتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتییە بەدەستکەوتێکی زۆر گەورەی ستراتیژی دەزانین، تەنانەت لەپێناوی ئەوەدا هەندێک زیانی دیکەش بە پارتی بکەوێت، تەحەمولی دەکەین.

**رووداو:پێتوایە لیستی گۆڕان چەند کورسی دەهێنێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** کەمتر لە 10 کورسی دەهێنن و ئەوپەڕی 10 کورسی دێنن.

**رووداو:بەپێی ریزبەندییەکەی تۆ، گۆڕان لەپێش چوار حیزبەکەوە بوو، واتە چوار حیزبەکە زۆر کەمتر لە 10 کورسی دەهێنن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** بەدڵنیاییەوە.

**رووداو:چەند؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** راپرسییەکان لە 7 کورسی زیاتریان نادەنێ.

**رووداو: پارتی و یەکێتی تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکیان لەبارەی سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانەوە داوە بۆ کامیان بێت؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەمە بەدڵنیاییەوە قسەو قسەلۆکن، ئەمە زیان بەهەڵمەتی ئێمە دەگەیێنێ کە هەمیشە باسی دابەشکردنی دەسەڵات و حکومەت بکەیت. دەنگدەر سەری لێدەشێوێت، ئێمە پێمان باشە باسی دەسەڵات و کورسی نەکەین، ئەمانە هەمووی بە دۆسیەیەکی کراوە باسی لێوە بکەین، بچین پەنا بۆ بەرنامە ببەین و کار لەسەر داواکانی دەنگدەر بکەین و کاربکەین چۆن حەزی دەنگدەر بۆلای خۆمان راکێشین و چۆن قەناعەت بە دەنگدەر بکەین. دڵنیام ئەمە بە دۆسییەکی کراوە تەماشا دەکرێ، سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی ئەوەندە ئەزموونیان هەیە و ئەو بابەتە قەت نەبووەتە گرفت کەکێ سەرۆکی حکومەت بێت و کێ جێگر بێت.

**رووداو: قسەی ئەوە هەبوو سەرۆکی حکومەت بەڵێنی بەچوار حیزبەکە دابێت جێگری سەرۆکی حکومەتیان بداتێ، ئەگەر ئەمە راستبێت واتە هاوپەیمانیان لەگەڵ دەکەن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** زانیاریم لەو بارەوە نییە، بەڵام ئەگەر جێگرێکی سەرۆکی حکومەتیان بدرێتێ باشە، بەڵام مەرج نییە سەرۆکی حکومەت یەک جێگری هەبێت، ئەو چوار حیزبە ڕێژەی باش بەدەستبێنن جێگرێکیان بدرێتێ ئەوە رێز گرتنە لەو دەنگدەرانە.

**رووداو: باس لەوە دەکرێت کە لیستی کوردستانی سێ لیژنەی باڵای بۆ هەرسێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک پێکهێناوە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و هێشتا دەست بەکار نەبوون، پێکهاتەی ئەو لیژنانە چۆنە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:**لە دهۆک کاک ئازاد بەرواری و کاک سەعدی پیرەن، لە هەولێر کاک فازڵ میرانی و کاک مەحمود محەممەد و کاک عەدنان موفتی سەرپەشتی دەکەن و کاک کۆسرەت لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی رۆڵی هەیە و لە هەردوو شار هاوکارییان دەکات. لە سلێمانی د.رۆژ و کاک عیزەدین بەرواری و د.بەرهەم و هەندێک برادەری دیکە.

**رووداو: جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتی تەواوی لیژنەکان دەکەن؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** لیژنەیەکی 10 کەسی لیژنەی باڵایە، کە سەرپەرشتی دەکات و ئەمانە دابەشدەبن لەسەر شارەکان، کاک نێچیرڤان لەناو لیژنەکەدا نییە و مام جەلال و کاک مەسعود راستەوخۆ لەناو هەڵمەتەکەدا نین و پشتیوانی مەعنەوی و سیاسی پێشکێشی لیستەکە دەکەن.

**رووداو : بۆچی نێچیرڤان بارزانی تێدا نییە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** کاک نێچیرڤان و عیماد ئەحمەد لەناو حکومەتدان، ئەم ماوەیەش حکومەت کاری خۆی بەڕێوەدەبات و حکومەتەکە هی هەموانە و نایانەوێت راستەوخۆ بێنە ناو هەڵمەتەکەوە.

**رووداو: هەواڵێک هەبوو پارێزگاری هەولێر و دهۆکیش لە لیژنەی شارەکەی خۆیان بن، بەڵام پارێزگاری سلێمانی لەبەرئەوەی لەلیستی گۆڕانەوە نزیکە لە لیژنەکە دانەنرا، ئەمە چۆنە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** وانییە، نابێت پارێزگار لەناو لیژنەی هەڵمەتەکاندا بێت، هەواڵەکە راست نییە، پارێزگار نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەت دەکات لەو ناوچانە، راستە وەزیر و سەرۆکی حکومەتیش دەتوانن لە دەرەوەی دەوام و داو ودەزگای حکومەت پشتیوانی لە لیستی خۆیان بکەن، بەڵام بۆ ئێستا قورسە، باشترە بارگرانی بۆ حکومەت دروست نەبێت.

## لەوانەیە سەرۆکی حکومەت چەند جێگرێکی هەبێت و پێم باشە یەکێکیان بدرێتە چوار حیزبەکە

**رووداو: سەرۆکایەتیکردنی لیستی کوردستانی لەلایەن د.بەرهەم ساڵحەوە بۆ ئەوەیە بێتەوە کوردستان یان بۆ هەڵمەتی راگەیاندنە؟**

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەوە مافی یەکێتی و پارتییە سوود لەهەموو کادیرێکی خۆیان وەربگرن. د.بەرهەم لەهەموو شوێنێک زۆر پێشوازی گەرمی لێدەکرێت و لەبەغداش شوێندەستی دیارەو لیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆر پشتیوانی لێدەکات لە بەغدا و جێی شانازییە. ئێستا هەموو کارکردنمان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگە.


لایەنگرێکی لیستی کوردستانی
(فۆتۆ:AFP)

# هونەر و هەمەجۆر

## دووبارە داوای گەڕانەوە لە شڤان دەکرێت



رووداو-ئەنقەرە
وەزیری رۆشنبیری و گەشتوگوزاری تورکیا ئۆتوگرول گونەی داوای لە هونەرمەندی ناسراوی کورد شڤان پەروەر کرد بگەڕێتەوە تورکیا. گونەی لەمبارەیەوە لە لێدوانێکی رۆژنامەڤانیدا گوتی "هیوادارم شڤان بگەڕێتەوە ولاتەکەی خۆی ئەو کاتە منیش دەچم بۆ کونسێرتەکانی". لە پاش داوای چەند مانگ لەمەوبەری سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەییب ئەردۆغان، ئەوە دووەم جارە بەرپرسێکی تورکی داوای گەڕانەوە لە شڤان دەکات، بەلام تا ئێستا شڤان وەلامێکی ئەرێنی ئەو داوایانەی نەداوەتەوە.

## لیستەکان پەنا بۆ گۆرانیبێژان دەبەن

# "گۆرانی لیستەکان گوللەی موختارکوژن"

**رووداو- هەولێر**

دلێرگەرمیانی وەک یەکێک لە گۆرانیبێژەکانی هەولێر لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە گۆرانییەک کە لایەنگری لیستی کوردستانی دەکات پشکداری ئەو هەڵمەتە دەکات و پێیوایە ئەو ریکلامە هیچ کاریگەری نابێت لەسەر نێوبانگەکەی و دژایەتی هیچ لیستێکیشی نەکردووە "ئەوە مەسەلەیەکی مەبدەئی و بیروباوەڕە، من کێشەم لەگەڵ جەماوەر نییە، جەماوەر بۆ خۆی ئازادە دەنگ بە کێ دەدات".

گەرمیانی دەڵێت راستە هەردوولا حیزبی دەسەڵاتدارن و زۆرینەی حکومەت و پەرلەمانن، بەڵام کاریان کردووەو خزمەتگوزاری و نۆژەنکردنەوەیان لە کوردستاندا کردووە، گوتیشی "لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو شتانەی پێویستە بکرێت نەکراوە،گەندەڵی لە هەموو رووێکەوە هەیە".

هەروەها گوتیشی "من وەک هاندەری لیستی کوردستانی، خەریکم گۆرانییەک بۆ کاک مەسعود کە پاڵێوراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تۆمار بکەم".

گۆرانی گوتن بەسەر لیستەکان دا، لە کوردستان لە هەڵبژاردنی 1992یش دا هەبوو، ئەمجارەش لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕان و، لیستی دیکەش پەنایان بۆ بردووە.



### گۆرانی بۆ لیستێک بڵێم زۆر باشترە لەوەی بچم ریکلام بۆ کۆمپانیایەک بکەم

دلێر گەرمیانی

گەرمیانی دەڵێ هەموو گۆرانیبێژەکان ئازادن ریکلام بۆ چ لیستێک دەکەن و نابێ هیچ لایەنێک دژایەتی ئەو گۆرانیبێژانە بکات، چونکە ئەوە حاڵەتێکی دیموکراتییە و لەهەموو دونیادا باوە. گەرمیانی ئەو رایەش رەتدەکاتەوە کە زۆربەی گۆرانیبێژەکان دەڵێن نایانەوێ پابەندبن بە حیزبێکەوە " گۆرانی گوتن بۆ لیستێک زۆر لەوە باشترە بۆ نموونە بچم ریکلام بۆ ئاسیاسێل بکەم، من ریکلام بۆ لایەن و حیزبێک دەکەم کە لە بەرژەوەندی ئایندەی گەلی کوردستاندا بێت"، گوتیشی "حەز لە ریکلام ناکەم بۆ کەرتی تایبەت چونکە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی هونەرمەند".

گۆرانییەکەی دلێر گەرمیانی کە لە هۆنراوەی خۆی و ئاوازی هۆگر سەعیدە، لەلایەن یوسف لەشکری کاری کلیپی بۆ کراوە و بە هاوکاری موزیکژەنەکانی تیپەکەی تۆماری کردووە، ئەوەی رەتکردەوە بە فشار و هاندان ئەوەی کردبێ " بەبێ هیچ فشار و هاوکارییەک ئەو گۆرانییەم بەرهەمهێناوە، لەسەر ئەرکی خۆمە، داوای هیچیشم نەکردووە".

لەدوای ئەوەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رۆژی 2009/6/22ی وەک دەستپێکی پروپاگەندەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی لیستە بەشداربووەکانی پەرلەمانی کوردستان راگەیاند، جگە لەبڵاوکردنەوەی بەرنامە و لۆگۆی لیستەکان لە میدیاکانی کوردستان، هەندێک لەلیستەکان پەنایان بردووەتە بەر بڵاوکردنەوەی گۆرانی پروپاگەندەیی بۆ لیستەکانیان.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ خالید رەشید، کە چەندان ساڵە نیشتەجێی سوێدە، لەبارەی بەکارهێنانی گۆرانی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، گوتی ئەو حاڵەتە لەمێژووی هەموو جیهاندا هەبووە و هەر دەمێنێت و ئەوە پەیوەندی بە کولتورەکانەوە نییە. لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی سیستمە جیاوازەکانی جیهان هەموو کات گۆرانیان کردووەتە شێوازێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆیان. گوتیشی "ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی تۆ چەند باوەڕت بە هونەرەکەی خۆت هەیە کە لە کوێ بیفرۆشیت و لەکوێ هەرزانفرۆشی بکەی".

خالید ئاماژەی بەوەکرد کە "یەکێک لەکێشەکانی بواری رۆژنامەگەری کوردی تێکەڵاوکردنی هونەرمەند و گۆرانیبێژە". گوتیشی ئەوانیش ناتوانن داوا لە هەموو کەسێک بکەن کە هونەرمەند بێت، چونکە بوون بە هونەرمەند باجی زۆری دەوێت "ئێستا رۆژنامەنووسەکان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە و رۆشنبیریان نییە کە تێبگەن هونەرمەند و گۆرانیبێژ و موتریب و چاوەش جیاوازن، کەچی هەمووی تێکەڵکراوە".

خالید دەڵێت "ئەو گۆرانیبێژانە نەهاتوونەتە گۆڕەپانەکە کە هەڵوێستی هەبێت، هونەرمەند ئەوکەسەیە کە هەڵوێست وەردەگرێت لەسەر مەسەلەکان و باجی گەورەش لەسەر هەڵوێستەکانی دەدات".ئەو زۆر جەخت لەسەر جیاکردنەوەی گۆرانیبێژ لەگەڵ هونەرمەند دەکات بەو رادەیەی گوتی "بەداخەوە ئێمە گۆرانیبێژمان زۆرە، بەڵام هونەرمەندمان نییە".

خالید رەشید دەڵێ، هەندێ گۆرانیبێژ هەر زۆر پێیانخۆشە داوای گۆرانییەکیان لێبکرێت "ئەوانە هەر زۆریان پێخۆشە کە داوایان لێبکرێت ئەو کارە بکەن، چونکە لای ئەوان بەو کارە کەسابەتێک و نانێکیان دەستدەکەوێت وقازانجێک دەکەن لەو کارە".

گۆران حەمید باخەوان، خاوەنی نووسینگەی ئایندە بۆ کاروباری هونەری لە هەولێر پێیوایە ئەو کارەی گۆرانیبێژەکان دەیکەن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دەنگ کۆکردنەوەی بۆ لیستەکان نابێت و، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا خەڵک هۆشیاربوونەتەوە و پێویستیان بەخزمەتگوزاری و باشترکردنی ژیانیان هەیە نەک گوێ لەگۆرانییەک رابگرن کە بەسەر لیستێکدا هەڵدەڵێ، بەڵکو گوتی "ئەوە پارە سەرفکردنێکی بێسوودە کە هەندێک لە لیستەکان پەنایان بۆ بردووە".

خاوەنی نووسینگەی ئایندە گاڵتەی بەو شێوە ریکلامە دێت ودەڵێ " ئەوە وەکو گوللەی موختارکوژ وایە، دەڵێن ئەوە ئەوهونەرمەندەشیان بە پارە کڕی، خەڵک پێویستی بەو جۆرە گۆرانییانە نەماوە لەو سەردەمە و گوێی پڕ بووە لە دروشم و وادەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئێستا خەڵک شتی بە کردەوەی دەوێت".



### ئەوە کەسابەتە و هونەرمەند ئەوە ناکات

خالید رەشید

## دەشنێ:

# بۆچی هەر باسی من دەکەن وباسی رۆژین ناکەن کە بە سک رووتی گۆرانی دەڵێ

**رووداو-هۆڵەندا**

گۆرانیبێژ دەشنێ موراد دەڵێ لە سەرەتای چوونی بۆ هۆڵەندا زۆر بە ئاسانی نەیدەتوانی خۆی لە گەڵ ژیانی ئەو وڵاتەدا بگونجێنێ.

دەشنێ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رادیۆی کوردۆنیا، کە رادیۆیەکی کوردییەو تازە لە هۆڵەندا دامەزراوە، گوتی ئەو بەمنداڵی لە کوردستان ژیانێکی زۆر خۆشی هەبووە کە هەموو منداڵێک خەونی پێوە دەبینێ،

### هەندێ خەڵک پێیانوایە گۆرانییەکانم زۆر سێکسی و رووتن

گوتیشی "یەکەمجار کە گەیشتینە هۆڵەندا لە گوندێک دەژیاین، کە لەگەڵ دایک و باوکم دەگەڕاین خەڵک بە چاوێکی وا سەریریان دەکردین وەک ئەوەی بیانەوێ بڵێن :تەماشاکەن ئەوانە بیانین لە شارۆچکەکەمان. بەڕاستی ژیانێکی سەخت بوو".

دەشنێ خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە لەنێوان دوو کولتووری کوردی و هۆڵەندی گەورەبووەو دەیەوێ سوود لە شتە باشەکانی هەردوو کولتوورەکە وەربگرێت، بەڵام دەشنێ دەڵێ " لە هەڵسوکەوتدا من زیاتر خۆم بە هۆڵەندی دەزانم". دەشنێ ئاماژە بەوە دەکات کە دایک و باوکی زۆر پێشکەوتووخوازن و زۆر یارمەتی ئەویان داوە" دایک و باوکم لە رێگەی منەوە دەیانەوێ بڵێن پێویستە ژنی زیاتر لە بواری راگەیاندن کاربکەن".

لەبارەی ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەلبوومەکەی و ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیر دەکرێن، بەوەی ئاوازەکان عەرەبین، دەشنێ هەڵکەوت بە ئاوازدانەرێکی "زۆر باش" دەزانێ و سوپاسی هاوکاریشی دەکات " هەندێ خەڵک دەڵێن ئەو ئاوازی عەرەبی دروست دەکات، بەڵام من پێموایە ئەگەر میوزیکەکە باش بێت گرنگ نییە ئاوازەکەی چییە، چونکە میوزیک زمانێکی جیهانییە".

دەربارەی ئەو رەخنانەی لە گۆرانییەکانی دەگیرێن و هەندێ خەڵک پێیوایە تێکستی گۆرانییەکانی و جلوبەرگ ودانسەکەی زۆر وروژێنەرن، دەشنێ دەڵێ بۆچی ئەو هەرایە تەنها لەسەر ئەو دروستبووە لەکاتێکدا پێش ئەویش گۆرانیبێژی دیکەی کورد شتی وایان کردووە" هەندێ خەڵک پێیانوایە گۆرانییەکانم زۆر سێکسی و رووتن، بەڵام بۆچی تەنها ئەو قسانە لەسەر من دەکەن،خۆ من تاکە گۆرانیبێژی کورد نیم ئەوەم کردبێت. گۆرانیبێژی پیاومان هەیە هەمان تێکستی منی بەکارهێناوەو ژنیش لە گۆرانییەکانی دانس دەکەن. لە گۆرانیبێژانی ژنیش تەماشای رۆژین بکەن لە گۆرانی هێژایە هێژایە کە سکی رووتەو باسی ئەو پیاوانە دەکات کە ئەویان دووگیان کردووە و پیاوەکانیش لە دواوە دانسی لەگەڵ دەکەن. تەماشای لەیلا فەریقی بکە لە گۆرانی (انا ×بیە من کوردستان) چۆن لەگەڵ گرووپێکی کچان دانس دەکات یان ناتالیا لە کەنەدا، کەواتە زۆر کچ پێش من دەستییان پێکردووە، بەڵام نازانم بۆچی ئەو هەرایە هەر لەسەر من هەیە".

### دەشنێیەکی دیکەم لە هۆڵەندا دۆزیوەتەوە

دەشنێ ئاشکرای دەکات جگە لە پێێشکەشکردنی بەرنامەی (دەشنێ شۆ) لە تەلەڤزیۆنی کوڕەک، ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی دیکەیە و بۆ ئەو بەرنامەیەش کچێکی 17 ساڵی لە هۆڵەندا دۆزیوەتەوە کە ئەویش هەر ناوی (دەشنێ) یە " کچێکی زۆر بە توانایە و پێشکەشکارێکی زۆر باشیشە". دەشنێ وەک خۆی گوتی خەریکی ئامادەسازییە بۆ ئەنجامدانی چەند کۆنسێرتێک لە کوردستان و بەشداریکردن لە فیلمێکی کوردی دا.



# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

**کاوڕ**
Mar 21–Apr 19
کاتێکی باشە بۆ بیرکردنەوەی زیاتر، هەوڵبدەن زیاتر لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان خۆتان بگونجێنن. هەرچەندە پێویستە دەبێت خەرجییەکی زیاتر بکەن لە جاران، بەڵام دەسکەوتیشتان زیاتر دەبێت.

**گا**
Apr 20–May 20
ئێستا کاتی بەختەوەریتانە، هەوڵبدەن رەشبینیەکانتان بشارنەوە و بە رووخسارێکی دیکە بۆ چواردەورەکەتان دەربکەون، ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گۆڕانی راستی لە ژیان.

**جمک**
May 21–Jun 21
هەموو کارەکان باش بەرێوە دەچن، بەڵام هێشتا رەشبینن بەرامبەر بە دوا ئەنجامەکان، لەلایەنی سۆزدارییەوە پەستانتان لەسەر دەبێت، وا هەستدەکەن سۆزدارەکانتان گرنیدان بە ئێوەیان

**قرژاڵ**
Jun 22–Jul 22
سەرجەم کارەکان پەرش وبڵاوبوونەتەوەو، ئاڵۆزیەکی لە بیرکردنەوەتاندا دروستکردووە، باشتر وایە پێش ئەوەی دەست بە کاری نوێ بکەن کارە ناتەواوەکان رێکبخەنەوە و تەواویان بکەن.

**شێر**
Jul 23–Aug 22
کاتێکی گونجاوە بۆ کارکردن بە تایبەت ئەو کارانەی پەیوەندییان بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیتانەوە هەبێت، چونکە بە شێوەیەکی گەورەتر دەکەونە بەرچاو و بەخت هاوکاریتان دەکات.

**گوڵەگەنم**
Aug 23–Sep 22
گرنگی بەوە مەدە کێ گرفتت بۆ دروست دەکات، ئەوە گرنگە بتوانیت خۆت بپارێزیت و گرفتەکان بچووک بکەیتەوە، ئەوە بەرەو سەرکەوتنت دەبات و کێشەکان هێور دەکاتەوە.

**تەرازوو**
Sep 23–Oct 23
پەیوەندییەکانتان لەگەڵ دەرەوەی وڵات بەهێز دەبێت، هەندێکتان دەتوانن سەفەری دوور بکەن، کاتێکی باش دەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی لەگەڵ هیواو ئاواتتان دەگونجێت.

**دووپشک**
Oct 24–Nov 21
ئەم ماوەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن بە هۆی جێگیربوونی بواری سۆزداریتان، لە هەموو کات و هەنگاوێکتاندا رووبەڕووی کەسانێک دەبنەوە کە تەواو سەرنجتان رادەکێشن بۆخۆیان.

**کەوان**
Nov 22–Dec 21
لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە دڵنیایی دەکەن، بەخت بە شێوەیەکی باشتر لە جاران هاوکاریتان دەکات، لە بواری سۆزدارییەوە زۆر نیشانە هەیە، بەڵام ئەنجامەکان بە هەڵواسراوی دەمێننەوە.

**کارژۆلە**
Dec 22–Jan 19
گرنگی تەواو بە باری دەستکەوتتان بدەن، کات گونجاوە دەرامەتتان زیاد بکات، لە چەندین جێگا رووبەڕووی کاری نوێ و دەسکەتی نوێ دەبنەوە، دەتوانن گونجاوترینیان هەڵبژێرن.

**سەتڵ**
Jan 20— Feb 18
کاتێکی باشە بۆ ئەوەی هەموو تواناتان بەگەڕ بخەن، ئەم ماوەیە زیاتر بڕوا بخەنە سەر خۆتان و هەوڵەکانتان و چاوەڕوانی کتوپڕی مەکەن، پەیوەندییەکی کتوپڕتان پێوە دەکرێت.

**نەهەنگ**
Feb 19–Mar 20
ئەو داواکارییە قورسانە لە خۆشەویست و ئازیزانتان مەکەن کە توانای جێبەجێکردنیان نییە، بەڵام لەباری دەروونییەوە هەست بە کەشێکی نوێ دەکەن.

# شای پۆپ 500 ملیۆن دۆلار قەرزدارە



**رووداو-CNN**

رۆژی 2009/6/25 شای میوزیکی پۆپ هونەرمەندی جیهانیی مایکل جاکسن لە تەمەنی 50 ساڵیدا کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.

هەرچەندە کۆچکردنەکەی بووەتە جێی مشتومڕو هەندێک راپۆرت باس لەوە دەکەن مایکل بە بەردەوامی دەرمانی ئازارکوژی خواردووە لەوانە Demerol، دەڵێن چەند کاژێرێک بەر لەمردنیشی پزیشکە تایبەتییەکەی دەرمانەکەی زیاد لە پێویست پێداوە کە نزیکە لە ماددەی بێهۆشکەری مۆرفین، بەڵام هێشتا بە تەواوی هۆکاری مردنی ئەو گۆرانیبێژە دیارنییە وبەپێی لێدوانی پزیشکان توێکارییەکەی چەند هەفتەیەک دەخایەنێ.

مایکل جاکسن لە 1958/8/29 لە شاری گاری لە ویلایەتی ئیندیانای ئەمەریکا لە دایکبووە. یەکێک لە بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی ئەمەریکا وجیهان بوو بەتایبەتی لە ساڵانی 1980– 2000. نزیکەی 40 ئەلبومی گۆرانی هەیە وسەدان ملیۆن دۆلاری بەهۆی بەرهەمەکانی دەسکەتووەو لە رێگەی کۆنسێرتەکانییەوە هاوکاری دارایی چەند رێکخراوێکی خێرخواز کردووە. بڕیار بوو لە مانگی داهاتووەوە دوای ماوەیەک بێدەنگی زنجیرە کۆنسێرتێک لە پێتەختی بەریتانیا لەندەن سازبکات.

لە چەند رۆژی رابردوودا لە سەرتاسەری دنیا هەوادارانی مایکل جاکسن پرسەیان بۆ گێڕا وبووە هەواڵی ژمارە یەکی زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی جیهان. مایکل بە شێوەی ژیانی سەرنجڕاکێشییەوە ناسرابوو کە بەشێوەیەکی خەیاڵی پارەی خەرج دەکرد وبەم هۆیەشەوە پتر لە 500 ملیۆن دۆلار قەرزارە.



جاکسن لە چەندین ئاهەنگی لە دایکبوونی نیلسۆن ماندێللا بەشداریکردووە (فۆتۆ:AFP)

## تاراوگە

### کوردێک لە گوانتانامۆ ئازاد دەکرێت



**رووداو-ئەمەریکا**
رۆژی 2009/6/22 دادوەرێکی فیدراڵی ئەمەریکی فەرمانیدا کوردێکی سووریا بەناوی (عەبدولرەحیم عەبدولرەزاق جەنگۆ) ئازاد بکرێت، کە حەوت ساڵە لە زیندانی گوانتەنامۆ بەندکراوە. رۆژنامەی (واشنتن پۆست) رایگەیاند جەنگۆ لە ساڵی 2000 لە ئەفغانستان لەلایەن قاعیدەوە دەستگیرکراوەو ئەشکەنجە دراوە، چونکە گومانیان لێکردووە سیخوڕی ئەمەریکابێت، بۆیە بۆ ماوەی 18 مانگ لای تاڵیبان زیندانی کراوە. جەنگۆ لە ساڵی 2001وە بەهەڵە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لە ئەفغانستان دەستگیرکراوە و لەو کاتەشەوە لە بەندیخانەی گوانتانامۆ زیندانییە. دادوەر ریتچارد جەی لیۆن لە پاڵ فەرمانی ئازادکردنی،داواشیکرد حکومەتی واشنتن وڵاتێکی نوێ بۆ جەنگۆ بدۆزێتەوە، چونکە ناوبراو ناتوانێت بگەڕێتەوە سووریا.

# کوردانی ئوردن ئەنجوومەنێکی عەشایری پێکدەهێنن



### لەبەر نێوبانگی باشی کورد لە ئوردن، خەڵکێک هەیە دەیەوێت لە ژێر پەردەی نازناوی کوردییەوە شانازییەک بۆ خۆی دروست بکات

عەبدولوەدود کوردی

**رووداو- عەممان**

هەفتەی رابردوو چەندین کەسایەتی کوردی نێو کۆمەڵگەی ئوردنـــی کۆبوونەوەیەکیان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی عەشـــایری کوردی ئەنجامدا.

وەک هەنگاوێک بۆ کۆکردنەوەی تەواوی ئەو ئوردنیانەی‌کە رەچەڵەکیان‌کوردە ووەڵاتینامەی ئوردنیان هەیە، چەند کەسایەتییەکی ناسراوی کـــوردی کۆمەڵـــگەی ئوردنی بە هـــاوکاری کۆمەڵـــەی ســـەلاحەددین ئەیوبـــی، کەوتنە کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی عەشایری کوردی).

لەمبارەیـــەوە عەبدولـــوەدود کـــوردی، کە ســـەرمایەدارێکی کورد و ئەندامی دەســـتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیوبییە، بە (رووداو)ی راگەیاند" ســـاڵ بەساڵ ژمارەی دانیشتووانی ئوردن بەرێژەیەکی بەرچاو بەرەو زیادبوون دەچێت، بۆ پاراستنی تایبەتمەندی نەتەوەیی کـــوردی ئـــوردن هەوڵدەدەین ئەو تایبەتمەندیانە لە چوارچێوەی ئەنجوومەنێکی عەشایری کوردی دا بپارێزین".

بەپێـــی مەزەنـــدەی ئەندامێکـــی لێژنەی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی عەشایری کوردی لە ئوردن، ژمارەی کوردانی ئوردن لە ســـەرووی 60هەزار کەسەوەیە، کەسایەتییە کوردەکانیش لە ناو کۆمەڵگەی ئوردنیدا خەڵکی ناسراویان لێهەڵکەوتـــووەو لەلایـــەن تێکـــڕای خەڵکی ئوردنەوە جێی رێزن، چەندانیان گەیشتووەنەتە پایەی بڵندی حکومی، ئێستاش بنەماڵەی عەلی سەیدۆ کوردی، کە لە سەردەمی عوسمانییەکان لـــە ســـاڵی 1860 لە دیاربەکـــرەوە چوونەتە ئـــوردن، یەکێکن لە بنەماڵە هەرە ناســـراو و دەوڵەمەندەکانی ئوردن.

عەلی سەیدۆ گۆران، یەکێکبووە لە دارێژەرانی دەستووری ئوردن و یەکەم وەزیری پەروەردەی ئوردن، هەروەهـــا ئەو بنەماڵەیە بۆ یەکەمجار تراکتۆری بردە ئوردن و کشـــتوکاڵی ئوردنی پێشخست.

عیناد کوردی، کە وەک وتەبێژی ئەنجوومەنی عەشـــایری کوردی دیاریکراوە بـــە (رووداو)ی راگەیاند کە " کوردی ئـــوردن پێگەیەکی زۆر بەهێزیان لـــە نێو دامـــەزراوە دەوڵەتییەکانی ئوردندا هەیە و بەشێکن لە سیستەمەکە و رێز و قورسایی خۆیان هەیە، شوێن دەستی کورد لـــە دامەزراندن و ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتەدا دیارە".

عەبدولوەدود کـــوردی جێگری بەڕێوەبەری گشـــتی گرووپی کوردییە، کـــە خاوەنی چەند ناوەندێکـــی بازرگانـــی گەورەیە لـــە ئوردن و سعودیە . لە عەممان مۆڵەکانی وەک مەککەمۆڵ و عەبدون مۆڵیان هەیە و بازرگانی لەگەڵ وڵاتان دەکەن و، ئێســـتاش پرۆژەی دروســـتکردنی گەورەترین ناوەندی نیشتەجێکردنیان بەناوی Green Land لە ژێر دەستدایە، ئەو بازرگانە داینەمۆی پرۆژەی کۆکردنەوەی کوردانی ئوردنە لە چوارچێوەی ئەنجوومەنێکی عەشایری دا.

عەبدولـــوەدود، کە ســـاڵی رابـــردوو کچە شاعیری سلێمانی کەژاڵ ئەحمەدی خواست و ئێستا لە ئوردن پێکەوە دەژین، لەبارەی هۆی کۆکردنەوەی کوردانی ئوردن لە ئەنجوومەنێکی بەو ناوەدا گوتی" تایبەتمەندی عەشیرەتگەری لە ئوردن تایبەتمەندییەکی باشە نەک خراپ، عەشیرەت بەشێکە لە سیســـتەمی دەوڵەت، بە یاســـا هەنـــدێ ئیمتیازی پێـــدراوە، وەک کورســـی خوێندن و پۆستی حکومی و پێگەی کۆمەڵایەتی، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ پشتیوانی لە پێکهاتنەوەو سوڵحی عەشایری دەکات و بە بەشێکی یاسایی دادەنێت".

عیناد کوردیش لەبارەی جیاوازی کۆمەڵەی سەلاحەددین و ئەنجوومەنی عەشایری کوردی روونکردەوەی دا و گوتی" کۆمەڵەی سەلاحەددین تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی هەیە و، لەساڵی 1972 دامەزرا، ئـــەو دەزگایە ئامرازێک بوو بۆ گەیاندنی کۆمەک و دەســـتی یارمەتی بۆ ئەو کوردانەی ئاستێکی بژێوی باشیان نییە، بەڵام



### لە داهاتوودا داوای کورسی پەرلەمانیش دەکەین

عیناد کوردی
وتەبێژی ئەنجومەنی عەشایری کوردی

ئێستا لەسایەی فرەوانبوونی کۆمەڵگەی ئوردنی کـــە لە هەموو شـــوێنێکەوە روویان تێکردووە دەبـــێ کوردیش لـــە چوارچێوەیەکی بەهێزتر خۆی رێکبخاتەوە بۆ ئەوەی مافەکانی پارێزراو بێت، لەوانەیـــە لە داهاتوودا داوای کورســـی پەرلەمانیش بکەین".

یەک لە کارەکانی ئەنجوومەنی عەشـــایری تۆمارکردنـــی ناوی هەموو کوردانی ئوردنە لەم ئەنجوومەنە، بەپێی قسەی عەبدولوەدود هەموو کەســـێک لەم ئەنجوومەنـــە وەرناگیرێت تا بە بەڵگە نەیســـەلمێنێ کە کوردە و گوتی"کورد نێوبانگێکی باشیان لە ئوردن هەیە، خەڵکێک هەیە لەوانەیە بەرەچەلەک کوردیش نەبێ، بەڵام دەیەوێت لە ژێر پـــەردەی نازناوی کوردییەوە شانازییەک بۆ خۆی دروست بکات و چەترێک پەیدا بکات، بەڵام ئێمە هەموو کەسێک بەکورد دانانێین تا لێی دڵنیا نەبین".



کۆمەڵەی خێرخوازی سەلاحەددین ئەیوبی لە عەممان

(فۆتۆ: رووداو)

LG
Life's Good





ئامێرێکی هەواسازی LG بکرە و ئۆتۆمبێلێک بەدەستبێنە

هیونداي إلنترا 2009
17ی تەمموز رۆژی تیروپشکەکەیە

LG Customer Service
One call does it all
07702647319

DER
شركة الزيان التجارية
تاکە بریکاری دابەشکردنی ئامێرەکانی LG لەعێراق

شەقامی ئیسکان بەرامبەر مزگەوتی حاجی بەکر زێرینگر
http://www.lg-iraq.com

# کاروباری ژنان



**ڕووخاو خۆی سووتاند**

**ڕووداو- قوشته‌په‌**
سه‌رچاوه‌یه‌ک له‌ پۆلیسی ناحیه‌ی قوشته‌په‌ به‌(ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند، ڕۆژی 2009/6/24 کچێک به‌ناوی (ڕووخاو جه‌بار) 20ساڵ، کچی ماڵه‌وه‌، له‌ گوندی شێخانی سه‌ر به‌ قوشته‌په‌ خۆی سووتاند. ڕووخاو به‌ ڕێژه‌ی 100 %سووتا بوو، بۆیه‌ به‌ر له‌وه‌ی بگاته‌ نه‌خۆشخانه‌ گیانی له‌ده‌ستدا، دایک و باوکی ڕووخاو له‌ ئیفاده‌ی پۆلیسدا ده‌ڵێن 'کچه‌که‌مان چه‌ند ساڵێکه‌ تووشی نه‌خۆشی ده‌روونی بووه‌و که‌م عه‌قڵ بووه‌ بۆیه‌ خۆی سووتاند".

# 117 ژن له‌ساڵی 2008 له‌ کوردستان کوژراون

## ئه‌مساڵ 22 ژن کوژراون یان خۆیان کوشتووه‌





**سۆران به‌هائه‌دین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هه‌ولێر**

دوای ئـــه‌وه‌ی به‌چـــاوی خـــۆی ده‌بینێت خێزانه‌که‌ی له‌گه‌ڵ پیاوێکدا ڕاده‌بوێرێت، خ.ع 65 ساڵ، بێجگه‌ له‌کوشتن بیر له‌هیچی دیکه‌ ناکاته‌وه‌، دوای 30 ساڵ پێکه‌وه‌ ژیان، (خ) به‌ تاوانی کوشـــتنی هاوسه‌ره‌که‌ی چووه‌ زیندان، ئێستا (خ) حوکمه‌که‌ی ته‌واو کردووه‌و ده‌ڵێت "به‌چاوی خۆم بینیم خیانه‌تی سێکسی لێکردم، بۆیه‌ به‌ر گولله‌مدا، هه‌رگیز په‌شیمانیش نیم، ئه‌گه‌ر ئێستاش زیندوو بێته‌وه‌، ده‌یکوژم".

به‌گوێـــره‌ی ئه‌و ئامارانـــه‌ی بڵاوکراونه‌ته‌وه‌ کوشـــتنی ژنـــان ڕوو لـــه‌ که‌مبوونه‌وه‌یـــه‌، شاره‌زایانیش هۆکاری بۆ ئه‌وه‌ ده‌گه‌ڕێننه‌وه‌ که‌ جگه‌ له‌ هه‌وڵه‌کانی حکومه‌ت که‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی تایبه‌تی پۆلیسی بۆ به‌دواداچوونی توندوتیژی کردووه‌تـــه‌وه‌و، جیاواز لـــه‌ حکومه‌تی عێراق ئێســـتا له‌ کوردستان کوشتن له‌سه‌ر شه‌ره‌ف به‌ تـــاوان داده‌نرێ، خه‌ڵک به‌هۆی ده‌زگاکانی ڕاگه‌یاندن و ڕێکخراوه‌کان و مامۆستایانی ئاینی وشیار بووه‌ته‌وه‌. ئێستا به‌ پێچه‌وانه‌ی جارانه‌وه‌ ئه‌گه‌ر ژنێک بکوژرێت، که‌ســیش سکاڵا تۆمار نه‌کات، به‌دواداچوونـــی ڕووداوه‌که‌ ده‌کرێت و بکوژان ده‌ستگیر ده‌کرێن.

به‌پێی ئاماری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی به‌دواداچوونی توندوتیژی دژی ئافره‌تان له‌ وه‌زاره‌تی ناوخۆ، له‌ چوار مانگی ســـه‌ره‌تای ئه‌مســـاڵ 22 ژن له‌ کوردســـتان به‌ ڕووداوی جیا جیا کوژراون یان خۆیان کوشـــتووه‌: ( 10ژن له‌ هه‌ولێر، 8 ژن له‌ ســـلێمانی، 4 ژن لـــه‌ ده‌ۆک). به‌ڵام له‌ چوار مانگی ســـه‌ره‌تای ساڵی ڕابردوو 32 ژن به‌ کاره‌ساتی جۆراوجۆر کوژراون: (هه‌ولێر 16 ژن، سلێمانی 9ژن، ده‌ۆک 7 ژن).

هه‌روه‌ها به‌پێی ئاماری وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له‌ ساڵی 2007 له‌ شـــاری هه‌ولێر 253 ژن و له‌ ده‌ۆک 70 ژن و له‌ سلێمانی 231ژن، به‌ کاره‌ساتی جۆراوجۆر گیانیـــان له‌ده‌ســـت داوه‌، به‌پێـــی ئامارێکی وه‌زاره‌تـــی مافی مرۆڤیش، له‌ ســـاڵی 2008، لـــه‌ کوردســـتان 117 ژن کـــوژراون (هه‌ولێر 52 حاڵه‌ت، ســـلێمانی 43 حاڵه‌ت ده‌ۆک 22 حاڵه‌تی کوشتن).

به‌پێی ئاماره‌کان له‌ ساڵی ڕابردوودا 200 ژن له‌ تورکیا کوژراون. کوشـــتنی ژنان له‌ هه‌موو وڵاتانـــی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاســـت دیارده‌یه‌کی باوه‌. له‌ کوردســـتان له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوودا ئه‌و دیارده‌یـــه‌ له‌لایه‌ن میدیای کوردییه‌وه‌ زۆر تیشکی خرایه‌ ســـه‌ر و بووه‌ بابه‌تی کۆمه‌ڵگه‌ و حکومه‌ت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش له‌ ڕووی یاسایی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ هه‌نگاو نران.

میدیـــا حه‌ســـه‌ن، ئه‌ندامی ســـکرتاریه‌تی یه‌کێتی ئافره‌تانی کوردســـتان، ڕایگه‌یاند که‌ به‌پێی ئـــه‌و ئامارانـــه‌ی ڕێکخراوه‌که‌یان کۆی کردووه‌تـــه‌وه‌ کوشـــتنی ژنان بـــه‌ ڕێژه‌یه‌کی به‌رچاو که‌مبووه‌ته‌وه‌، هۆکاره‌که‌یشی بۆ ئه‌وه‌ گه‌ڕانده‌وه‌، جگه‌ له‌ هه‌موارکردنی یاسای باری که‌ســـایه‌تی که‌ کوشتن له‌ســـه‌ر شه‌ره‌فی له‌ کرده‌وه‌یه‌کی ئاسایی کرده‌ تاوان، ڕێکخراوه‌کان کاری زۆریـــان له‌و پێناوه‌ کـــردووه‌ "هه‌روه‌ها به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تـــی به‌دواداچوونی توندوتیژیش زۆر کاریگه‌ری هه‌بووه‌".

له‌ســـاڵی 2002 دا په‌رله‌مانی کوردستان، یاســـای باری که‌ســـی هه‌موارکرد، که‌ ڕێگه‌ی ده‌دا، بۆ کڕینه‌وه‌ی شـــه‌ره‌ف، ژن بکوژرێت، ئێستا کوشـــتنی ژنان به‌ هه‌ر ناوێک بێت به‌ تاوانی کوشـــتن داده‌نرێ و که‌ســـه‌که‌ به‌پێی ماده‌ی 406 له‌ یاسای سزادانی عێراقی دادگایی ده‌کرێ، که‌ 20-25ساڵ زیندانیکردنی بۆ بکوژ داناوه‌.

نه‌قیب ژیله‌مـــۆ عه‌بدولقـــادر به‌ڕێوه‌به‌ری به‌دواداچوونـــی توندوتیژی دژ بـــه‌ ئافره‌تان له‌ هه‌ولێر، ئاماژه‌ی به‌وه‌دا ڕێژه‌ی کوشـــتنی ئافره‌تان که‌مبووه‌تـــه‌وه‌و له‌به‌رانبه‌ردا ڕێژه‌ی سکاڵاکردنی ژن زیادی کردووه‌.

ئـــه‌و به‌ڕێوه‌بـــه‌ره‌ی پۆلیـــس هـــۆکاری که‌مبوونه‌وه‌ی کوشتنی ژنانی بۆ هه‌موارکردنی ئه‌و ماده‌یه‌ گێڕایه‌وه‌ "پێشـــتر یاساکه‌ هانده‌ر بوو بۆ کوشتنی ژنان، چونکه‌ حوکمه‌که‌ سووک بوو، ته‌نیا شه‌ش مانگ زیندانیکردن بوو، بۆیه‌ لـــه‌ســـه‌ر بوختانێک ژن ده‌کـــوژرا، به‌ڵام دوای هه‌موارکرنی یاســـاکه‌، ڕێژه‌ی کوشـــتنی ژنان دابه‌زیوه‌".

به‌بڕوای چاودێرانی ڕه‌وشی ژنان، خراپبوونی باری ئابووری له‌و ڕۆژگاره‌دا هۆکارێکی سه‌ره‌کی کوشـــتنی ژنانه‌، وه‌ک میدیـــا گوتی "به‌هۆی خراپی باری ئابووری نه‌خۆشـــی ده‌روونی زۆر ده‌بێ، هه‌ڵچوون له‌نـــاو پیاوان زۆربووه‌، بۆیه‌ زۆرجـــار توڕه‌ییه‌که‌یان به‌ ژن به‌تاڵده‌که‌نه‌وه‌و په‌نا ده‌به‌نه‌ به‌ر کوشتنی ژنان".

به‌پێی ئاماری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی به‌دواداچوونی توندوتیژی دژ به‌ ژنـــان له‌ وه‌زاره‌تی ناوخۆ، له‌ ساڵی 2008 له‌ ســـنووری هه‌ولێرو ده‌ۆک 75 ژن به‌ کاره‌ساتی جۆراوجۆر کوژراون، به‌ڵام له‌ساڵی 2007 له‌ سنووری ئه‌و دوو پارێزگایه‌ 126ژن به‌ کاره‌ساتی جۆراوجۆر کوژراون یان خۆیان کوشـــتووه‌. ســـه‌رجه‌م ئه‌و ئامارانه‌ی بڵاوده‌کرێنه‌وه‌ ده‌ریده‌خه‌ن ڕێژه‌ی کوشـــتن و خۆ کوشتنی ژنان ڕوو له‌که‌مبوونه‌.

ســـۆزان شـــه‌هاب، ئه‌ندامـــی په‌رله‌مانی کوردســـتان، به‌پێویســـتی زانی په‌رله‌مان و حکومه‌ت کاری زیاتربکه‌ن بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی کوشتنی ژنان له‌سه‌ر شه‌ره‌ف "ده‌بێت په‌رله‌مان به‌رنامه‌یه‌کـــی تایبه‌تی له‌باره‌ی شـــه‌ره‌فه‌وه‌ هه‌بێت، پێویسته‌ په‌رله‌مان یه‌کلایی بکاته‌وه‌، چیتر مامه‌ڵه‌ به‌شه‌ره‌ف نه‌کرێت".

هه‌رچه‌نده‌ به‌گوێره‌ی ئاماره‌کان کوشتنی ژنان که‌مبووه‌ته‌وه‌، به‌ڵام میدیا حه‌سه‌ن ده‌ڵێت هیچ گه‌ره‌نتییه‌ک نییه‌ ساڵی داهاتوو ڕێژه‌که‌ به‌رز نه‌بێته‌وه‌، بۆیـــه‌ داوا ده‌کات هه‌موو لایه‌نه‌کان به‌رده‌وام بن بۆ هۆشـــیارکردنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌" به‌ڵام بێ پاڵپشتی حکومه‌ت به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژی مه‌حاڵه‌".

# هێشوو له‌ داخی مێرده‌که‌ی گڕی له‌خۆی به‌ردا



**نه‌به‌ز محه‌مه‌د**
**ڕووداو-سلێمانی**

"ماڵی خه‌زورانم و هاوســـه‌ره‌که‌م له‌گه‌ڵم خراپ بوون، بۆیه‌ خۆم سووتاند". ئه‌و کچه‌ تاقانه‌و نازداره‌، هه‌رگیز بڕوای نه‌ده‌کرد ڕێگـــه‌ی بکه‌وێته‌ ماڵێک، به‌رده‌وام شـــه‌ڕی ده‌روونی له‌گـــه‌ڵ بکه‌ن و تالاو به‌ڕۆحیدا بکه‌ن، تابیگه‌یێننه‌ لێواری خۆکوشتن.

ڕۆژانـــی دڵـــداری زۆر زوو هاتنه‌ ســـه‌ر ڕێگه‌ی هێشـــوو "16 ســـاڵان بووم، ڕۆژانه‌ کوڕێکی جوان که‌مه‌ندکێشی ده‌کردم، ئه‌و کوڕه‌ کاتێک به‌ به‌رده‌م ماڵماندا گوزه‌ری ده‌کرد، زۆر به‌ سه‌رنجه‌وه‌ له‌منی ده‌ڕوانی، تا له‌ کۆڵانه‌که‌ ده‌رده‌چوو چاوی له‌چاوم ده‌بـــڕی و به‌ نیگای چاوه‌کانی پێده‌گوتم خۆشـــم ده‌وێیت".

نیگاکانـــی ئاری زۆر لـــه‌وه‌ کاریگه‌رتر بوون که‌ هێشوو له‌وه‌ زیاتر بتوانێ خۆی بگرێت "ڕۆژی دواتر که‌ بینیمه‌وه‌، سه‌رنجراکێشتر و جوانتر، ده‌ستیکرد به‌گیرفانیـــداو له‌ده‌رفه‌تێکـــدا پارچـــه‌ کاغه‌زێکی بـــۆ هه‌ڵدام". هێشـــوو، که‌ جه‌ســـته‌ی هه‌مووی شوێنه‌واری سووتانه‌و چیتر نابێته‌وه‌ به‌و کچه‌ی که‌ جوانی و نازدارییه‌که‌ی سه‌رمایه‌یه‌کی به‌هێز بوون بۆی، هێشتا وشـــه‌کانی نێو ئه‌و نامه‌یه‌ی بیرماوه‌ که‌ چه‌ند ســـاڵێک له‌مه‌وبه‌ر ئاری بۆی نوسیبوون "ئازیزه‌کـــه‌م، پێتده‌ڵێم خۆشـــمده‌وێیت خاتوونی خـــه‌ون و خه‌یاڵه‌کانم، گه‌لێک تۆم خۆشـــده‌وێ و نازانم چۆن په‌یامی دڵم به‌تۆ بگه‌یێنم، تکا ده‌که‌م خۆشمده‌وێی". هێشـــوو گوتی "منیش به‌خێرایی به‌چاوه‌کانم وه‌ڵامم دایه‌وه‌و پێمگوت خۆشمده‌وێی".

ســـێ ســـاڵ به‌ســـه‌ر خۆشه‌ویســـتی ئاری و هێشـــوودا تێپه‌ڕین، نامه‌ ئه‌ڤیناوییه‌کان به‌ســـه‌ر یه‌کـــه‌وه‌ که‌ڵه‌که‌بوون. بێئاگا لـــه‌وه‌ی که‌ تریفه‌ی تاکه‌ هاوڕێ و خۆشه‌ویســـتی ڕێگه‌ی ده‌خاته‌ سه‌ر ڕێگه‌ی گۆبه‌ندێکی دیکه‌. تریفه‌، که‌ ئاگای له‌که‌ین و به‌ینه‌کانی نێوان ئاری و هێشـــوو بووه‌، ڕۆژێک له‌ســـێبه‌ری دارتوه‌که‌ی حه‌وشه‌ی ماڵی هێشوودا، باسی خاڵێکی خۆی بۆ هێشوو داده‌مه‌زرێنێت.

"ســـه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که‌ ئاریم زۆر له‌خۆم خۆشتر ده‌ویســـت، به‌ڵام ماوه‌یه‌ک بوو تریفه‌ باسی خاڵی خۆی زۆر بۆ ده‌کردم، زۆر به‌شانوباڵی هه‌ڵده‌دا جاره‌ش خاڵه‌که‌یم ده‌بینی که‌ زۆر ســـه‌یرم ده‌کات و زیـــاد له‌ جاران هاموشـــۆی ماڵی تریفه‌ ده‌کات، به‌ڵام من نه‌ک خاڵی هاوڕێکه‌م، به‌ڵکو هه‌موو دنیام به‌قوربانی ئاری ده‌کرد، تریفه‌ زۆری له‌گه‌ڵ گوتم له‌ باره‌ی پرۆسه‌ی هاوسه‌رگیری و خۆشه‌ویستی خاڵی بۆ من، به‌ڵام من نه‌ده‌چوومه‌ ژێرباره‌وه‌".

ڕۆژانـــه‌ ده‌نووکی تریفه‌ به‌ســـه‌ر هێشـــوو زیاد ده‌بێت و به‌رده‌وام پێیده‌ڵێته‌وه‌ "ئاخر کچی باش، خاڵم کوڕێکی ده‌وڵه‌مه‌نـــده‌و قۆزه‌و هه‌موو ژیانت ده‌گۆڕێت، به‌گوێم بکه‌و لاقه‌ له‌به‌ختی خۆت مه‌ده‌، چیت داوه‌ له‌ کوڕه‌ شاگردێکی فیته‌ر، که‌ هه‌تا ماوه‌ نابێته‌ خاوه‌نی هیچ".

شه‌وانه‌ به‌رده‌وام به‌رداشی بیرکردنه‌وه‌ هێشووی ده‌هاڕی، سه‌ره‌نجام تریفه‌ توانی تیره‌کان له‌ نیشانه‌ گیربکات و هێشوو ڕازی بکات تا شوو به‌ خاڵی بکات "ئه‌و بڕیاره‌م دا، بڕیارێکی نه‌گریس". وه‌ک هێشوو ده‌یگێڕێته‌وه‌، به‌ هاتنه‌ پێشه‌وه‌ی ئه‌حمه‌دی خاڵی تریفه‌، شـــته‌کان به‌خێرایی کۆتاییان هات و خۆری ژیانی پڕ له‌نازی ئه‌و له‌و ماڵه‌دا ئاوابوو "بێڕه‌حمانه‌ ماڵئاواییم له‌ ئاری کردو له‌که‌مترین ماوه‌دا ئه‌حمه‌د هه‌موو شته‌کانی ته‌واو کردو زه‌ماوه‌ندی ڕێکخست".

هێشـــوو فرمێســـکه‌کانی ده‌ســـڕێته‌وه‌و ئاخێکیش بۆ ئه‌و ڕۆژانه‌ هه‌ڵده‌کێشـــێت، که‌ ئیتر نایانبینێته‌وه‌ "سه‌ره‌تا ئه‌حمه‌د زۆر باش بوو له‌گه‌ڵم، به‌ڵام جارجاره‌ش به‌هه‌ڵســـوکه‌وته‌کانی زۆر ئازاری ده‌دام". یه‌ک له‌و هه‌ڵسوکه‌وته‌ ناشیرینانه‌ی ئه‌حمه‌د ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌ په‌رێشـــانیان کـــردووه‌ ئه‌وه‌بوو "که‌ ته‌له‌فۆنی ده‌کرد له‌گه‌ڵ که‌سێک، ئه‌گه‌ر بمپرسیایه‌ کێیه‌، ده‌یگوت ئه‌وه‌ ئیشی تۆ نییه‌".

هه‌ر جارێک که‌ ئه‌حمه‌د سزای ده‌روونی هێشووی داوه‌، ئه‌و به‌خێرایی هه‌موو ئه‌و به‌ڵێنه‌ وه‌نه‌وشه‌ییانه‌ی بیر هاتوونه‌ته‌وه‌ کـــه‌ له‌باره‌ی ئه‌حمه‌ده‌وه‌ له‌ده‌می تریفه‌ بیستویه‌تی "ڕۆژ به‌ڕۆژ زیاتر هه‌ستم به‌ گۆڕانی ئه‌و ده‌کرد، ماڵی خه‌زووریشـــم تا بڵێی دژایه‌تیان ده‌کردم هه‌میشه‌ هانی کوڕه‌که‌یان ده‌دا له‌ دژی من، ئه‌حمه‌د هه‌موو شه‌وێک به‌سه‌ر خۆشی ده‌گه‌ڕایه‌وه‌و لێیـــده‌دام، ژیانم به‌ تـــه‌واوی لێناخۆش ببوو بۆیه‌ بڕیارمدا خۆم له‌ ناو به‌رم و خۆم ســـووتاند، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ نه‌مردم و مامه‌وه‌ بۆ نه‌هامه‌تی دنیا".

## کچه‌ کریستیانه‌کان به‌ فڕێدانی عه‌با و له‌به‌رکردنی پانتۆڵ هه‌ست به‌"سه‌رکه‌وتن"ده‌که‌ن

# ژنانی به‌غدایی ڕوو له‌ پۆشاکی ڕۆژئاوایی ده‌که‌ن

**ڕووداو- نیویۆرک تایمز**

فاکته‌ری سیاســـی له‌ عێراقدا له‌ جلوبه‌رگی ئافره‌تاندا ڕه‌نگده‌داتـــه‌وه‌، له‌و وڵاتـــه‌دا سیاســـه‌ت دیاریده‌کات که‌ ئافره‌تان ده‌بێ چ جۆره‌ پۆشاکێک له‌به‌ر بکه‌ن. ئه‌گه‌ر واش نه‌که‌ن ئه‌وه‌ ده‌که‌ونه‌ به‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی ڕفاندن و ده‌ستدرێژیی سێکســـی و جۆره‌ها ئازار و ئه‌شکه‌نجه‌ی دیکه‌ تا ده‌گاته‌ سزای"مه‌رگ".

ئێســـتا، وه‌ک ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ ژنان ده‌ڵێن، ڕه‌وشـــی ئاســـایش باشـــتر بووه‌، ئافره‌تانیش تا ڕاده‌یه‌ک ده‌توانن ئـــه‌و جۆره‌ جلوبه‌رگانه‌ له‌به‌ر بکه‌ن که‌ ئاره‌زووی ده‌که‌ن و پێیانوایه‌ جوانه‌ و لێیان دێت. هه‌ندێکیشیان ده‌ڵێن "ژیان به‌ بێ جلوبه‌رگی جوان بۆ کچان هیچ واتایه‌کی نییه‌".

له‌و ساڵانه‌ی ڕابردوودا که‌ کۆنترۆڵی شه‌قام له‌به‌رده‌ستی میلیشـــیاکاندا بوو، جۆرێک له‌ ترس باڵی به‌سه‌ر شه‌قامدا کێشابوو، که‌ ته‌نانه‌ت ئافره‌تانی کریستیانیش ناچاربوون حیجابی ئیسلامی بکه‌ن. هه‌رچه‌نده‌ دایکان ڕێنمایی کچانیان ده‌که‌ن که‌"ئـــه‌م ڕۆژگاره‌ ڕۆژگاری ماکیـــاژ و مۆده‌ نییه‌، به‌ڵکو ڕۆژگاری کوشـــتن و ته‌قینه‌وه‌ و هه‌ڕه‌شه‌ و ڕفاندن و ده‌ستوه‌ردانه‌ له‌ کاروباری که‌سان"، وێڕای ئه‌وه‌ هه‌زاران ئافره‌تی به‌غدایی"کۆت و به‌ندی مه‌لاکان" ده‌شکێنن، که‌ له‌ مینبه‌ره‌کانه‌وه‌ هۆشدارییی ئه‌وه‌ ده‌ده‌ن که‌ ئافره‌تانی عێراق ڕوو له‌ پۆشاکی ڕۆژئاوایی ده‌که‌ن.

خانمانی کریستیانیش هه‌ســـت به‌"سه‌رکه‌وتن" ده‌که‌ن کاتێک عه‌بای ڕه‌ش فڕێده‌ده‌ن و له‌و گه‌رمای به‌غدایه‌دا هه‌ر ته‌نیا بانتۆڵێکی جینز و تیشـــێرتێکی تازه‌ له‌به‌ر ده‌که‌ن. خاوه‌ن کۆگایه‌ک به‌م جۆره‌ باسی ڕه‌وشه‌که‌ ده‌کات"کاتێک ڕه‌وشـــی ئاســـایش خراپ ده‌بێـــت جلوبه‌گـــی ناوچه‌یی ده‌فرۆشـــین، که‌ ڕه‌وشه‌که‌ش باش ده‌بێت جلوبه‌رگی نوێ هاورده‌ ده‌که‌ین".

زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری ئافره‌تانی شاری به‌غدا عه‌بایه‌کی له‌ نێو کانتۆره‌که‌ی خۆی داناوه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی ڕه‌نگه‌ دیســـان پێویســـتیان پێی بێته‌وه‌، ئه‌گه‌ر دیـــدی زۆر کۆنه‌پارێزانه‌ شـــه‌قامه‌کان کۆنترۆڵ بکاته‌وه‌. یه‌که‌م شت که‌ سه‌رنجی ئه‌وانه‌ ڕاده‌کێشێ که‌ به‌"سزادانی ژنان"ه‌وه‌ سه‌رقاڵن، ماکیاژ و پۆشاکیه‌تی، واته‌ شـــێوه‌ و ڕواڵه‌تی ئافره‌ت کاتێک به‌ شه‌قام و بازاڕدا ده‌ڕوات یان ده‌چێته‌ زانکۆ و فه‌رمانگه‌.

ژماره‌یه‌کـــی زۆر له‌ ئافره‌تانی عیراق ســـالانێک بوو له‌ ماڵ ده‌ر نه‌ده‌چوون، له‌و ســـزایه‌ ده‌ترسان که‌ میلیشیاکان به‌شێوه‌یه‌کی"یاسایی"به‌سه‌ر هه‌ر سه‌رپێچیکارێکدا ده‌یان ســـه‌پاند، ئه‌گه‌ر ئه‌و ئافره‌ته‌ سه‌رپێچیکاره‌ موسڵمانیش نه‌بێت. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئافره‌تانی عێراقی ته‌وژم و گوڕێکی به‌تینیان هه‌بوو بۆ شکاندنی ئه‌و کۆته‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌. ته‌نانه‌ت هه‌ندێ له‌ پیاوانیش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا نین ژنان و کچانیان واز له‌ جلوبه‌رگی ڕۆژئاوایی بهێنن، ئه‌ویش یان له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ که‌ عه‌لمانین یانیش که‌وتوونه‌ته‌ به‌ر کاریگه‌ریی ڕۆژئاوا، یاخود هه‌ر ده‌یانه‌وێ ژیان به‌ ڕه‌وتی ئاساییانه‌ی خۆیدا بڕوات.

زۆر له‌ پیاوان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دان که‌ مرۆڤ له‌و پۆشـــاکه‌ی له‌به‌ری ده‌کات ئازاد بێت نه‌ک سیاسه‌ت به‌ سه‌ریدا بسه‌پێنێ ئه‌مرۆ ئه‌مه‌ له‌به‌ر بکات و ســـبه‌ی پێی بڵێ فڕێی بده‌. له‌ هه‌ندێ کۆمه‌ڵگه‌دا ژنان هه‌ن سه‌رتاپا خۆیان پۆشیوه‌ و به‌ ته‌نیشـــتی ئه‌وانیشه‌وه‌ ژنانی دیکه‌ هه‌ن جلوبه‌رگی نیمچه‌ ڕووتیان له‌به‌ردایه‌. ئه‌م سه‌رپشـــکی و ئازادییه‌ له‌ دنیای ئه‌مرۆدا پێی ده‌گوترێ"ئازادی" و"مافی مرۆڤ".

ئه‌وه‌ی لـــه‌ به‌غدا زۆر که‌س ناڕه‌حـــه‌ت ده‌کات ئه‌وه‌یه‌ که‌"مۆدی ئیســـلامی"له‌ جلوبه‌رگدا له‌ ئه‌زموونی ئێران یان ئه‌فغانســـتانه‌وه‌ بۆ عێراق هاتووه‌. هه‌ر بۆیه‌ ئه‌وان پێیان وایه‌ ئه‌و شـــته‌ی میلیشیای شـــیعه‌ ده‌یسه‌پێنێ جۆرێکه‌ له‌"فارســـاندانی کۆمه‌ڵگه‌" یان ئه‌وه‌ی میلیشـــیای سوننه‌ هه‌وڵی ســـه‌پاندنی ده‌دات"به‌ ئه‌فغانیکردنی کۆمه‌ڵگه‌یه‌".

ئـــه‌وان ده‌ڵێن عێراق به‌ هه‌لومـــه‌رج و جیاوازییه‌کانییه‌وه‌ ناکرێ له‌ ڕووی سیاسی و ڕواڵه‌تی گشتیی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ عه‌لمانی نه‌بێت.

میرنا مازن،20 ســـاڵ، قوتابیـــی ئه‌ندازه‌یه‌ له‌ زانکۆی به‌غدا، ده‌ڵێ"ژیان به‌ لای کچانه‌وه‌ به‌ بێ جلوبه‌رگی جوان هیچ تامێکی نییه‌". ئه‌و جله‌ جوانه‌ی میرنا باســـی ده‌کات هه‌ر وه‌ک ئه‌و پۆشاکه‌ ڕۆژئاواییه‌یه‌ که‌ زۆر له‌ جوانییه‌کانی کچان پیشان ده‌دات. له‌م ڕۆژانه‌دا که‌ پله‌ی گه‌رما له‌ به‌غدا له‌ 50 به‌ره‌و ژووره‌، میرنا کراسێکی قۆڵ کورت که‌ هه‌موو باڵـــی به‌ ده‌ره‌وه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پانتۆڵێکی جینزی له‌به‌ردا بوو. میرنا له‌به‌رکردنی ئه‌و پۆشاکه‌ به‌ سه‌رکه‌وتنێک له‌ قه‌ڵه‌م ده‌دات چونکه‌ له‌ دوو ســـاڵی ڕابردوودا ناچاربوو له‌ ترسی میلیشیاکان جلی ئیسلامی له‌به‌ر بکات و له‌چکیش له‌سه‌ر بنێ، ئه‌گه‌ر نا سزای ده‌خوارد و ڕه‌نگه‌ بشکوژرایه‌.

له‌ 2003 به‌ دواوه‌ و له‌گه‌ڵ هاتنی سوپای ئه‌مریکا، ژنانی به‌غدا بینیان که‌وا مه‌لاکان ڕۆژانی هه‌ینی له‌ مینبه‌ره‌کانه‌وه‌ جۆری پۆشـــاکه‌که‌یان بۆ دیاری ده‌کـــردن، ئه‌وه‌ی ئاماده‌ نه‌بووایه‌ بالاپۆش بێت ده‌که‌وته‌ بن باری چه‌ندین هه‌ڕه‌شه‌، یان ده‌بوو واز له‌ کار و فه‌رمانه‌که‌ی بێنێ و له‌ کونی ماڵێدا بگیرسێته‌وه‌. به‌ڵام ئێستا ڕه‌وشه‌که‌ به‌ جۆرێکی دیکه‌یه‌ و کچان عه‌بایان فڕێداوه‌ و ئه‌و پۆشـــاکه‌ له‌به‌رده‌که‌ن که‌ له‌ که‌ناڵه‌ ئاسمانییه‌کاندا ده‌یبینن.

به‌ زۆری کچانی زانکۆ ڕووبـــه‌ڕووی ئه‌و قه‌ده‌خه‌کارییه‌ ده‌بنه‌وه‌، له‌ یادیشیان ناچێت که‌ ئه‌وان ڕۆژگارێک به‌وپه‌ڕی ئازادییه‌وه‌ جلیان له‌به‌ر ده‌کرد. ئێستاشی له‌گه‌ڵدابێت به‌شی هه‌ره‌ زۆریان هه‌ر عه‌بای ڕه‌ش ده‌پۆشن که‌ بووه‌ته‌ سیمای دیاری شه‌قامی عێراقی، به‌ڵام تاک و ته‌را کچان هه‌ن کۆت و به‌ندی ئه‌و جله‌یان شـــکاندووه‌. مه‌یس موه‌فه‌ق، ته‌مه‌ن 20 ساڵ، به‌ ته‌نووره‌یه‌کی درێژ و سه‌رپۆشه‌وه‌ داده‌نیشت، ئه‌گه‌ر وا نه‌بووایه‌ ده‌کوژرا.

مه‌یـــس دووپاتی ده‌کاته‌وه‌، که‌ له‌کاتی دروســـتبوونی شه‌ڕی مه‌زهه‌بیدا ده‌ستیکرد به‌ پۆشینی ئه‌و جلوبه‌رگانه‌، پاش ئه‌وه‌ی دراوسێیه‌کیان پێیگوت که‌ ڕه‌نگه‌ بترفێنن یان کاری خراپتریشت له‌گه‌ڵدا بکه‌ن. گوتیشی"پیاوانی میلیشیا نایانه‌وێ جه‌ســـته‌ی ئافره‌ت ده‌ربکه‌وێـــت، چونکه‌ پێیان وایـــه‌ پیاوان ته‌فره‌ ده‌دات. ته‌فره‌دانی پیاوانیش خراپه‌یه‌. بۆیه‌ ئه‌و ژنه‌ی ئه‌و کاره‌ بکات شایان به‌ کوشتنه‌". مه‌یس ئاماژه‌ به‌وه‌ش ده‌کات که‌ وازی له‌ ماکیاژیش هێنا. مه‌یس ده‌ڵێ"هه‌موو ئارایشـــت و ماکیاژه‌که‌م ته‌واو بوو، دایکیشم ئامـــاده‌ نه‌بوو له‌گه‌ڵم بێت بۆ کۆگای فرۆشـــتنی ماکیاژ و پێیگوتم، ئێســـتا کاتی ماکیاژ و مۆده‌ نییه‌، ســـه‌رده‌می کوشتن و ته‌قینه‌وه‌یه‌".

دوعا سه‌لمان ســـه‌بری،23 ساڵ، له‌گه‌ڵ ڕیام سه‌لمانی خوشـــکی،16 ســـاڵ، که‌ له‌ ته‌مه‌نی خۆی گه‌وره‌تر خۆی ده‌نوێنێ، ده‌ڵێن ئه‌وان زۆر حه‌زیان له‌ جلوبه‌رگی تازه‌بوو، به‌ڵام هه‌رزه‌کاران له‌ شـــه‌قام جۆره‌ها قسه‌یان پێده‌گوتن، ته‌نانه‌ت منداڵانیـــش، ده‌گێڕنه‌وه‌ و نمونه‌ی ئه‌و قســـانه‌ دێننه‌وه‌:" چاوم به‌ قوربانی له‌نجه‌ولارت"، "یه‌کجار ته‌ماشام بکـــه‌ و ئینجا بابمرم". ســـاڵی 2005 ئۆتۆمبێلێکی پڕ له‌ چه‌کدار به‌دوای ڕیام ده‌که‌ون که‌ له‌گه‌ڵ باوکی له‌ قوتابخانه‌وه‌ ده‌گه‌ڕایه‌وه‌ ماڵ، چه‌کداره‌کان هه‌وڵیاندا بیرفێنن له‌ســـزای ئه‌وه‌ی جلوبه‌رگی داپۆشراوی له‌به‌ر نه‌کردووه‌، بۆیه‌ش ڕیام که‌ بۆ قوتابخانه‌ هه‌ر له‌سه‌ر له‌به‌رکردنی ته‌نووره‌ی کورت و تیشێرتێک ڕاهاتبوو، ڕۆژی پاشتر دایکی عه‌بایه‌کی ڕه‌شی درێژی بۆ کڕی.

لـــه‌ گه‌ڕه‌کی که‌ڕاده‌ی شـــاری به‌غدا، حوســـێن جیهاد خاوه‌ن کۆگایه‌کی فرۆشتنی جلوبه‌گه‌ ده‌ڵێ تا به‌ر له‌ چه‌ند مانگێک هه‌ر جلی باوی ناوخۆیان ده‌فرۆشـــت، ڕوونیشی ده‌کاته‌وه‌"ئێمـــه‌ به‌ گوێره‌ی ڕه‌وشـــی کۆمه‌ڵایه‌تی خۆمان ده‌گونجێنین. کاتێ ڕه‌وشـــه‌که‌ خـــراپ ده‌بێت، هه‌ر ته‌نیا ته‌نووره‌ نمایش ده‌که‌ین، به‌ڵام کاتێک باری ئاسایشی وڵات باش و ئارام ده‌بێت، جلوبه‌رگی تازه‌ ده‌هێنین". ئه‌و کۆگایه‌ تیشـــێرتی بێ قۆڵی بڵێنگ و مۆدیلی دیکه‌ ده‌فرۆشێ که‌ تائێســـتا زۆر که‌م له‌ شه‌قامه‌کانی به‌غدادا ده‌بینرێن، واته‌ دیزاینی جیهانین. هه‌مان کۆگا ته‌نووره‌ی کورت"مینی"ش به‌ 35 دۆلار ده‌فرۆشێ. خاوه‌نی کۆگاکه‌ ده‌ڵێ له‌ دوو مانگی ڕابردوودا 50 دانه‌ ته‌نووه‌ی فرۆشتووه‌.

هیبه‌،20 ســـاڵانه‌ و حه‌زی نه‌کرد ناوی خۆی به‌ ته‌واوی ئاشکرا بکات، قوتابی کۆلیژی ئه‌ندازه‌یه‌ له‌ زانکۆی به‌غدا ده‌ڵێ ئه‌و کاتی خۆی ســـه‌رپۆش و ته‌نووره‌یه‌کی جینز تا ئه‌ژنۆی له‌به‌ر ده‌کرد و گۆره‌وییه‌کی سپیشی له‌ پێ ده‌کرد. شێوه‌ی له‌به‌ر کردنه‌که‌یان وای پیشانده‌دا که‌ هه‌ردوو لاقی ڕووتن. ئه‌و به‌ پێکه‌نینـــه‌وه‌ گوتی"من له‌ جلوبه‌رگدا حه‌ز ده‌که‌م هه‌ردوو ته‌رزه‌ پۆشاکی عه‌لمانی و ئیسلامی تێکه‌ڵ بکه‌م، بۆیه‌ پێموایه‌ که‌ من جلی نوێ له‌به‌ر ده‌که‌م له‌گه‌ڵ کچانی بالاپۆشیشدا ده‌گونجێ".





میرنا مازن پێش و پاش له‌به‌رکردنی جلی ڕۆژئاوایی

## هیوا فریادڕەس، سەرۆکی لیستی گەنجانی سەربەخۆ:

# بەدڵنیاییەوە لە 6 کورسی زیاتر دەهێنین




**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی لیستی گەنجانی سەربەخۆ، کە یەکێک لە دروشمەکانی دەڵێ "پەرلەمان دەهەژێنین"، لەگەڵ دوو گەنج لە نووسینگەی بزاڤی ژیان دانیشتووەو، زۆر بە گەشبینییەوە دەڵێت پاش لیستی کوردستانی و گۆڕان و چوار حیزبەکە، ئەوان چوارەم فراکسیۆنی نێو پەرلەمانی داهاتوو دەبن.

**ڕووداو: ئامانج لە دروستکردنی لیستی گەنجانی سەربەخۆ چییە؟**

**هیوا فریادرەس:** ئامانجمان ئەوەیە گەنج لە بوونەوەرێکی بڕوا پێنەکراو و دان پێدانەنراوەوە بکەینە بوونەوەرێکی دانپێدانراو، گەنج لەلایەن دەسەڵاتەوە پەراوێز خراوەو ئێمە دەمانەوێت بیخەینەوە رابەرایەتیکردن.

**ڕووداو: بەچی دەتوانن ئەمە بکەن؟**

**هیوا فریادرەس:** ئەوە بەوە دەستپێدەکات کە لیستێکی گەنجان دەخەیتە ناو پرۆسەی سیاسیی، پێکهێنانی لیستێکی گەنجان بۆ هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ناوچەکەدا یەکەمجارە ڕوودەدات، تاوەکو ئێستا داخوازییەکانی گەنجان دەخرانەڕوو، بەڵام لە ئێستا بەدواوە گەنج خۆی لە هەوڵی بەدیهێنانیدا دەبێت . گەنج چیتر داوا ناکات و ناڵێت ئەمەم بۆ بکە، دەڵێت ئەمە دەکەم.

**ڕووداو: ئێوە دەتوانن ئەو کارە بکەن؟**

**هیوا فریادرەس:** بەدڵنیاییەوە دەتوانین، ئەگەر ئەوەمان لەخۆماندا رانەبینیبێت هەنگاو بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵناگرین.

### نووسینگەکانمان لە هەولێر و سلێمانی لەژێر چاودێریدان

گومانمان نییە ئەو هەنگاوەی هەڵمانگرتووە بناخەیە بۆ گواستنەوەی ژیانی گەنج بۆ قۆناخێکی خوازراو.

**ڕووداو: قسەیەک هەیە کە ئەم لیستە دروستکراوی لایەنێکی سیاسییە؟**

**هیوار فریادرەش:** لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی شتێکی لەو بابەتە بڵاوکرایەوە، پێموایە ئەوە پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر لێدوانێکی من سەبارەت بە سەرۆکی لیستی گۆڕان. بەڵام ئەوە جگە لەتۆمەت دروستکردن بۆ ئێمە هیچی دیکە نەبوو. کەس وەک ئێمە ئەوەندە سەربەخۆ نەبووە داوای دادگاییکردنی بارزانی و تاڵەبانی و نەوشیروان بکات لەسەر شەڕی ناوخۆ، ئەگەر داوایەکی وامان هەبێت ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنیت سەربەخۆیت و هێزی خۆت لەخەڵکەوە وەرگرتووە؟.

**ڕووداو: ئەو 25 ملیۆن دینارەی کۆمسیۆن و تێچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنتان چۆن پەیداکرد؟**

**هیوار فریادرەس:** 25 ملیۆن دینارەکەی کۆمسیۆنمان لە کەسێک قەرز کردووەو زەوی کشتوکاڵی خانەوادەی خۆم لەبەرامبەردا داناوە، ئەگەر لەپرۆسەکەدا سەرنەکەوتین ئەو کەسەی پارەکەمان لێوەرگرتووە زەوییەکەی پێدەدرێ، بۆ ریکلامیش 12 ملیۆن دینار کە پارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری خۆم بووە خستمە ناو پرۆژەکە. ئێستاش زیاتر لە 7 ملیۆن دیناری چاپخانەی ڕۆژهەڵات قەردارین و 2 ملیۆن و 500 هەزار دیناری مەهدی خۆشنووسیش قەرزارین کە کرێی نووسینی لافیتەکانمانە.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان بگەنە پەرلەمان؟**

**هیوا فریادرەس:** بەدڵنیاییەوە دەگەینە پەرلەمان.

**ڕووداو: پێشبینی بەدەستهێنانی چەند کورسی دەکەن؟**

**هیوا فریادرەس:** زیاد لەچاوەڕوانی ئێمە لەلایەن گەنجانەوە پێشوازی کراوین، لەشەقامەکاندا کە ئۆتۆمبێلەکانمان سوڕاونەتەوە بەگوتنی لیستی گەنجان چاومانە پێشوازیکراوین. ڕۆژانە گرووپی گەنجان پێوەندیمان پێوەدەکەن . پێمانوایە زیاتر لە 6 کورسی بەدەستبێنین .

**ڕووداو: هیچ فشارێکتان لێکراوە؟**

**هیوا فریادرەس:** لەماوەی دوو ڕۆژدا لەسەر پێشێلکارییەکانی لیستی کوردستانی 3 سکاڵامان داوەتە کۆمسیۆن، لەیەکەم شەوی هەڵمەتی بانگەشەکان مەفرەزەیەک هەڕەشەی لە هەڵسوڕاوێکمان کردو بە زەبری کلاشینکۆف پۆستەریان لێسەند. زۆرترین پۆستەرو لافیتەی ئێمە لێکراونەتەوە، ئەمەش ترسە لەوەی کە هێزین و دەنگێکی باش دەهێنین، لەپێش هەڵمەتی هەڵبژاردنیش فشاری زۆر هەبووە بۆ نموونە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەمان لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە لێیدراوەو گوتوویانە ئەگەر هەوڵی هەڵاتن بدەیت دەتکوژین، دوو چەکدار هاتنە ئێرەو هەڕەشەیان لەمن کرد لەوەی کە دەستبەرداری جموجوڵەکانی خۆمان بین، لە قەڵادزێ هەڕەشەیان لەهەڵسوڕاوێکی ئێمە کردووە، لە سلێمانی نووسینگەکەمان لەژێر چاودێریدایە، زۆر لەکارەکانمان بەناچاری لەدەرەوەی نووسینگە دەکەین.

**ڕووداو: واتە لیستی کوردستانی لەئێوە دەترسێت؟**

**هیوا فریادرەس:** بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، چونکە زۆر لەو دەنگانەی کە ئەوان دەیانەوێت بەدەستی بهێنن دەبنە دەنگی ئێمە.

**ڕووداو: چاوەڕێ دەکەن هێزی چەندەم بن؟**

**هیوا فریادرەس:** بەدڵنیاییەوە پاش لیستی کوردستانی و گۆڕان و چوار حیزبەکە هێزی چوارەمین.

### لەهەڵبژارنەکاندا چوارەم دەبین

**ڕووداو: باش بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە دەرنەچن 25 ملیۆن دینار و 12 ملیۆنی ژنهێنانت دەڕوات و 10 ملیۆنیش قەرزار دەبیت؟**

**هیوا فریادرەس:** هیچ گومانێکمان لەوە نییە کە سەردەکەوین، ئەگەر 25 ملیۆنەکە 50 ملیۆنیش بووایە هەر بەشداریمان دەکرد.

### لیستی کوردستانی لە ئێمە دەترسێت

**ڕووداو: کە ئەوەندە بەهێزن بۆچی بارەگاکەتان چۆڵە؟**

**هیوا فریادرەس:** ئەم ئۆفیسە لەژێر چاودێریدایە، ئیشی ئێمە لەناو نوسینگە نییەو ئێرە تەنیا خاڵی دەرچوونمانە. من تاکە سەرۆک لیستم کاری مەیدانی دەکەم و پۆستەر هەڵدەواسم لیستەکانی دیکە گوتەبێژەکەشیان ئەو کارە ناکات.

# گەنجان دەنگ و ڕەنگی یەکتر هەڵدەبژێرن

## بەرپرسی ڕاگەیاندنی مۆبیتێل: ژمارەی بەشداربووانمان گەیشتووەتە 100 هەزار کەس



ڕەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

هۆگرو خۆشەویستەکەی چاوەڕێی ڕۆژە ناخۆشەکەیان دەکرد، کە هاتنی پشووی هاوین بوو، چونکە چیتر نەیاندەتوانی لەژێر سێبەری درەختەکانی کۆلیژ پەیڤە سۆزدارەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام بەر لە هاتنی ئەو ڕۆژە خۆشەویستەکەی پێشنیازی کرد کە سیستمی مۆبیتێل بەکاربێنن و بە دەنگ و ڕەنگ قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، هۆگر دەڵێت "ئێستاش وا دەزانم لە زانکۆم، هەموو ڕۆژێک دەنگی خۆشەویستەکەم دەبیستم و ڕەنگیشی دەبینم".

هۆگر ئەحمەد، قوتابی یەکێک لەکۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەددین، بە بوونی سیستەمی دەنگ و ڕەنگی کۆمپانیای مۆبیتێل زۆر دڵخۆشەو دەڵێ "ئەم سیستەمە وایکردووە تارادەیەک خەمی دووری یەکتر لەبیر بکەین".

سیستەمی گەیاندنی نەوەی سێیەم 3G، سیستەمی پێشکەوتووی تەکنۆلۆژیای گەیاندنە و دەتوانێت لەیەک کاتدا پەیوەندی دەنگ و ڕەنگ بگوازێتەوە، ئەم سیستەمە بۆ یەکەمین جار لە کۆتایی ساڵی 2005 لەلایەن کۆمپانیای مۆبیتێل گەیشتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی بوونی هەندێ گرفتی تەکنیکی و کارگێری لەبەردەم دەست بەکاربوونی، پرۆژەکە تا 2007/2/19 خزمەتگوزارییەکانی نەکەوتە بەردەستی بەشداربوون، ماوەی ساڵێکیشە سیستەمەکە گەشەی پێدراوە بۆ 3.5G.

ئێستا بەشێک لەگەنجان بە مەبەستی بینینی ئازیزەکانیان ئەو سیستەمە بەکاردەهێنن و دەتوانن جگە لە قسەکردن وێنەی خۆشەویست و ئازیزەکانیان ببینن.

سەلیم قادر، 23 ساڵ، یەکێکە لەبەشداربووانی هێڵی مۆبیتێل دەڵێ "بوونی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ وایکردووە هەست بە دووری خۆشەویستانمان نەکەین، چونکە هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین بەدەنگ و ڕەنگ بەسەریان بکەینەوە". ئەو بەشداربووە هیوای خواست سنووری تۆڕی کۆمپانیاکە بەرفراوانتر بکرێ بۆ ئەوەی دۆست و خۆشەویستە دوورەکانیشیان لە ڕێگەی ئەو سیستەمەوە ببینن.



دانا ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای مۆبیتێل، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان بەردەوام هەوڵدەدەن گەشە بە سیستەمەکەیان بدەن و ئێستا سیستمی 3G گۆڕیوە بۆ 3.5G "ئەوەش سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووە، تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا 2 کۆمانیا ئەو سیستەمەیان هەیە". گوتیشی "بەهۆی ئەو سیستمە تازەیە، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی بەشداربووانمان لە زیادبووندایە و ئێستا ژمارەی بەشداربووانمان گەیشتووەتە نزیکەی 100 هەزار بەشدار بوو".

سەبارەت بەهەوڵی کۆمپانیاکە بۆ فراوانکردنی تۆڕەکەیان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی مۆبیتێل گوتی "ئێستا لەهەر دوو سەنتەری شاری هەولێر و دهۆک، شارۆچکەکانی زاخۆ ئاکرێ، سۆران، شەقڵاوە و چەند شارۆچکەیەکی دیکە، هێڵەکانمان لەکاردان و لە پلانیشماندایە لە چەند مانگی داهاتوو هێڵەکانمان بگەیێنینە پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری".

لەسەرەتای هاتنی ئەو سیستمە بۆ کوردستان پێشبینی دەکرا، چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی سیستمەکە ڕوویدات، بەڵام نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر گوتی "تائێستا هیچ سکاڵایەک بەهۆی ئەو سیستمەوە تۆمار نەکراوە". بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی مۆبیتێل دەڵێ سکاڵا تۆمار کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کەمبووە "لە ماوەی 2-3 مانگ ڕەنگە سکاڵایەک تۆمار بکرێ، بەهۆی ئەو سکاڵایانەش چەند هێڵێکمان ڕاگرتووە".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەو باوەڕەدان هەرچەند کۆمەڵگا دەست بە کولتورو نەریتەکانەوە بگرێت،بەڵام تا کۆتایی ناتوانێت ململانێی تەکنەلۆژیا بکات. ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێ "ئەو کۆمەڵگایانەی پەیوەستن بەکولتورو داوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە گرفتیان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هەیە، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ بۆشایی نێوان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا فراوانتر دەبێ".

ئەم کۆمەڵناسە، پێیوایە ئەو هۆکارەی وای لەگەنجان کردووە پەنا بۆ بەکار هێنانی هێڵی دەنگ و ڕەنگ ببەن بۆ بینینی خۆشەویستەکانیان، دەستگرتنی کۆمەڵگایە بەداوونەریت و ڕێگەنەدانی خێزانەکانە بەچوونە دەرەوەی کچانیان. ئەڤین ئیبراهیم بەکارهێنانی خزمەتگوزاری دەنگ و ڕەنگ لەنێوان کوڕان کچان زۆر بەئاسایی دەبینێ و لەو بڕوایەشدایە وردە وردە ئەو تێبینیانەی لەسەر قسەکردن و هاوڕێیەتی نێوان کوڕان و کچان هەیە لەلای خەڵک ئاسایی دەبێت.



# 23 ڕێکخراو گرفتی گەنجان دەگەیێننە لیستەکان

**زیاد ئیسماعیل**
**ڕووداو- هەولێر**

23 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، 16 کێشەی تایبەت بە گەنجان دەخەنە بەردەم لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن و داوایان لێدەکەن کار لەسەر ئەو کێشانە بکەن، بەشێک لە لیستەکان پێشوازیان لەو داواکارییانە کردووەو بەڵێنیان داوە کێشەکان بخەنە نێو کارنامەکانیان.

کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵک PDA، کە لەلایەن ڕێکخراوی NPAی نەرویجی پاڵپشتی دەکرێ، بووەتە چەتری کۆکردنەوەی ئەو 23 ڕێکخراوە، ئەویش بەهۆی ئەو پرۆژە درێژخایەنانەی لە بواری گەنجاندا کاری لەسەر کردووە، کە گرنگترینیان (پرۆژەی گفتوگۆ و چالاکی بە گرووپی گەنجان)ە. دوای چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان PDA و 23 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیاردرا لیستێک بەناوی لیستی کێشەکانی گەنجان و ڕێگە چارەیان، کە خۆی لە 16 کێشەدا دەبینێتەوە بۆ لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی 25ی تەمموز بەرز بکرێتەوە.

لیستەکە چەندین کێشەی دیاری گەنجانی لە خۆگرتووە لەوانە بێکاری، لاوازی بەشداری گەنج لە ناوەندەکانی بڕیاردا، نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، نەبوونی سیستەمێکی بانکی بۆ پاڵپشتیکردنی ماددی گەنج لە خوێندندا، کەمی شوێنە خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەنجان وەک (شوێنە وەرزشی و هونەری و حەسانەوەییەکان)، نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیستەمێکی هاوچەرخی پەروەردە و فێرکردن، ئاڵودەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکان، نزمی ئاستی ماف و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان، گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت لە بودجە و بەڕێوەبردنی دارایی و کارگێڕیدا، لاوازی هوشیاری پیشەیی و تەکنیکی، تووندوتیژی دژی مێینە، بایەخنەدان بەشارۆچکە و شارەدێ و لادێکان، لاسەنگی لەنێوان داهات و پێداویستییەکان، پیسبوونی ژینگە و خراپی ڕەوشی وەرزشی.

لێزان ئیحسان، سەرۆکی بەشی گەنجان لە ڕێکخراوی PDA بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دوای گفتوگۆ لەگەڵ 23 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بە گەڕانەوە بۆ ئەو پرۆژانەی بۆ گەنجانیان ئەنجامداوە، 16 کێشەی دیاری گەنجانیان دیاریکردووەو، وەک داواکارییەک پێشکێشی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنیان کردووە.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا لە کۆی 24 لیستە بەشداربووەکەی هەڵبژاردن سەردانی 16 لیستیان کردووەو داواکارییەکانیان پێشکەشکردوون "ئەوانەی سەردانمان کردوون، زۆر خۆشحاڵ بوون بەو داواکارییانە، چونکە ئێمە ڕێگەچارەی کێشەکانیشمان پێشنیاز کردبوو". سەبارەت بە 8 لیستەکەی دیکە کە تائێستا سەردانیان نەکردوون، لێزان گوتی "هەوڵمانداوە سەردانیان بکەین، بەڵام ئەوان زۆر سەرقاڵن، نووسراویشمان بۆ کردوون، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

کارنامەی سەرجەم لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، چەند بڕگەیەک و خاڵێکی تایبەت کراوە بە کێشەی گەنجان و بەڵێنی زۆر گەورەیان بە گەنجان داوە، ئەگەر جێبەجێ بکرێن، چیتر گەنجان بێ کار نابن و بیر لە چوونە دەرەوەش ناکەنەوە.

شاخەوان خالید، وتەبێژی لیستی 51، کە لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانە، ڕایگەیاند کە ئەوان وەک لیستی 51 درکیان بە گرفتە دیارەکانی گەنجان کردووەو هەربۆیەش لەنێو کارنامەکەیاندا پانتاییەکی فراوانیان داوەتە چارەسەرکردنی گرفتەکانی گەنجان کە قابیلی چارەسەرن، نەک تەنیا دروشمی دوور لە واقیع بن.

سەبارەت بە لیستی داواکارییەکانی ئەو 23 ڕێکخراوەش، شاخەوان خالید گوتی "لیستەکەمان بەدەست گەیشتووەو ئەو کێشانەی کە باسیان کردوون، کێشەی دروستی گەنجانن و بەدڵنیاییەوە کاریان لەسەر دەکەین".



# ئابووری

## تورکیا داوای 15% داهاتی غازی کوردستان دەکات



ڕووداو-هەولێر

بارزان هەورامی ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند تورکیا داوای 15 % داهاتی ناردنە دەرەوەی غازی کوردستان دەکات لەبری تێپەڕینی بەناو خاکی تورکیادا بۆ ئەوروپا. ناوبراو ئەو ڕێژەیەی بە زیاتر زانی لەو ڕێژەیەی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەبەرامبەر تێپەڕینی نەوت و غاز بە نێو سنووری دەوڵەتێکدا وەردەگیرێت کە 5%یە. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا ئەندامی پەرلەمانی عێراق ئەو داوایەی تورکیای بۆ لاوازی حکومەتی عێراق گەڕاندەوە.

| | دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|---|
| $ 100 | 118600 | $ 500 |  | |
| € 100 | 165750 | $ 110 |  | |

# تەندەرەکانی حکومەت کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت

## جێگری سەرۆکی حکومەت : هەرشتێکی وا هەبێت ئاگادارمان بکەنەوە با سزایان بدەین



ئەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

کۆمپانیاکان کڕین و فرۆشتن بە تەندەرەکانی حکومەت دەکەن و ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێ تائێستا چارەسەرێکمان نییە بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، شارەزایەکی بواری وەبەرهێنانیش پێیوایە بازرگانیکردن بە تەندەرەکانی حکومەتەوە، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کات و کوالیتی پرۆژەکان دەبێت.

نەورۆز مستەفا ئەمین، بەڕێوەبەری پلاندانانی سلێمانی دەڵێ کۆمپانیاکان بەنهێنی لەگەڵ یەک ڕێکدەکەون و تەندەرەکان بەیەک دەفرۆشنەوە، بۆیە "ئێمە پێی نازانین تا سزایان بدەین". نەورۆز ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لێژنەیان هەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو کارانەی دەدرێتە کۆمپانیاکان کە ئایا خۆیان کارەکە جێبەجێ دەکەن یان تەندەرەکە دەفرۆشنەوە "بەڵام تائێستا لیژنەکەی ئێمە هیچی بۆ دەرنەکەوتووە".

شارەزایان و چاودێرانی بواری وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی لەو بڕوایەدان کە شکستهێنان و خراپی پرۆژەکانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چاودێری و بەدواداچوونی وردو پێویستی پرۆژەکان، بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانیش لەو بۆشاییە گەورەدا حکومەت دەڕوتێننەوە.

یاسین فەقێ سەعید، شارەزا لەبواری وەبەرهێنان گوتی "حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکاندا لەبواری تایبەتمەندێتی

پرۆژەکاندا ناچێتە نێو وردەکارییەوەو ئەوەش دەرفەت دەداتە کۆمپانیاکان بازرگانی بەپرۆژەکانەوە بکەن". ناوبراو گوتیشی "ئەگەر لیژنەی بەدواداچوونی پرۆژەکان جیدی بێ لە کارکردن، دەتوانێ دەستی دووەم لە پرۆژەکاندا بدۆزێتەوە".

تائێستا یاسایەک نییە بۆ ڕێگری لەو کارە، بۆیە شارەزایانی بواری بەڵێندەرایەتی بوونی یاسایەکی تازەی تایبەت بە کاری بەڵێندەرایەتی بە پێویست دەزانن. کەژاڵ عەلی فەتاح، کە ئەندامی لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکانە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لە وڵاتی ئوردن بەشداری خولێکیان لەبارەی تەندەر کردووە، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆیان کرابووەوەو ئەو کێشەیان لە خولەکە باسکرد"بەڵام ئەوانیش هیچ چارەسەرێکیان پێنەبوو".

یاسین ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بەڕێز پێیوایە کە کۆمپانیا لاوازەکان بازرگانی بەتەندەرەکانی حکومەتەوە دەکەن کە توانای جێبەجێکردنی پرۆژەکەیان نییە، یان تایبەتمەندی بوارەکە نین و تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە تەندەرەکەیان بۆ دەربچێ، دواتر بە قازانجێکی کەم تەندەرەکە بەکۆمپانیایەکی دیکە دەفرۆشنەوە. گوتیشی "دەبێ حکومەت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بکات".

بە بڕوای پسپۆرانی ئابووری گرفتەکە لە نەبوونی یاسای تایبەت و گونجاوی ئابووری سەرچاوە دەگرێ و پەیوەندی تایبەتیش گرفتەکەی قوڵتر کردووەتەوە. پرۆفیسۆر محەممەد ڕەئوف مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سلێمانی دەڵێ، ئەگەر یاسایەک نەبێ بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکان، شتەکان دەبنە "گەڕەلاوژە"و شێوازێکی ئابووری راستەقینە وەرناگرێ. گوتیشی "بەداخەوە پەیوەندییەکانی حکومەت لەگەڵ هەندێک لەکۆمپانیاکان لەسەر پەیوەندی تایبەتی و واستەکاری دروستبووە".

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە حکومەت هەیەتی بۆ بواری بەڵێندەرایەتی، بەڵێندەر تەنها بە ڕەزامەندی و ئاگاداری خاوەن کار (حکومەت) دەتوانێ دەستی دووەم بێنێتە نێو پرۆژەکە، یان تەندەرەکەی بفرۆشێتەوە.

عەبدوڵڵای حاجی سەعید، یاریدەدەری مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانی باسی کاریگەرییە خراپەکانی تەندەر فرۆشتنەوە لەسەر پرۆژەکان دەکات و دەڵێ "ئەوە زیان بە ماستەرپلان و دیزاینی پرۆژەکان دەگەیێنێ و پرۆژەکان چەند دەستێک بەخۆیانەوە دەبینن، بۆیە لەو حاڵەتەدا پرۆژەکان زۆر سەرکەوتوو نابن". ناوبراو گوتیشی "هەوڵ هەیە بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، بەڵام هێشتا بنبڕ نەکراوە".

لەکاتێکدا حکومەت چەند لیژنەیەکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکانی هەیە، عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت دەڵێ "هەرشتێکی وا هەبێت ئاگادارمان بکەنەوە با سزایان بدەین". جێگری سەرۆکی حکومەت لەبارەی دیاردەی بازرگانیکردن بەتەندەرەکانی حکومەتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"وەک حکومەت قبوڵی ناکەین و دەبێت کۆمپانیا ئەو تەندەرەی بۆی دەردەچێت بەخۆی جێبەجێی بکات".

سەرچاوەیەک گوتی "حکومەت خۆی لەفێڵ و تەمبەڵی کۆمپانیاکان خەواندوەو وەک کۆمپانیای پلەیەک مۆڵەتیشی بەهەندێک کۆمپانیای لاواز داوە، بۆیە حکومەت بۆ خۆی باجەکەی دەدات". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "80%ی ئەو کۆمپانیایانەی حکومەت مۆڵەتی کارکردنی پێداون گرێبەستی ئەندازیاری و پارێزەریان وەهمییەو حکومەتیش بەدوایاندا ناچێت".

چەند پرۆژەیەکی سلێمانی بەهۆی ئەوەی دەستی دووەمیان پێکراوە، پەکیان کەوتووە یان بە کەموکوڕییەوە جێبەجێکراون لەوانەش پرۆژەی کۆمەڵگەی وەرزشی، پرۆژەی تەلاری ئەندازیاری، پرۆژی کۆلێژی بەیتەری زانکۆی سلێمانی، نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی، کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی و ڕێگای عەربەت- سلێمانی کە ئەویش دەستی دووەمی بینی و بەکەموکوڕییەوە تەواو بوو.

بە بڕوای بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بەڕێز، تا یاسایەکی مۆدێرنی تایبەت بەکاری بەڵێندەرایەتی لە هەرێمی کوردستان دەرنەچێ، بەڵێندەری مۆدێرنیش پەیدا نابن. یاسین ڕەشید گوتیشی "60%ی پرۆژەکان تا پێش ساڵی 2005 فەشەلیان هێناوەو سەرکەوتوو نەبوون".

محەممەد کەریم محەممەد، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان ڕەخنەی لە شێوازی کارکردنی حکومەت لەو بوارەدا گرت و گوتی "زۆربەی کۆمپانیاکان بە پەیوەندی تایبەتی تەندەر وەردەگرن، ئەگەر حکومەت بیەوێت پرۆژەکانی سەرکەوتووبن، دەبێت تواناو لێهاتوویی کۆمپانیاکان لەبەرچاوبگرێت، نەک پەیوەندی تایبەتی".



پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (فۆتۆ:ڕووداو)

# خەڵکی کوردستان ساڵانە 70 هەزار تەن پەتاتە دەخۆن

## کوردستان دوای 5 ساڵی دیکە پێویستی بە پەتاتەی دەرەکی نابێ

:

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

سێ مانگ بەر لە ئێستا زەینەل عومەر، بە دوو دڵییەوە 5 دۆنم لە زەوییەکەی بەهاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ لەگوندی چەمەدووبزی سەر بەقەزای خەبات کردە پەتاتە، بەڵام کاتێک زەوییەکەی هەڵدایەوە بینی یەک پارچە پڕبووە لە پەتاتە. ئەو ئێستا دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ تۆوی پەتاتەم بۆ دابین بکات، تەواوی زەوییەکانم دەکەمە پەتاتە".

وەزارەتی کشتوکاڵ، وەک پرۆژەیەکی خۆی بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی پەتاتە، تۆوی پەتاتە دەداتە 200 جوتیاری کوردستان. شارەزایانی بواری کشتوکاڵیش دەڵێن، ئەگەر ئەو کێڵگە پەتاتانە سەرکەوتوو بن، ئەوا دوای پێنج ساڵی دیکە کوردستان دەبێتە خاوەن بەرهەمێکی تەواو لە پەتاتەی خۆماڵی و چیتر پێویستی بە پەتاتەی دەرەکی نابێت. ساڵی ڕابردوو وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو تاقیکردنەوە 100 دۆنم زەوی پەتاتەی چاند.

بەمەبەستی هێنانی پەتاتەیەکی گونجاو لەگەڵ خاک و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان، تیمێکی وەزارەتی کشتوکاڵ لە مانگی شوباتی ئەمساڵ چووە هۆڵەندا. نەریمان تۆفیق ڕاوێژکار لە وەزارەی کشتوکاڵ ڕایگەیاند نزیکەی 952 تەن تۆوی پەتاتەیان لە جۆرەکانی فابیولا، فولفا، پرۆفینتو، ئارنوڤا و سلڤانا لە هۆڵەندا هێناوە، ئەویش "بە مەبەستی زیادکردنی چاندنی بەرهەمی پەتاتە"، گوتیشی "ئەو تۆوەمان بەخۆڕایی بەسەر جووتیارانی کوردستان دابەشکردووە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا ئەمساڵ 808 دۆنم زەوییان لەو پێنج جۆرە پەتاتە چاندووە "دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت کام جۆر باشە، ئەوا ڕووبەری زەوی چێنراوی پەتاتە لە وەرزی پایزی ئەمساڵ دەکەینە دوو هێندە".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 70 هەزار تەن پەتاتە هەیە، ئەگەر هەرکەسێک ساڵانە 15 کیلۆ پەتاتە بخوات. بەڵام لەساڵی ڕابردوو توانای هەموو کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان تەنیا 1% ی ئەو پەتاتەیە بووە کە لە هەرێمی کوردستان دەخورێت.

ئەنوەر عومەر قادر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی "بۆ پڕکردنەوەی 99%ی پێداویستی هەرێمی کوردستان لە پەتاتە پشتمان بەهاوردەکردنی پەتاتە بەستووە".

ئەنوەر عومەر ئاماژەی بەوەدا بەگوێرەی ئەو بەرنامەی وەزارەتەکەیان دایڕشتوە "دەبێت ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی پەتاتە لە کوردستان بەرز ببێتەوە بۆ10 -15%ی پێداویستی هەرێمی کوردستان، بۆ 5 ساڵی داهاتووش کێڵگەکانی ناوەخۆ 100% پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرهەمی پەتاتە دابین دەکەن".

جگە لەو 808 دۆنم زەوییەی جووتیاران بە هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ کردوویانەتە پەتاتە، نزیکەی 800 دۆنمیش لەلایەن جوتیارانی دیکەوە کراوەتە پەتاتە بەبێ ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاری کردبن.

عەبدوڵڵا سلێمان، 56 ساڵ، ئەمساڵ 650 تەن پەتاتەی لە 750 دۆنم زەوی چاندووە، لەو باوەڕەدایە 6 هەزار تەن پەتاتە لە زەوییەکەی هەڵبگرێتەوەو گوتی "تائێستا تەنیا 100 دۆنم لە زەوییە چێنراوەکەم هەڵداوەتەوە 900 تەن بەرهەمی هەبووە".

ئەو جووتیارە ماوەی 24 ساڵە لە گوندی گلەشینی سەر بە قەزای شێخان پەتاتە دەچێنێ و ئێستا تۆوی باوەڕ پێکراو لە جۆری لاتۆنە لە هۆڵەنداوە دەهێنێ. ناوبراو لەو باوەڕەدایە ئەگەر حکومەت باج لەسەر هێنانی پەتاتەی دەرەکی دابنێ و ئاسانکاری بۆ بکات بۆ هێنانی ئامێری پێشکەوتووی چاندنی پەتاتە ئەوا "تەواوی پێداویستی هەرێمی کوردستان لەباشترین جۆری پەتاتە دابین دەکەم".

قادر حەمەدەمین، کە جووتیارێکی دیکەی پەتاتەیە و 5 تەن تۆوی پەتاتەی لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگرتووە بۆ چاندن لەگەڵ ئەوە نییە جوتیار تەنیا چاوی لە دەستی وەزارەت بێ یارمەتی بدات "حکومەت لەوانەیە ساڵیک یان دوان یارمەتی جوتیار بدات، باشتر وایە جوتیار پشت بەخۆی ببەستێت".

پسپۆرانی بواری کشتوکاڵ ئاماژە بەوەدەدەن، کەشوهەوای کوردستان بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێکی کشتوکاڵی گونجاوە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستانە بەکار بهێنرێت.

د.محەممەد فارس، پسپۆر لە بواری ڕەزگەری لە کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، زۆر پەسنی خاکی هەرێمی کوردستانی دا و بە "نەوتی بەردەوام"وەسفیکرد، کە ئەمەش وەسفێکە بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێ. ئەو پسپۆرە گوتی "خاکی هەرێمی کوردستان باشترین خاکە و دەتوانرێت هەموو بەرهەمێکی لێ بچێندرێت". ئەو مامۆستایەی زانکۆ بەپێویستی دەزانێ حکومەت لەم قۆناخە هاوکاری زیاتری جوتیاران بکات و هانیان بدات بگەڕێنەوە ناو زەوییەکانیان "چونکە جوتیاران لەم قۆناخە پێویستیان بە دابینکردنی سەرچاوەی ئاوو تۆوی باش و پەینی کیمیایی و ئامێری پێشکەوتوو و ڕێنمایی هەیە".

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لەبارەی یارمەتیدانی جوتیاران بۆ پاراستنی بەرهەمەکانیان گوتی ئێستا 5 کۆگای سارد کەرەوە لەسلێمانی لەقۆناخی تەواو بووندان، کە 10 هەزار تەن بەرهەم لەخۆ دەگرێت و، بڕیارە 5 ی دیکەش دروست بکرێن، لە هەولێر 2 کۆگای هەزار تەنی دروستکراون کە یەکێکیان ئامادەیە، لەدهۆکیش سێ کۆگای 400 تەنی دروستکراوە، "بە تەواوبوونی ئەو کۆگایانە کێشەمان نامێنێت". گوتیشی "ئێستا دوو ئامێری هەڵکەندنی پێشکەوتووی پەتاتەمان هەیە، بەڵام بەنیازین دوای دیاریکردنی بودجەی ئەمساڵی وەزارەت ئامێری زیاتر بۆ هەموو ناوچەکان دابین بکەین".

### 952 تەن تۆوی پەتاتەمان لە هۆڵەندا هێناوە



نەریمان تۆفیق
ڕاوێژکار لە وەزارەتی کشتوکاڵ

### پرۆژەی پێشخستنی پەتاتە

**70000**

تەن پەتاتە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان دەخورێ ئەگەر هەرکەسێک ساڵانە 15 کیلۆ بخوات.

وەزارەتی کشتوکاڵ، وەك پرۆژەیەکی خۆی بۆ پێشخستنی بەرهەمهێنانی پەتاتە، ئەمساڵ تۆوی پەتاتەی دایە 200 جوتیاری کوردستان بۆ چاندنی 100 دۆنم.




- لەساڵی 2008 دا هەرێمی کوردستان 1%ی پێویستی خۆی لە پەتاتە بەرهەمهێناوە.
- بە پێی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەمساڵ تواناکە بەرزدەبێتەوە بۆ 15-10%ی بەرهەمی پەتاتەی پێویستی ناوخۆ.
- بە پێی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە 5 ساڵی داهاتوودا هەرێمی کوردستان 100% پەتاتەی بەشی پێویستی ناوخۆ بەرهەمدەهێنی

**952**

تەن تۆوی پێنج جۆر پەتاتە بۆ هەڵبژاردنی باشترینیان بۆ کوردستان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ لە هۆڵەنداوە هێنرایە کوردستان





Infographic : Rudaw



# مالیکی وەک سەددام حوسێن دڵڕەقە

## سەرۆک وەزیرانی عێراق بە نەیارانی دەڵێ: یان دەبێ هاوکاریم بکەن یان تووڕەبوونی خۆمتان بەسەردا دەبارێنم

**ئەنتۆنی شدید**
**بەعقوبە-عێراق**

کاژێر 11ی ڕۆژێکی مانگی ئایاردا، 8 هامفیی سەربازیی سەر بە سوپای عێراق زۆر بە خێرایی بەرەو بارەگایەکی حکومی لە پارێزگای نائارامی دیالە کەوتنە ڕێ و تەپ و تۆزێکی زۆریان بە دوای خۆیانەوە جێهێشت. ئەو هێزە فەرمانی پێدرابوو ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بەناوی عەبدولجەبار ئیبراهیم، کە سەر بە پارتێکی نەیاری مالیکییە، دەستگیر بکەن.

هاوار و قیژە بەرزبوووەوە و هاوەڵانی گیراوەکەش هەر پرسیاریان لەو ئەفسەرە دەکرد کە فەرمانی گرتنەکەی جێبەجێدەکرد. سەرۆکی تووڕە و پەستی ئەنجوومەنی دیالەش پەیوەندی بە پەرلەمانەوە کرد لە بەغدا و کەوتنە دوای ئەو ئەفسەرەی عەبدولجەبار ئیبراهیمی بەرەو ئۆتۆمبیلێک ڕاپێچکرد و بەڵێنیشیدا، پاش یەک دوو کاژێر بیهێنێتەوە. کەچی ئیبراهیم لە 18ی ئایارەوە هەروا لە بەندیخانەدا پاڵی داوەتەوە، یەکێک لە هەڤاڵانیشی لە ئەنجوومەنی دیالە دەڵێ: "ئەوە پەیامێکە".

هەرچەندە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەتا پێش کانوونی دووەمی داهاتوو بەڕێوە ناچێت، بەڵام هەڵمەتەکە بە کردەوە دەستی پێکردووە، مالیکیش سوورە لەسەر شەڕ و بەکار هێنانی هێز، کە جۆرە کەللەڕەقی و دڵڕەقییەک دەنوێنێ، وەک ئەوەی لە پیاوە بەهێزەکەی جارانی عێراق، سەدام حوسێنەوە وەریگرتبێت. لە کانوونی دووەمی ئەم ساڵەوە هەر لە دیالەوە بگرە تا بەسرا پیاوانی مالیکی چەند کەسێکی نەیاری ئەویان دەسگیرکردووەو هەڕەشەشیان لێکردن.

کەواتە ئەوە پەیامێکی ڕوونە: یان دەبێ هاوکاری بکەن یا ڕووبەڕووی تووڕەبوونی مالیکی ببنەوە. مالیکی ڕێسایەکی کلاسیکانەی دنیای سیاسەت پیادە دەکات کە لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا زەبر وەک شێوەیەکی دیکەی دەسەڵات پیادە دەکات، زۆر بە سادەیی مەبەستیەتی دیسان سەرۆک وەزیرانییەکە مسۆگەر بکاتەوە.

هاوپەیمانەکانی پێیانوایە، مالیکی پیاوێکە ئەمڕۆ عێراق پێویستی پێیەتی. سامی عەسکەری کە یاریدەدەرێکی سەرۆک وەزیرانە دەڵێ "مالیکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، دەستووری عێراق دەسەڵاتێکی زۆری داوەتێ، خۆ ئەگەر ئەو خۆی پیاوێکی بەهێز نەبووایە، نەیدەتوانی ئەو شتانە بکات کە دەستوور ڕێی پێداوە بیکات".

نەیارانیشی دەڵێن شاڵاوەکانی گرتن "پرۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژراون"، هۆشداریش دەدەن کە ناتەبایی ڕەنگە ناکۆکیی لێ بکەوێتەوە و ئەمەش ڕەنگە پەرەبستێنێ و بە جۆرێک تەشەنە بکات کە لە کۆنترۆڵ دەربچێت. بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە سەرکردەیەکی کوردە دەڵێ: "ئەم پەشێوییە سیاسییە ئاسایشی وڵات تێکدەدات، من هەست بە نیگەرانی دەکەم بەرامبەر بەو شتە".

لە پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، مالیکی بە گوتەی نەیارەکانی توانی دەسەڵات، لە نێو "بازنەیەکدا کۆ بکاتەوە کە شکاندنی بۆ نییە". هەروەها چەند یەکەیەکی سوپاشی کۆنترۆڵ کردووە، کە دەسەڵاتێکیان پێشکەش بە خۆی و حیزبی دەعوە کردووە کە لە 2003ەوە نەیان بوو: کە پیاوانی چەکدارن.

ململانێی سەر دەسەڵات لە عێراقدا گەرمە. جەواد حەسناوی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕەوتی سەدر لە شاری کەربەلا دەڵێ "هەر کەسێک دەسەڵاتی بکەوێتە دەست، دەتوانێ ڕێبەرایەتی و دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات".

لە پارێزگای دیالە کە زۆرینەی سوننە و کەمینەی کورد و شیعەشی تێدایە، پارتی ئیسلامی کە پارتێکی نەیاری مالیکییە زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکەیان بەدەستهێنا. بەرپرسانی عێراقی دەڵێن هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نوری مالیکی فەرمانی دەستگیرکردنی شەش پاڵێوراوی پارتی ئیسلامی دەرکرد، بەڵام فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق جەنەراڵ رای ئۆدیرنۆ فەرمانەکەی ڕاگرت. بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی وعێراقی دەڵێن دوای هەڵبژاردن کە پارتی ئیسلامی سێیەکی کورسییەکانی بردەوە، مالیکی جارێکی دیکە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکردنەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا جارێکیتر هاتنەوە ناو مەسەلەکە.

بەرپرسانی دیالە دەڵێن فیرقەی بەغدا عەبدولجەبار ئیبراهیمی دەستگیرکرد، ئەم فیرقەیە و هێزی دژە تیرۆریش ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک وەزیرانەوەن. (پاش تووڕەبوونی پەرلەمانی عێراق، فیرقەی بەغدا هیچ نەبێ بە شێوەیەکی فەرمی گەڕایەوە سەر وەزارەتی بەرگری). ئەندامێکی ئەنجوومەنی دیالە دەڵێ "باشە بۆچی فیرقەی بەغدا؟ ئەمەیە پرسیاری من".

بەرپرسانی حیزبی دەعوە کە مالیکی سەرۆکایەتیی دەکات، لە بەغدا و دیالەش داکۆکی لە شاڵاوەکانی گرتن دەکەن و دەڵێن، ناوی عەبدولجەبار لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەبو عومەر بەغدادی گەورە سەرکردەی قاعیدە لە عیراقدا، هاتە گۆڕێ.

وا دیارە حیزبی ئیسلامی گەورەترین دوژمنی مالیکییە، کە هەڵمەتێکی دژ بە گەندەڵیی داوودەزگاکانی حکومەت بەڕێوە دەبات. گەندەڵی گەورەترین ئاستەنگی بەردەم هەڵبژاردنە بۆ مالیکی. هەڵوێستی ڕەوتی سەدریش کە یارمەتیدەر بوو بۆ مسۆگەرکردنی بوونی مالیکی بە سەرۆک وەزیران، تا ئێستا ڕوون نییە. ڕەوتی سەدر دەڵێ بە دەیان کەس لە لایەنگرانمان لە پارێزگاکانی باشوور گیراون، بۆ ئەوەی گوشاریان بخەنە سەر. سەلاح عوبەیدی گوتەبێژ بە ناوی ڕەوتی سەدر لە شاری نەجەف دەڵێ "مالیکی چرای کەسکی بۆ هێزەکانی هەڵکردو تا ئەو کارانە بکەن، ئەو هەمیشە هەوڵدەدات ڕەوتی ئێمە لە پێناو سوودی خۆی و حکومەتەکەی بەکار بهێنێ".

بەرپرسانی حیزبەکەی مالیکی بە متمانەوە باسی ئەوە دەکەن کە لە توانایاندایە وەک حیزبی هەرە سەراپاگیر بمێننەوە، نەیارانیشیان پێیانوایە لەخۆیان بایی بوون. بەرپرسانی دەعوە لایان وایە دەتوانن ئیئتیلاف دروست بکەنەوە کە لە هەڵبژاردنی 2005دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەوەشدا پشت بە سەحوە و چەند لایەنێکی دیکەی سوننە لە باکووری عیراقدا دەبەستن. ڕوونیشە کە ئەوان حیزبی ئیسلامی و پارتە دیارەکانی کورد لە دەفتەرو حیساباتی خۆیان دەسڕنەوە.



ئایا نەیارانی مالیکی دەتوانن بازنەی دەسەڵاتەکەی بشکێنن (فۆتۆ:AFP)

**لە ڕۆژنامەی The Wasshington Post ـەوە**

### بە لێشاو دەبرێنە سعودیە

# کچانی مۆریتانی بۆ شووکردن دەچنە وڵاتانی کەنداو

**ڕووداو- ئیلاف**

ڕەنگە ڕووداوەکەی (اوم الخیر) یەکەمین ڕووداو بێت کە سەرنجی ڕای گشتی مۆریتانیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا بێت. ئەو کچۆڵەیە کاتێک دایکی دەمرێت، باوکی دەینێرێتە لای خوشکی، بۆ ئەوەی لای پووری پەروەردە ببێت، بەڵام پوورەکەی بیر لەوە دەکاتەوە ئەو کچە بباتە سعوودیە و لەوێ لە پیاوێکی دەوڵەمەندی ئەوێی مارە بکات. بەڵام ئەو کچە کە لەدایکبووی ساڵی 2000ە، لەلایەن کوڕی پوورەکەیەوە دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر،بۆیە پوورەکەی ناچار لە کوڕەکەی مارە دەکات. خاوەن ماڵی سعوودییش کە بەوە دەزانێ، هەر هەموویان لە ماڵەکەی دەردەکات. بۆیە ناچار دەگەڕێنەوە مۆریتانیا. بەم جۆرە پوور بووە خەسووی برازاکەی و کچۆڵەی تەمەن 8 ساڵانیش بووە کەیبانووی ماڵ.

بەر لە ساڵێک ڕۆژنامەکانی مۆریتانیا باسی ئەو پرۆژە ناسەرکەوتووەی ئومولخێریان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەدان کچۆڵەی مۆریتانی هەن کە لەو پرۆژەیەدا سەرکەتوون و لایان وایە کورتترین ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لە گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکانی نواکشۆت یان لە گوندە وشک و برینگەکانی مۆریتانیا. جگە لەوەی زۆر لە کچانی دیکەی مۆریتانیا هێشتا هەر لە چاوەڕوانی ئەو گەشتەدان بۆ کەنداو، بەتایبەتی بۆ سعوودیە.

### شووکردن لە بن پەردەی عومرەدا

ڕۆیشتنی کچانی مۆریتانیا بۆ سعوودیە و بەتایبەتی لە وەرزی عومرەدا زۆر گەرم دەبێت. ئەو کچانە بە لێشاو ڕوو لە بریکارانی گەشت دەکەن، کە دەڵاڵی کچانیشیان لە نێودایە، کە بە بەهانەی عومرەوە ڕێوشوێنی ڕۆیشتنەکەیان بۆ ئاسان دەکەن. دەڵاڵەکان بە زۆری ئەو ژنانەن کە شارەزای ڕەوشەکەن و هەموو کارێکی ئەو سەفەرە ڕایی دەکەن. لە سعوودیەشدا کچانی مۆریتانی لەلایەن تۆڕی دەڵاڵەکانی بەشوودانەوە وەردەگیرێن تاوەکو ئەوانیش پیشانی ئەو کەسانەیان بدەن کە دەیانەوێ ژن بێنن. کچانی مۆریتانی لەوێدا بە گوێرەی بەخت یان جوانی و تەمەنییانەوە شوودەکەن، ئافرەتە دەڵاڵەکانیش چەند قاتی ئەوەی خەرجیان کردووە، پارە وەردەگرنەوە.

ئەو پرۆسەیە لە شووکردنێکی شەرعییەوە دەگۆڕێ بۆ بازرگانییەک کە هەموو ئامانجەکەی پارەیە. هەندێ لە کچانی مۆریتانی کە دوای ئەوەی پارەیان لە پیاوی سعوودی دەستدەکەوێت، خۆیان لێ دەدزنەوە یانیش ژیانیان لێ تاڵ دەکەن و ناچار کابرا تەڵاقیان دەدات و ئەوانیش گرێبەستی مارەیی لەگەڵا پیاوێکی دیکەدا دەکەن و بە تەنیا لە شوقەیەکی کرێ دادەنیشن، مێردی تازەشیان بەپێی دەرفەت دەچنە لایان. بەپێی فتوای مەلایەکانی سعودیە دەکرێ پیاو ژنێکی کاتی هەبێت کە ناوە ناوە سەری لێبدات.



دەڵاڵەکان بە ناو ماڵەکانی مۆریتانیادا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی کچانی جوان و ناسک بۆ سعودییەکان

### کاری خێر

ئەو دەڵاڵانەی کچانی مۆریتانی لە دەوڵەتانی کەنداو بە شوو دەدەن دان بەوە دانانێن کە هیچ هەڵەیەک لە کارەکەیاندا هەیە، بە پێچەوانەوە ئەوان پێیانوایە خێرە و لەو دنیاش پاداشتی چاکەکەیان دەدرێتەوە، سەرباری ئەوەی لەم دنیایەشدا پارەیەکی زۆریان پێ دەستدەکەوێت.

فاتیمە ژنێکی مۆریتانییە کە بەردەوام لە نێوان مۆریتانیا و سعوودیەدا هاتووچۆ دەکات. لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی عەرەفات دانیشتووە و تەسبیحێکی بە دەستەوەیە. بەردەوام پێشوازی لەو ژنانە دەکات کە داوا دەکەن کارئاسانی بۆ بەشوودانی کچەکانیان لە سعودیە بۆ بکات. جگە لەوە خۆیشی بە نێو خزم و ناسیاواندا دەسووڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی کچانی ناسک و جوان، تاوەکو قەناعەت بە دایکەکانیان بێنێ بۆ ئەوەی کچانیان لە ڕێی ئەوەوە ڕەوانەی سعوودیە بکەن و بەڵێنیان پێدەدات کە دوای ئەوەی کچەکانیان لە کەنداو شوو دەکەن، ئیدی نانیان بکەوێتە ڕۆنەوە.



فاتیمە بە شانازییەوە دەڵێ"من هەر تەنیا لەبەر پارە ئەوە ناکەم، بەڵکو چاوەڕوانی چاکەیەکیشم کە لە سایەی بەیەک گەیشتنی دوو کەسەوە پێم بگات، ئێمە خواستێکی ڕەوای پیاوان بەجێدەهێنین، هەروەها کچانی مۆریتانیاش لەهەژاری کە ڕەنگە بەرەو لادانیان ببات، ڕزگار دەکەین".

ئەم دیدە ئەرێنییە لە نێو زۆربەی ژنانی مۆریتانیادا باوە، هەرچەندە هەندێ چیرۆکی کارەساتباریش هەن کە باس لە کچانێک دەکەن کە کەوتوونەتە داوی دەڵاڵەکانەوە و دوای زیاتر لە شووکردنێک و لە هەلومەرجێکی نائاساییدا، ناچار بوونە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

### منداڵە باوک ونبووەکان

سەیرترین شت کە توێژەر لە لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیەدا تووشی دێت، ئەوەیە کە منداڵی مۆریتانی لە گەڕەکی میللیدا دەبینێ دایکەکانیان دەڵێن ئەوانە سەرمایەداری سعوودین. بەڵام ئەوە جگە لە خۆ هەڵخەڵەتاندنێک هیچیتر نییە کە ئەو ئافرەتانە دەیکەین کە نەیانتوانی لە ڕێی شووکردن لە سعوودیە پارە کۆبکەنەوە، چوونکە کاتێک لە یەکێک لەو ئافرەتانە دەپرسی باوکی ئەو کوڕیژگەیە کێ یە؟ سەروسیمای دەگۆڕێت و پێتدەڵێ نازانم کێیە و ناونیشانیشی نازانم. ئەو کەسەی خواستوویەتی فەرمانبەرێکی ئاسایی بووەو، لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا خواستوویەتی و لە هەلومەرجێکی تەمومژاویشدا جێی هێشتووە.



# کەڕووبی: نەژاد جادووگەری و ئیسلامی تاڵیبانی بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو-ئێران**

دەسەڵاتدارێتی ئێران، جگە لە نارەزایی ناوخۆیی، کەوتووەتە بەر ڕەخنەی توندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران گوێنادەنە ڕەخنەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، داوا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکەن کە تێکەڵی کاروباری نێوخۆی ئێران نەبن.

مەهدی کەڕووبی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی ئێران و یەکێک لە سێ کاندیدە ڕکابەرەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ پۆستی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران، ئەحمەدی نەژاد و لایەنگرانی بە بڵاوکردنەوەی "ئیسلامی تاڵیبانی" و "جادووگەری" تۆمەتبار کرد. کەڕووبی لە نامەیەکدا بۆ عیزەتوڵڵا زرغامی سەرۆکی دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران دەڵێ"ئێوە ڕاستیی ئەو هێرشەتان نەخستەڕوو کە خەڵکانێک بە بەرگی مەدەنییەوە کردیان و خەڵکیان کوشت و موڵک و سامانی خەڵکی دیکەشیان تێکوپێکدا و شکاند".

کەڕووبی پێیوایە ئەو (ەڵڵاهو ئەکبەر)ەی لایەنگرانی میر حوسێن مووسەوی دەیکەن کارێکی ڕەوایە و ڕاست نییە بە سووتاندنی مزگەوت و پەلاماردانی موڵک و سامانی خەڵکی تۆمەتبار بکرێن.

دیمەنی کوشتنی خۆپیشاندەرێکی کچ، سەرکوتکردنی خۆنیشاندانەکانی زیاتر خستە بەرچاوی جیهان و دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. لە پاش ئەوەی وێنە و ڤیدیۆی کوشتنی نەدا...، تەمەن 19 ساڵی، لەلایەن هێزە بەسیجییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کە بە مۆبایل گیرا بوو، بەجیهاندا بڵاوبووەوە، ئێران زیاتر کەوتە بەر ڕەخنە.

لە خۆپیشاندانەکانی ئێراندا ئاستی توندوتیژی زۆر بەرزبووەوە. لە خۆپیشاندانی کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا 13 کەس گیانی خۆیان لەدەستدا و، 20 کەسیش بریندار بوون.

ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور کە لە ئێراندا دەزگای هەرە بڵندی چاودێرییە، لە لێدوانێکدا ڕوونیکردەوە کە لە هەڵبژاردن دا هەندێ پێشێلکاری ڕوویانداوە. ئەنجومەنەکە کە سکاڵاکانی هەفتەی پێشووتری شرۆڤە کرد و بوونی ساختەکاری لە 50 ناوچەدا ئاشکراکرد، ڕایگەیاند کە ئەوە کار لە سەرکەوتنی مەحموود ئەحمەدی نەژاد ناکات، چونکە لە کۆی 11 ملیۆن دەنگ تەنیا ساختەکاری لە 3ملیۆن دەنگدا کراوە.

# ئەسکیمۆکانیش لە دەرگای سەربەخۆیی

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

دوورگەی هەرە مەزنی دنیا گرینلاند، بەر لە سەربەخۆیی هەنگاوی دیکە دەهاوێژێت. گرینلاند بە دانیمارکەوە لکێندراوە. ساڵی ڕابردوو لە مانگی تشرینی دووەمدا ریفراندۆمێک لەو دوورگەیدا ئەنجامدرا، بۆ پەسەندکردنی بەکارهێنانی زمانی ئەسکیمۆکان وەک زمانێکی فەرمی. پۆلیس، دادگا و ئاسایشی کەنارەکانی ئەو هەرێمە، هێدی هێدی دەکەونە بندەسەڵاتی حکومەتی گرینلاندەوە.

لە ڕۆژی نەتەوەیی گرینلاند، کە لە هەفتەی ڕابردوودا پیرۆزکرا، کە شاژن و سەرۆک وەزیری دانیمارکیش تێیدا ئامادەبوون. لە ڕێوڕەسمەکەدا ئەو خاڵانەی لە ریفراندۆمدا پەسند کرابوون، کەوتنە واری جێبەجێکردنەوە.

گرینلاند لە سەدەی 18ەوە کەوتبووە بندەسەڵاتی دانیمارک. ئێستا 56 هەزار کەس لەسەر ئەو دوورگەیە کە گەورەترین دوورگەی جیهانە، دەژین. ڕووبەری دوورگەکە 2 ملیۆن و 166 هەزار کیلۆمەترە. گەلی ئەسکیمۆ لەو دوورگەیەدا دەژی. لە ساڵی 1979وە تائێستا بە ئۆتۆنۆمی بەڕێوەدەچوو. لەو ساوە دەسەڵات لە دەستی پارتی سۆسیال دیموکرات دا بوو. لە هەڵبژردنی تازەدا کە لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا بەڕێوەچوو، پارتی کۆمەڵگەی ئەسکیمۆ،کە لایەنگری سەربەخۆییە، سەرکەوت.

لە ریفراندۆمی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، دوورگەی گرینلاند و دانیمارک لەسەر دابەشکردنی داهاتی نەوت ڕێککەوتن و، لەم مانگەدا بۆ دانانی شێوازی نوێ بۆ ئەو بوارە، دیدارێکی هاوبەش سازدەکەن. لە گرینلانددا هەرچەندە تائێستا نەوت دەرنەهێندراوە،بەڵام ناوچەکە لەرووی غازی سروشتی، ئەڵماس و زێڕەوە زۆر دەوڵەمەندە.

بە گوێرەی یاسای نوێی ئۆتۆنۆمی، ئەسکیمۆ مافی ریفراندۆمکردنی هەیە لەسەر جیابوونەوە لە دەوڵەتی دانیمارک و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش. پارتی کۆمەڵگەی ئەسکیمۆ لایەنگری سەربەخۆییە لە پەرلەمانی گرینلاند 14 کورسییە، لە کۆی 31 پەرلەمانی گرینلاند. پارتی کۆمەڵگەی ئەسکیمۆ لە دوایین ریفراندۆمدا 44%ی دەنگدەرانی دوورگەکەی بەدەستهێنا.

بەهۆی گەرمبوونی بەستەڵەکی باکوور، گەیشتن بە دەوڵەندی سروشت ئاسانتربووە. ئەو وڵاتانەی لە باکوورەوە کەناریان بەسەر دەریاکەوە هەیە، وەک کەنەدا، نەرویج، ڕووسیا و ئەمریکاش لەسەر موڵکایەتی، داوادەکەن بەشی ئەوانیش بدرێ.

دوای ئەوەی لە ریفراندۆمدا دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ دانیمارک بڕیاری نوێ دران، پارتی سەرۆک وەزیران هانس ئینۆکسن سیوموت هەڵبژاردنی بەروەختی ڕێکخست.

حکومەتی دانیمارک بەشێکی مەزن لە پێویستی ئابووری گرینلاندی دابین دەکاو، لەهەمانکاتدا پاراستنی دوورگەکە و سیاسەتی دەرەوەی دوورگەکەی لەدەستدایە. پاشای دانیمارکیش بە سەرۆکی دەوڵەتی گرینلاند حساب دەکرێ.





ئەسکیمۆکانی بەستەڵەکی باکوور، بە گەرمبوونی گەردوون زیاتر سوود لە سروشت وەردەگرن



رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# هاوپەیمانی گرووپی سودان و باڵی ریفۆرم

گرووپی سودان وەک گوزارەیەک بە کاردەهێنم بۆ وەسفکردنی ئەو رووناکبیرانەی پشتیوانی لە گروپی گۆڕان دەکەن. ئەم گوزارەیەم لە بەیاننامەیەکی رەگەزپەرستانەی کۆمەڵێک رووناکبیرەوە وەرگرتووە، بەناوی ئەوەی با لە سودان نەچین. گومانی تێدا نییە بەشێکی لە رووناکبیران لە کوردستان و بەشێک زۆریش کە لە دەرەوە دانیشتوون، بەرگری لە گرووپی گۆڕان دەکەن. من لەو بڕوایەدام هەموو کەس ئازادە بەرگری لە چ دەکات و دژی چییە. بەڵام هاتنە ناوەوەی رووناکبیر بۆ ناو ئەم پرۆسەیە لە دەرەوەو ناوەوە کارێکی بێگوناح نییە، هەروەک چۆن لایەنگیری میدیای ئەهلی بۆ یەکێک لە گرووپەکان و بەکارهێنانی هەمان شێوەی دەربڕین و حوکمەکانی لایەنێک کاری رۆژنامەنووس نییە لە کاتی هەڵبژاردنداو، ئەم کارە ئێجگار گیروگرفتاوییە.

بەدەر لە تایبەتمەندی گیروگرفتەکانی سەیرکردنی خەڵکی دەرەوە بۆ ناوخۆی کوردستان،لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەیرکردنی رووناکبیران لە ناوخۆدا. زمانی بەشێک لەم رووناکبیرانە ئەگەر زیاتر سەرکوتکارانەتر نەبێت لە زمانی یەکێتی و پارتی کەمتر سەرکووتکارانەتر نییە. بەشێکی زۆر لەم رووناکبیرانە کە ساڵانێکە گۆشتی یەکێتی دەخۆن و هێندێکیان لە قۆناخی کڕینەوەی ئێسقانەکەیدا بوون ئێستا بە چاو ترووکانێک بوونە پشتیوان و پروپاگەندەکاری باڵی بە گژداچووی یەکێتی و پارتی . هەڵبەت زۆر لە خەڵکی ئەوە دەزانێت پارتی و یەکێتی بە ناوی بەهەشتەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئێمەیان بەرەو جەهەننەم لێخوڕیوە، بەڵام ئەم رووناکبیرانە چۆن دەمودەست کەوتنە ناو هاوپەیمانێتییەکی پروپاگەندەکارەوە بۆ باڵی ریفۆرم. لەگەڵ ئەوەشدا باڵی ریفۆرم لە سەرەتاوە کەوتە رەخنە لێگرتنی خۆی وەک جۆرێک لە رەخنەگرتن لە یەکێتی، ئەمە تا ئێستا باشە، بەڵام رووناکبیران بە خەڵک دەڵێن دەنگبدە بەو هێزەی هەڵگری خەونی پێشکەوتن و دیموکراتیزەکردنە، دەنگ بدەن بە باڵی ریفۆرم ئەگەر دەتانەوێت ئەم واقیعە بگۆڕن، پێمان دەڵێن بۆ یەکەم جارە ململانێیەکی راستەقینە هەبێت لە کوردستاندا، لەم ململانێیەدا دەبێ تۆ دەنگ بدەی بە گرووپی گۆڕان. بۆ رووناکبیران سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆجی هێزەکان گرنگ نییە ئێستاو، حەزیان بە کردنەوەی ئەم جۆرە موناقەشەیەش نییە، چونکە ئەوان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە پشتیوانی لە چ دەکەن . ئەم رووناکبیرانە ئەوەندە دڕندانە سەیری خەڵک دەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کەسێک دەنگ بە باڵی ریفۆرم نەدات لە کوردستان وا هەستدەکەن توانای عەقڵی لە دەستدابێت و نەتوانێت لە گرنگی ئەم قۆناخە تێ بگات. بە هاووڵاتییە داخ لەدڵ و بێزارەکانی کوردستان دەڵێین ئێتر لەملاو ئەولا بۆڵە بۆڵە مەکەن و دەنگ بدەن بە گۆڕان ئەمە رەوشتە بەرزو جوانەکەی رووناکبیری بۆرجوازی فاشییە پێماندەڵێت خەڵک با لە پرتەو بۆڵە بکەوێت و دەنگبداتە ئەم هێزە، بەڵام پێمان ناڵێت پێش ئەم چاوتروکانە ئەوان خۆیان گۆشت و ئێسقانی چییان کڕاندووەو مووچەکانیان سێ جار زیاتر بووە لە مامۆستایەک کە رۆژ تا ئێوارە فیزیاو بیرکاری وجیۆگرافی و..هتد دەڵێنەوە بە خوێندکاری دوایین قۆناخی ئامادەیی لە شارو شارۆچکەکان و دێهاتەکان . ئەو فەرمانبەرە مەدەنییانەی دوای چەندین ساڵ خزمەت سێ جار مووچەکانییان کەمترە لە گرووپی سودان، کەچی بە خەڵکی هەژارو و بێزاری کوردستان دەڵێن ئێتر خورتە و بۆڵە مەکەن لەم شوێن و ئەو شوێن.

بۆ من کارەکە تەواو پێکەنیناوییە کاتێک رووناکبیرەکان لە بری ئەوەی رووبەڕوو دیوێکی جیاوازیان پێشان بدەن بۆ تێگەشتن لەم قۆناخە و بابەتەکان دەوڵەمەند بکەن پێمان دەڵێن تۆ یان سەر بەو بەری یان سەر بەم بەرەیت، ئەمە دۆخی راوەستانێکی گەورەی عەقڵە لە بیرکردنەوەو، رووناکبیر و رۆژنامەنووس ئیشی سەرلەنوێ خوێندنەوەی سیاسەت و کۆمەڵگاو دروستکردنی وتووێژە لەکاتی هەڵبژاردندا نەک دابەشکردنی خەڵک بەسەر دوو بەرەی سیاسیدا و تاوانبارکردنی خەڵک بە دۆڕاندنی وەزیفەی ئەخلاقی ئەگەر دەنگ بە باڵی ریفۆرم نەدات. بێگومان بە کارهێنانی گوزارەی گرووپی سودان بۆ وەسفکردنی تەرزێک لە رووناکبیر لە کوردستاندا، نابێ بەو مانایە لێک بدرێتەوە کە من دژی نێوەڕۆکی بەیاننامەکەم لەسەر مەسەلەی دواخستنی دەستوور، بەڵکو من دژی ناونیشانی بەیاننامەکەم لەو رووەوە ناونیشانێکی رەیسیستانەیە و ئەمە جگە لەوەی هەڵەیەکی گەورەی زانستیشە چونکە جحێلێکی قوناخی ئامادەیی ئەوە دەزانێت کە نابێت ئەو وردەکارییانە کە کۆمەک بە بابەتێک دەکەن (supporting details) بکرێتە ناونیشانی بابەت خۆی، کە ئێتر نازانم گرووپی سودان یان ئەو رووناکبیرانە ئەوە دەزانن یان نەخێر.



مەهاباد قەرەداخی
mahabad03@hotmail.com

# تیۆرییەکی دەروونی بۆ ئۆپۆزسیۆنی خۆماڵی

**سروشتی ئێمە و یاسای دژەکانمان**

ئایا ئۆپۆزسیۆن باشە یان خراپ؟ ئەگەر باشە یان خراپ، بۆ باشە و بۆ خراپ؟ کەی باشە و کەی خراپ؟ لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن پێویستە یان نا؟ ئەگەر پێویستە یان نا، بۆ پێویستە و بۆ پێویست نییە؟ کەی پێویستە و کەی پێویست نییە؟ چۆن بێت باشە و چۆن بێت خراپە؟

بۆوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، پێویستمان بە روانینێکی دەروونی کۆمەڵایەتییە بۆ دیتن و بەراوردکردن. بۆ ئەم مەبەستە ئەم تیۆرییەمان دەخەینەڕوو، بەو نیازەی رۆشنکەرەوەی لایەنە نادیارەکانی دیاردەی بوون یان ترس لە ئۆپۆزسیۆن بێت، کە ئەمڕۆ بابەتێکی ئەکتوێلی گفتوگۆی ناوەندە سیاسی و رووناکبیری و میدیاییەکانە.

**لەدۆخی تاکەکەسدا:**

راستییەکی سایکۆلۆژی دەربارەی دەروونی تاکەکەس هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ دوو هۆشی هەیە، هۆشێکی دەرەکی و هۆشێکی ناوەکی. هۆشیاری دەرەکی کەسایەتی گشتی و بینراوی مرۆڤەکە دەردەخات و دەناسێنێ، کە پێی دەگوترێت (من). هۆشیاری ناوەکیش بەشە شاراوەکەی مرۆڤە و بریتییە لە سێ ئاست، ئەوانیش پێیان دەگوترێت (منی باڵا) و (نزمە من) و (منی بەرگریکەر). ئەم دابەشکردنە نەک تەنها فرۆید و یونگ و ئەدلەر، زۆربەی دەروونناسانی پاش ئەوانیش کۆکن لەسەری و لارییەکیان لێی نییە و وەک راستییەکی دەروونناسی چەسپیووە.

لە هۆشی ناوەکی یان بە گوزارەیەکی دیکە لە عەقڵی باتنی مرۆڤدا هەردەم و بەردەوام ململانێیەکی زۆر سەیر دەگوزەرێت. لە حاڵەتێکی ئاسایی و تەندروستدا، لە بەشی ناوەکی هۆشیاریدا، ئەگەر ئەو سێ ئاستە ململانێی یەکتری بکەن و کێبەرکێیەکی توند لە نێوانیاندا هەبێت، بە مانایەکی دیکە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی یەکتری بن، ئەوە هۆشیاری دەرەکی یان عەقڵی زاهیر، بە دەرەنجامێکی زۆرباشەوە دێتە دەرەوە و کەسەکە وەک مرۆڤێکی رەوشت بەرز و بەویژدان، پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات.

ئەگەر ئاماژە بە ئەرکی ئەو بەشانەی عەقڵی ناوەکی بکەین، (منی باڵا) رۆڵی ویژدان دەبینێت، بەڵام (نزمەمن) کاری غەریزەکان رایی دەکات. ویژدان، هاندەری مرۆڤەکەیە بۆ ئەنجامدانی کاری باش و ئاشتیخوازانە و هەڵبژاردنی پرنسیپی باش. غەریزەش هاندەری کەسەکەیە بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ و شەڕخوازانە و هەڵبژاردنی رەفتاری ئاژەڵیانە. ئەم دوو ئاستەی هۆش لە خەبات و ململانێیەکی بەردەوامدان و هەریەکەیان دەیانەوێت سەرکەوتن بەدەست بێنن و ببنە نوێنەری کەسایەتی مرۆڤەکە. (منی بەرگریکەر)یش رۆڵی ناوبژیوان و دادوەر دەبینێت، بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکە و رەوایەتیدان بە خەباتی یەکێک لەو دوو لایەنە. لەم هاوکێشەیەدا ئەگەر دادوەرەکە، بەهێز بێت و پەیڕەوی دادپەروەری و یاسای سروشت بکات، رەوایەتی دەداتە خەباتی ویژدان و مرۆڤەکە وەک کەسێکی ئاسایی و عەقڵانی رەفتار دەکات و دەبێتە مرۆڤێکی سوودبەخش، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر دادوەرەکە لاواز بێت، رەوایەتی دەداتە رۆڵی غەریزەکان و لە ئەنجامیشدا ئەو مرۆڤە دەبێتە مرۆڤێکی نائاسایی و ناعەقڵانی و گەندەڵ.

**لە دۆخی کۆمەڵگەدا بە گشتی:**

ئەو راستییە دەروونناسییە پێمان دەڵێت لە هەموو مرۆڤێکیشدا بەهەمان شێوەی حکومەتەکان، سیستەمێک هەیە و چەند دەسەڵاتێک هەیە بۆ بەڕێوەبردنی. ئەگەرلە بەرامبەر یەکتریدا دایبنێین، دەتوانین ئاوای ببینین کە (من) بریتییە لە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)، (منی باڵا) و (نزمەمن) بریتیین لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی (یاسادانان) و (منی بەرگریکەر)یش بریتییە لە دەسەڵاتی دادوەری. ڕەنگە مرۆڤ بپرسێت ئەی دەسەڵاتی چوارەم لە دەزگا دەروونییەکەی مرۆڤدا، هەیە؟ بێگومان ئەویش هەیە. لە سیستەمی دەروونی مرۆڤدا (ئەو) هەیە. ئەو بریتییە لەویدی یان هەر کەسێکی تر کە لەبەرامبەر (من)ی کەسەکە ڕاوەستاوە، کە ڕۆڵی چاودێر دەبینێت و دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم بەسەریەوە. لە کاتێکدا کە ئەو سێ دەسەڵاتەی دیکەی ناواخنی مرۆڤ کاری خۆیان ئەنجام نەدەن، ئینجا (ئەو) دێت و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە هەر چواردەسەڵاتەکە، لە سیستەمی دەروونی مرۆڤدا بوونی هەیە.

ئەم بەراوردە و دۆزینەوەی لینکی نێوان دەروونی تاک ودەروونی کۆمەڵ، یان بە گوزارەیەکی تر سیستەمی تاک و سیستەمی گشتی، دوای بیرکردنەوەیەکی باش و تاوتوێکردنی لایەنە زانستییەکەی و دڵنیابوون لە ئەنجامەکەی ئینجا بڕیارم دا وەک تیۆرییەک بیخەمە ڕوو. ئەم بیرکردنەوەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێو ئێمەی کورددا و لە گفتوگۆ سیاسییەکانماندا زۆرجار هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن بە خراپ و خەتەر لێک دەدرێتەوە، بەڵام ڕاستییە زانستییەکە پێمان دەڵێت هەبوونی ململانێ چ بۆ ستاتووی کەسایەتی تاک، چ بۆ ستاتووی کۆمەڵگە، دۆخێکی تەندروستییە و ئەگەر سروشتی ململانێکە لەسەربنەمایەکی دروست بنیات نرابێت و هەڵسەنگاندنێکی دادوەرانەی بۆ بکەین، ئەنجامەکەشی تەندروست دەبێت و لە بەرژەوەندی گشتیدایە.

با بزانین کە لە تاکدا ئەو ململانێیەی دەروونی مرۆڤ، لەبەرژەوەندی کەسایەتی تاکەکەدایە، ئەی لەسەرئاستی کۆمەڵدا چۆنە؟ چونکە بە پێی پێناسەی سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگە ئۆرگانێکی زیندووە و کۆمەڵگە بریتییە لە کۆی تاکە زیندووەکان. وەک چۆن دەروونی تایبەتی و تاکەکەسی بوونی هەیە، ئاواش "دەروونی گشتی" کۆمەڵگەیی بوونی هەیە. لەناو کۆمەڵگەشدا کەسانێک هەن عەقڵ ڕابەریانە، کەسانێکیش هەن غەریزە بەڕێوەبەریانە. ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو عەقڵ و غەریزەیەش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی ترجیاوازە، بۆیە لە نێو کۆمەڵگەدا تەنها دوو چین و دوو توێژ نییە و چەندین ئاست و توێژ دروستدەبێت و لە نێوان ئەمانەشدا ناکۆکی و ململانێ دروستدەبێت، کە ئەمەش بە پێوەری زانستە مرۆییەکان، ئاساییە.

پەرلەمان کە دەزگای یاسادانانە لەسیستەمی حوکمڕانی دیموکراسیدا ڕێک بە مانای (نوێنەری خەڵک) دێت، لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەشدا کەسانێکی جۆراوجۆر کە نوێنەرایەتی ئەو چین و توێژانە دەکەن، کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کورسی دەگرن. ئەگەر لە نێو کۆمەڵگەدا حیزبی جیاواز بە بیروباوەڕی جیاوازەوە، بوونی نەبێت، دەشێ پەرلەمان نوێنەرەکانی هەمەڕەنگ نەبن و پەرلەمانێکی یەکڕەنگ و یەک دەنگیش، ناتوانێ بەرژەوەندی گەل بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بپارێزێت. بەڵام ئەگەر پەرلەمان بریتی بێت لە نوێنەرانی خەڵک و حیزبی جیاواز بە بیروباوەڕی جیاوازەوە، ئەودەم وەک چۆن لە کەسایەتی مرۆڤدا ململانێکە لە بەرژەوەندی کەسەکەدا بوو، ئاواش لە ناو پەرلەماندا ململانێکە لە بەرژەوەندی خەڵکەکەدا دەبێت.

دەسەڵاتی پەرلەمانە کە حکومەت دەستنیشان دەکات، بۆیە پەرلەمانێکی فرەڕەنگ ودەنگ، لە ئەنجامی ململانێ و گفتوگۆکانیدا دەتوانێت باشترین حکومەت دابنێت و متمانەی پێبدات، بۆ ئەوەی حکومەتێک بێت یاساکانی پەرلەمان جێبەجێ بکات و خزمەتگوزاری بۆ خەڵک فەراهەم بکات. ئەگەر ئەم ئەرکەشی ڕانەپەڕاند متمانەی لێوەردەگرێتەوە و حکومەت هەڵدەوەشێنێتەوە. دەسەڵاتی دادوەری پێویستە بەهێز و سەربەخۆ بێت، تا بتوانێت لە کاتی هەبوونی ململانێی توند و بەئاکامنەگەیشتوو لەسەرهەر پرسێک یان گومانێکی گەندەڵی و سستی حکومەت و پەستی خەڵک، ڕۆڵی هەڵسەنگێنەرێکی بێلایەن و بڕیاردەرێکی بێمنەت ببینێت. ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بێهێز و لایەنگر بوو، دەبێتە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و دەشێ لە یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا لایەنی ناهەقی و گەندەڵی بگرێت.

بە هەمان شێوە دەسەڵاتی چوارەم، کە بریتییە لە ماسمیدیا بەهەموو جۆرەکانییەوە، چاودێرانی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە ڕۆڵی ڕەخنەگر و هەڵسەنگێنەرێکی ئۆبجەکتیڤ و لۆجیکی بگێڕن. ئەمانەش ئەگەر خۆیان کرد بە بەشێک لە کێشەکان، ئەوسا دەشێ لایەنی ناهەق بگرن لەبەرامبەر هەقدا، یانیش هەڵە بچووکەکان گەورە و گەورەکانیش بچووک بکەنەوە. لەم دۆخەشدا دەبن بە دەسەڵاتێکی ناتەندروست.

**لە دۆخی کوردستاندا بە تایبەتی:**

لەکوردستاندا، حیزبە سیاسییەکان سروشتێکی تایبەتیان هەیە، بەهۆی ئەو سروشتە ئاڵۆزەی کە دۆخە مێژوویی و جوگرافیاکەی بەسەر سیاسەتەکەیدا سەپاندوویەتی. حیزبەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خۆیان ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان بینییوە لەبەرامبەر داگیرکەرانی هەرچوار بەشەکەی. لە باشووری کوردستانیشدا هەتا پێنج ساڵ لەمەوبەر حیزبەکان ئۆپۆزیسیۆن بوون و لەوە بەدواشەوە بەهۆی چەسپینی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا، خۆیان وەک بەشێک لە دەسەڵاتی عێراق ناساندووە و چیدی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق ناگێڕن.

بەم شێوەیەش حکومەت و پەرلەمان و هەموو دامودەزگاکانی تری کوردستان تا پێنج ساڵ لەمەو بەر ئۆپۆزیسیۆن بوون، بەڵام لەدوای ئەوەوە کە دەستووری فیدراڵی دانی بە حکومەت وپەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا نا و ڕەوایەتی دەستووری پێبەخشرا، بوو بە دەسەڵاتێکی ئاسایی. پەرلەمانی کوردستان ئەگەرچی نوێنەری چەندین حیزبی جیاواز لە بیروڕای تێدا بوو، بەڵام بەهۆی بەشداری هەموویان لە کابینەی حکومەت و بەشداری هەموویان لە هەموو دامودەزگاکانی تری کۆمەڵگەدا، ڕای جیاواز و ململانێ لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا دروست نەدەبوو.

دەبوایە لەگەڵ گۆڕینی کەشوهەوای سیاسی و چەسپینی سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا، پەرلەمانێکی تازەش لەسەربنچینەی بیروڕای جیاواز و ئۆپۆزیسیۆنی یەکتری، بنیاتنرابا، تا لە ئەنجامی گفتوگۆی بنیاتنەرانە و لانەگری بەرژەوەندیەکانی میللەت و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی، یاساگەلێکی نموونەیی بەرهەم هاتبا و، چاودێرییەکی دڵسۆزانەی جێبەجێکردنیان،کرابا.

بە پێی ئەو تیۆرییە دەروونییەی کە لەسەرتاکەکەس ڕوونمان کردەوە و بەراوردمان کرد لەگەڵ دەروونی گشتی کۆمەڵگە، ململانێکانی نێوان حیزب و لایەنە ڕکابەرەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی یەکتریدایە، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ڕاست و تەندروست،دروست ببن. حیزبێک، ئەگەر ڕکابەری هەبێت، هەمیشە تێدەکۆشێت بۆ ئەنجامدانی باشترین بەرنامە، تا پێشڕەوێتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان لە توخمەکانی ئەو بن و حکومەتیش ئەو پێکی بهێنێت. حیزبێک بۆ ئەوەی دەسەڵات لە دەست نەدا، ڕۆژانە کاژی کۆن فڕێ دەدات و هی نوێ دروست دەکات و ڕیفۆرم دەبێتە خەمێکی ڕۆژانەی. دەست لە پێوەرە کۆنەکان هەڵدەگرن و هی سەردەمی بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ سەردەمەکە،نەک سەردەمەکە لەگەڵ خۆیان بگونجێنن. بۆیە ئەو ململانێیەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی خۆماڵی دەیخوڵقێنێت، دەبێتە هۆی شەپۆلدانێکی تەندروست و بەهۆی برێوی ئەو شەپۆلانەشەوە، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بەرهەم دێت.

**مەترسییەکان کامانەن:**

لە ئاستی تاکەکەسدا: ئەگەر دادوەری دەروونی خۆی گەندەڵ بێت و لایەنی غەریزە بگرێت و بەسەر عەقڵدا زاڵی بکات، مرۆڤێکی بێ ئەرزش و گەندەڵ بەرهەم دەهێنێت. لەبەرامبەر ئەم مرۆڤە گەندەڵەشدا، ئەگەر (ئەو)، واتە خەڵک، ڕەخنەی ڕووخێنەر بگرێت نەک بنیاتنەر، مرۆڤە گەندەڵەکە دەهری دەبێت و خراپتر ڕەفتار دەکات، چونکە هەست بە مەترسی ڕاستەقینە دەکات لە ئەنجامی ئەو هێرشەی لەلایەن ئەویترەوە، دەکرێتە سەری. لە سیستەمی دەروونداد، لەبەرامبەر ئەومەترسیانەدا میکانیزمێک هەیە و پێیدەگوترێت (میکانیزمەکانی بەرگری)، کە بۆ خۆپاراستن بەکاری دەهێنێت. ڕاستە ئەو کەسە میکانیزمەکان بۆ خۆپاراستن بەکاردەهێنێت، بەڵام خودی ئەو میکانیزمانە مەترسییەکی دیکە دروست دەکەن لەلایەن تاکەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگە. چەپاندن، هەڵگەڕانەوە دژی ئەویدی، هەڵگەڕانەوە دژی خوود، تۆمەتبارکردنی ئەویدی و زۆر ڕەفتاری لەم شێوەیە میکانیزمی بەرگرین، بەڵام کە تاک بەرامبەر ئەویدی بەکاری دەهێنێت، لە کۆمەڵگەدا پشێوی دروست دەبێت.

لەسەرئاستی کۆمەڵگەدا: بە هەمان شێوەیە، بەڵام ئاستی کۆبەندی بەخۆیەوە دەبینێ. کە سیستەمی دادوەری دادپەروەر نەبێت و لایەنی گەندەڵی بگرێت، ئەودەم گەندەڵییەکی سیستەماتیکی و ڕێکخراو لە کۆمەڵگەدا دێتە بەرهەم. ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی چوارەم کە ڕۆڵی (ئەو) دەگێڕێن لە هاوکێشە دەروونییەکەدا، ئەگەر بێلایەنانە و ئۆبجەکتیڤ ڕەخنە نەگرن و بچووک گەورەو گەورە بچووک بکەنەوە، لەبەرامبەریدا میکانیزمی بەرگری لەلایەن ئەو گرووپانەوە دروستدەبێت و لە ئاکامیشدا نە گەندەڵی چارەسەر دەبێت و میکانیزمی بەرگری توند لەلایەن هەر گرووپێکەوە دروستدەکات و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵێ و فەوزای سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری.

**ئەنجام:**

یەکەم: لە ئاستی سیستەمی دەروونی تاکەکەسدا، تا ململانێی بەشەکانی هۆشی ناوەکی مرۆڤ توندتر و سەختتر بێت، کەسایەتی مرۆڤەکە نموونەییتر دەبێت. دادوەری دەروونی تا سەربەخۆ و بەهێز و بێلایەنتر کاری خۆی ئەنجام بدات بێت، زیاتر ڕەوایەتی دەداتە عەقڵ لە بەرامبەر غەریزەدا و بەمەش مرۆڤێکی باش و بەکەڵک، کەسایەتییەکی هاوسەنگ پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات.

دووەم: لە ئاستی سیستەمی دەروونی گشتی کۆمەڵگەشدا، تا ململانێی نێوان حیزبەکان و شەپۆلە فیکری و سیاسییەکان زۆرتر و قایمتر و زانستیتر بێت، هەر یەک لە حیزبەکان هەوڵی زیاتری بوون بە نموونەی باڵا و پێشەنگێتی دەدەن و لە ئاکامی ئەمەشدا پەرلەمانێکی زیندوو، حکومەتێکی کارامە، سیستەمێکی دادوەری دادپەروەر و بەهێز، خەڵکێکی هۆشیار، دروست دەبێت.

سێیەم: ڕۆڵی چاودێرو ڕکابەر ئەوەندە گرنگییەکی دەروونی هەیە بۆ مرۆڤ، ئەگەر کەس نەبوو ڕۆڵی (ئەو) یان چاودێر بگێڕێت بەسەر تاکەکەسدا، مرۆڤ پێویستە خۆی ئەو دژە پەیدا بکات بۆ خۆی، تا ململانێی بکات و ئەمیش هەنگاوەکانی خۆی لەبەرامبەریدا گورجتر بکاتەوە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتییەکەی و پێشکەوتنی زیاتر. بە هەمان شێوە لە ئاستی کۆمەڵگەشدا، ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە گرنگە بۆ گەشەسەندنی حیزب و گروپەکان و لە ئەنجامیشدا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بۆیە ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتیش ڕکابەریان بۆ دروست نەبوو، حیزبەکان پێویستە خۆیان هەوڵی دروستکردنی ڕکابەرێکی جیدی بۆ خۆیان بدەن و لەبەرامبەردا ڕۆژانە خۆیان نوێ بکەنەوە و بەربەرەکانێی بکەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر و پێشکەوتنی زیاتر.

چوارەم: بۆ پاراستنی کیانی تاکەکەس، ئۆپۆزسیۆنی دەروونی نابێت پێشت بەستوو بێت بە هێزی ناڕەوا و دەرەکی، توندڕەوی توخمەکانی هۆشی ناوەکی نەگاتە ئەو ئاستەی مرۆڤ شێت و دەهری بکات و بیکاتە مرۆڤێکی خۆکوژ و کۆکوژ. بۆ پاراستنی کیانی نەتەوەیی و نیشتیمانییش، نابێت ئۆپۆزسیۆن پشت بە هێزی دەرەکی و وزەی ناڕەوا ببەستێ و توندوتیژی ململانێکەی بگاتە ئاستێک کە ئاسایشی کۆمەڵگە بخاتە خەتەرەوە و لەجیاتی چاکتر، خراپتری بکات و لە جیاتی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر، ئەوەش کە هەیە لە ناوی ببات.

پێنجەم: ئۆپۆزسیۆنی تەندروست، پێویستە خۆماڵی بێت، لە ئەنجامی پێویستی قۆناخەکەوە دروست بووبێت و لەپێناوی مرۆڤدا بێت. لە هەموو حاڵەتێکدا، چ حیزبەکانی دەسەڵات و چ ڕکابەرەکانیان، پێویستە ئامانجیان مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە بێت و دامودەزگاکانی وڵات تەنها بە ئامراز بزانرێت بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری زیاتر بۆ مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# گیرفانە دەستوور

"سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێری گشتیی و ئەندامانی پەرلەمان شایەنی چەند ماف و ئیمتیازێکن کە سەربەخۆیی و رەوشێکی ژیانی گونجاویان بۆ دابین بکەن، ئەمەش بە یاسایەک دیاریدەکرێ و رێکدەخرێ".

ئەو رستەیەی سەرەوە نە وەسێتی سەرمایەدارێکە لە کاتی سەرەمەرگدا، نە خاڵێکیشە لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمپانیایەکدا ، نە رێنمایی پرۆژەیەکە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و لەبنهێنان لە کوردستاندا. ئەوە ماددەی (51)ە لەو دەستوورە گۆڕدراوەی خەڵک نەیدیوە و پەرلەمانی کوردستان بە تێپەڕاندنی، کارێکی هەڵەی دیکەی کرد.

هەرچەندە بە خۆمانەوە نەدیوە، بەڵام هەر وامان بیستووە گوایە پەرلەمانی هەر وڵاتێک دەبێ نوێنەری خواستی خەڵکەکەی بێت و هەموو بڕیارەکانی بۆ بەرژەوەندی خەڵک بێت. دوور لەم پەرلەمانەی ئێمە کە هەرگیز سیفەتی نوێنەرایەتی خەڵکی بەخۆیەوە نەدیوە. ئەی ئەوە نییە بووقەکانی حیزب نەبێ، هەموو رۆژنامەکانی کوردستان لە زاری خەڵک و خوێندەواری کوردستانەوە، بەرهەڵستکاریی خۆیان بۆ بە پەلەپڕووزێ تێپەڕاندنی دەستوور نیشاندەدەن، بەڵام پەرلەمانی کوردستان ئەم هەموو دەنگە نابیستێ، کەچی بە فیکەی حیزب، دەستەکان قیت دەبنەوە. دەمێکە دەڵێین پەرلەمانی کوردستان هەمیشە مەجلیسی ئەشهەدووبیلای بڕیارەکانی حیزب بووە نەک نوێنەری خەڵک. تێپەڕاندنی دەستوور بە پێچەوانەی خواستی خەڵکەوە، دوا بەڵگەی وابەستەیی پەرلەمانە بە فیکەکانی حیزبەوە.

بەندی (51)ی دەستوورەکەی ینک و پدک تایبەتە بە پڕکردنەوەی گیرفانی پەرلەمانتاران،لەوانەیە کوردستان یەکەم نیمچە وڵاتی دونیا بێت کە هێندە چاوقایم بێت، ئیمتیازات و پارە و پوول بە دەستوور بۆ ئەندامانی پەرلەمانەکەی دابین بکات. وەک بڵێی خەڵکەکەی دیکە، موستەهەقی ژیان نەبن و تەنێ ئەندام پەرلەمان بەشەر بێت. تۆ تەماشاکە، لەو بەندەدا پاساوی پارەڕشتن بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەوە هێنراوەتەوە گوایە بۆ زامنکردنی سەربەخۆییانە، بە واتایەکی دیکە، نرخ دانانە بۆ ویژدانی پەرلەمانتار، دیاریکردنی نرخی پەرلەمانتارە، پارەم بدەرێ باشم، پارەم نەدەنێ بەدم. دەستوورنووسەکان بزانن یان نا، بەو بەندە سووکایەتی بە کەسێتی پەرلەمانتار دەکەن.

دەستی پەرلەمانتاری کورد، دەستێکی لە تەختە دروستکراوی قەرەقۆزانەیە کە پەتەکەی بە دەستی حیزبەوەیە و هەر حیزبیش کەی ویستی بەرزی دەکاتەوە، جەستەی پەرلەمانتاری کورد شوێنێکی تێدا نییە بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان، تەنێ مەعیدەیەکی گەورە و دەستێکی لە تەختە دروستکراوە. ئەگەر لە وڵاتاندا مەرجی بوون بە ئەندام پەرلەمان بریتی بێت لەوەی خاوەنی ویژدانێکی زیندوو، کەسێتییەکی بەهێز و دادخواز و خوێندەوار بێت، ئەوە لە کوردستاندا ئەو مەرجانە حیزب دیاری دەکەن و بریتییە لەوەی کەسێکی لاواز و بێکاریگەری و بێ ئیرادەی ویژدان نوستوو بێت.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# هانابردن بۆ بەغدا

دەستووری هەرێمی کوردستان کە هەفتەی رابردوو بە پەلە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا، لەلایەن زۆر کەس و ناوەندی جیاوازەوە رەتدەکرێتەوەو رەخنەی توندی لێ دەگیرێ. دیارە هەر یەکەو بۆ مەبەستێک لەو پرۆژە دەستوورە نارازین.

لایەنە عێراقییەکان بەتایبەتی تورکمان و عەرەبە شۆڤێنیستەکان پێیانوایە دەستوورەکە بەگیانێکی نەتەوەپەرستانەو جوداخوازانە نووسراوەو زۆر ناوچەو دەڤەری عەرەبی بە نارەوا خراونەتە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان کە مەبەستییان ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە.

هەندێ رۆشنبیرو رووناکبیری کوردیش لەو روانگەیەوە، دەستوورەکە رەتدەکەنەوە چونکە وەک دەستووری عێراق پڕە لە پارادۆکس ودژبەیەکی و دەستوورێکی فوول ئیسلامییانەیە، بەڵگەشیان ماددەی شەشەمە کە تێیدا هاتووە" بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانن و نابێ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام"، کە ئەمە هیچ نرخ وبەهایەک بۆ برگەی دواتری ماددەکە ناهێڵێتەوە کە دەڵێ " نابێ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی".

هەندێک هێزو لایەنیش بۆیە دژایەتی دەستوور دەکەن چونکە بە قسەی ئەوان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆرن و رۆڵی پەرلەمانی کوردستان بچووک کراوەتەوەو تەنانەت بووەتە شتێکی کارتۆنی، بەمەش وەک خۆیان دەڵێن پەسەندکەرانی دەستوور دەیانەوێ کوردستان بەرەو دیکتاتۆریی ببەن. ئەمە هەڵوێستی لیستی گۆڕان و بەڕێز نەوشیروان مستەفایە.

نەوشیروان ئەگەرچی دەستووری کوردستان بە دەستوورێکی کۆنەپەرستانە ناودەبات، بەڵام تائێستا جگە لە رەخنەگرتن لە زۆری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیچ لایەنێکی کۆنەپەرستانەی دەستووری بۆ خەڵکی روون نەکردووەتەوە. بۆ نموونە تائێستا نەوشیروان رەخنەیەکی بچووکیشی لە ماددەی شەش نەگرتووە. پێدەچێ وەک تاکتیکێکی هەڵبژاردن نەیەوێ ناوەندە کۆنسێرڤەتیڤەکان لە خۆی توورە بکات.

ئەوەی زۆر جێی سەرنجە کاک نەوشیروان لە دیدارێکی چەند رۆژ لەمەوبەری لەگەڵ کەناڵی (الحره )هەڕەشەی ئەوەی کرد لە دژی دەستووری کوردستان پەنا بۆ دادگەی فیدراڵی دەبات لە بەغدا. پرسیار ئەوەیە ئایا دەستووری عێراق لە دەستووری کوردستان باشترو دیموکراتیتر و پێشکەوتووترە؟ ئەگەر نیگەرانی نەوشیروان پرسی سیستەمی سەرۆکایەتی وپەرلەمانییە، راستە سیستەمی عێراق بەپێی دەستوور پەرلەمانییە، بەڵام ئایا بۆچی هەوڵە تاکڕەوخوازییەکانی مالیکیش نابینێت کە زۆربەی لایەنەکانی عێراقی بێزار کردووەو تەنانەت رۆژنامەی (واشنتن پۆست) رۆژی 6/25 دەڵێ مالیکی دەیەوێ ببێتە سەددامێکی دیکە. مەگەر دیکتاتۆریی و تاکڕەوی هەر دیکتاتۆری وتاکڕەوی نییە، سەرۆکی هەرێم بیکات یا سەرۆک وەزیرانی عێراق؟

دەسەڵاتدارانی بەغدا جیا لەوەی هێزی تایفەپەرست و کۆنسێرڤەتیڤن، دوژمنی سەرسەختی سیکیولاریزم و ئازادییە کەسییەکانیشن و ئەو هێزە نین خەڵکێک بانگەشەی گۆڕان بکات و خۆی بە سیکیولار و پێشکەوتووخواز بزانێت، هانایان بۆ ببات.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# هەموو لیستەکان.. تای دەسەڵات گرتوونی

ئەوپەڕی ئاساییە دەسەڵاتدار لە وڵاتی ئێمەدا ببێتە ئامانجی تانەو تەشەر. ئاساییە خەڵکی کوردستان، تا ئاستی تۆمەتبارکردنی دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵات رەخنە لە دەسەڵات بگرن و خواخوایان بێ ئەوەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی لە دەستدایە، سبەینێ بێدەسەڵات بکرێ و دەسەڵاتداری سبەینێ ئەوەندە عەمرکورت بێ نەگاتە دووسبەی. خەڵکانی وڵاتێک نیوەی خاکەکەی لە دەست چووبێ و رێکلام بۆ ئەوە بکەن کە لە بواری هونەری راپ و باداندا پێشکەوتوون و نەوێرن یا نەیانەوێ ریکلام بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بکەن بۆ سەر خاکی دایک، نیازیان چییە و بە تەمای چین؟! کام لایەن گوتوویەتی: "خەڵکینە! بە خۆشی بێ یا ناخۆشی، کەرکووک دەگەڕێنینەوە سەر کوردستان!"؟

لایەنێک نییە بتوانێ کەرکووکییەک کە شەش ساڵە لە سێبەری بێ بەڵێنییەکانیاندا، لە شارەکەی خۆیدا ئاوارەیە بکاتە ریکلام و کەرەسەی بردنەوەی هەڵبژاردن. تۆ بڵێی ئەو لایەنانە نەیانەوێ درۆی شاخدار بکەن و بڵێن کەرکووک وەردەگرینەوە! یان، تۆ بڵێی ئەوەندە حیساب بۆ خەڵکی کوردستان بکەن بەڵێنێک نەدەن نەیهێننە دی! نا، ئەوان حیساب بۆ دڵی تورکیا و ئێران و بەرەی تورکمانی دەکەن نەک کوردی ئاوارە. باسی کەرکووک بە شێوەی ریکلام دڵی ئەو دەوڵەتانە دەڕەنجێنێ و ئەو بۆرییانە دادەخرێن کە پارەیان پێدا دەڕواتە دەرەوە. ئەگەر وا نییە، با گەڕانەوەی کەرکووک بکەنە ریکلام!!

لایەنەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتدارن، پیرەژن و پیرەمێردی برسی و هەڵقرچاوی ئاوارەی کەرکووک و پاشماوەی ئەنفال ناکەنە کەرەسەی ریکلام، بەڵام هەندێ لەو ژنانەی تەقڵەی مامەحەمە و جەستە و تەمەن و دەستکەوت و پێشکەوتنخوازی! و نوێگەرایی! و عەولەمە! کردوونی بە هونەرمەند کەرەسەی ریکلامن و لستەکان نازانن ئەوانە کاریگەریی پێچەوانەیان دەبێ. پاشماوەکانی ئەنفال و ئاوارەکانی کەرکووک، وەک شتی پیس دەخرێنە بن بەڕەی لیستەکانەوە تا کەس چاوی پێیان نەکەوێ و ئابڕووی لیست و دەسەڵات و حیزب نەچێ. دەنگ بە کێ بدەین؟! منێکی کەرکووکی یان کەسێک کە خەمی کەرکووکی بێ تەماشای کەلاوەی کەرکووکییەکان دەکەین نەک لەشولاری هونەرمەندۆکەکان یان بەژنی بڵندی ئاقاییەکانی زەکەریا و بازاڕە مۆدێرنەکان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک. ئەوەی دەیەوێ دەسەڵات لە سێ شاری باشووردا بگرێتە دەست، لە راستیدا گەرەکێتی دوای هەڵبژاردن بە خیانەتکار ناوزەد بکرێ. ئەوەی دەیەوێ سنووری دەسەڵاتەکەی کەرکووکی تێدا نەبێ، ئەفەندییەکە، ناوقەدی بە سەرەوە دوامۆدەیە و ناوقەدی بە خوارەوە رووتە، کەچی لەو چارەنووسەی خۆی ناترسێ.

بەڵێ راپ و هونەری ئابڕووبەرانە و بەرنامەی لە خشتەبردن و ژن بەکوشتدان دەکرێنە کەرەسەی ریکلام بەڵام جیاوازی قوتابخانەی هەژاران و خواپێداوان کە رووی ئاشکرا و دزێوی گەندەڵکارییە، دەخرێتە بن بەڕەوە. تێروتەسەلی ئەوانەی لە سەر دەسەڵات دەژین و دەستکەوتیان زۆرە، ریکلامە بەڵام کەس باسی ئەوە ناکا بە هۆی بەرزەپرد و دیمەنی جوانی شارەوە رێی کەروعارەبانەی هەژاران گیراوە و هەژاران ناچار کراون ببنە ئاسایش و پۆلیسی بێکار و هیچ کارە!

چۆنە لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا دەستوور دانەندرا کەچی بەم پەلەپڕووزێیە و لە کاتێکدا مەودای رەسمی و شەرعی پەرلەمان بە سەر چووە و بێ ئەوەی مەودا بە خەڵکی کوردستان بدرێ لێی ورد بێتەوە دەستوور دادەندرێ؟ ئەمە بۆ ئەوەیە بڵێین دەستوور یەکێکە لە بەرهەمەکانی پەرلەمانی ئەو ماوەیە؟! ئەی بۆ نەڵێین ئەو دەستوورە سەقەتەی کە بە بێ گفتوگۆی خەڵک تێپەڕێندرا، پۆخڵەواتی ئەو پەرلەمانەیە؟!

ئەوانەمان تاقی کردەوە کە تائێستا دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە و پێدەچێ دوای هەڵبژاردنیش، نەختێ بە لاوازییەوە بە دەستیانەوە بمێنێ. ئەوانە لە هیچ و لە کەس نەدەترسان و نەدەسڵەمینەوە و باکیان لە هیچ نەبوو و بە کەیفی خۆیانیان دەکرد، بەڵام ئیسلامییەکان خوایەکیان هەیە لێی بترسن و رەنگە لە ترسی ئاگری دۆزەخ نەوێرن دزیی گەورە بکەن. دەنگ بە ئیسلامیەکان بدەین؟! ئەوانیش هەر (لە ترسی خوا) لە رێنماییەکانی سعوودیە و ئێران و تورکیا دەرناچن و لانادەن.. ئەوانیش پێ ناچێ بە لایانەوە گرنگ بێ کەرکووک بگەڕێتەوە یا نا.

ئێستا کە گوێم لە لێدوانی سیاسەتمەدارەکان دەبێ چۆن بە بەژنی کەسانێکدا هەڵدەڵێن دەیان ساڵە کۆمەڵگەیان لێ تیژ دەکەن و بە خیانەتکار ناویان دەبەن، لە دینی سیاسەت دەردەچم. قسەی ئەوسایان درۆ بوو یا ئەوەی ئێستایان؟! ناکرێ یەکێکیان درۆ نەبێ و من درۆزنی وا بە حاکمی خۆم بناسم؟! ئەوسا باوەڕم پێیان نەدەکرد بۆیە کۆنەپەرست و بەد بووم. ئێستاش باوەڕیان پێ ناکەم با ئاژاوەگێڕ بم. باشە دەسەڵات و کورسییەکەی ئەوەندە دێنن ئەو هەموو ناوێڵی و درۆ و دووڕووییەیان بۆ بکرێ؟! کاکم بۆ کوشتنی هاوڕێیەکی خۆی خمی دەپێوا، کەچی بۆ کورسییەک مێشی لە خۆی کردووەتە گامێش! کێی بە کوشتنی هاوڕێکەی تۆمەتبار دەکرد، ئەوی کردە مەولای خۆی. بۆچی؟! تا مەزن بێ؟! ئای کە تای دەسەڵات بچووکی کردووەتەوە!



هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# مافێک هەیە پشتگوێی مەخەن

یەکێک لە پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی کوردستان پێشنیازی دیبەیت ( گەنگەشە)یێکی رووبەڕووی کردبوو لەگەڵ سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان کە ئەویش خۆی پاڵاوتووە. لێ تا ئێستایش بەرسڤێکی روونی ئەو داواکارییەم لە هیچ شوێنێکدا نەدیت و نەبیست. یەکێک لەوانەی تاڵەمووی سپیکردوون لە پرسە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا و لە رەوشەکە تێدەگات دەڵێت: " ئەوەندەی من بزانم سەرۆکی کوردستان خۆی ناهێنێتە ئەو ئاستە کە بکەوێتە گەنگەشەوە لەگەڵ رکابەرەکانی لە هەڵبژاردندا". ئەو دۆستە مەسەلەی رابردووی سەرۆکی کوردستان وەک بەڵگە دەهێنێتەوە کە گوایە وایکردووە ئەو پێویستیی بەوە نەبێت بە دەنگدەرانی بسەلمێنێ کە بە بەراورد لەگەڵ رکابەرەکانیدا شایستەترە بۆ بوونە راسپێردراوی گەل بۆ سەرۆکایەتی وڵات لە چوارساڵی ئایندەدا. دواتریش ئەو دۆستەمان پێیوایە کە هێشتا دەنگدەری باشووری کوردستان ماویەتی بۆ ئەوەی بە هۆی سەیرکردنی دیبەیتی نێوان پاڵێوراوانەوە خۆی یەکلایی بکاتەوە لە هەڵبژاردنەکاندا.

ئەوی راستیبێت بۆ من هیچ یەک لەو ئارگومێنتانە قایلکەر نین. چونکە ئەوەی کە سەرۆکی کوردستان پێداگیری کردووە کە لە رێی پەرلەمانەوە نا بەڵکو راستەوخۆ لە رێگەی گەلەوە سەرۆکی تازە هەڵببژێردرێت نیشانەی ئەوەیە کە نرخی زۆرتر بۆ رای دەنگدەران دادەنێ و وەک خۆیشی گوتوویەتی دەیەوێت کە دەرچوو سەرۆکێکی هەڵبژێردراو بێ نەک دامەزرێنراو. دواتریش وا زانراوە کە سەرۆک و سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و دیمۆکراسییە تازەکان تا پێیان بکرێ خۆیان دەبوێرن لە تاقیکردنەوەی رادەی جەماوەرێتییان لەناو گەل دا. بۆیەش بەشداری لە هیچ هەڵبژاردنێکدا ناکەن ئەگەر نەزانن شتێک کەمتر لە 100%ی دەنگەکان دێنن! لێ سەرەرای ئەوەی کە سەرۆکی ئێستای کوردستان چاکدەزانێ لەو هەڵبژاردنەدا دەنگی نارازی زۆرن و رێژەی باوی شتێک کەمتر لە سەدلەسەدیش نابێت، کەچی رادەی جەماوەرێتی خۆی هەر تاقیدەکاتەوە.

دواییش راستە زۆربەی دەنگدەرانی کوردستان کەمتر پێویستییان بە دیبەیتی پاڵێوراوان هەیە بۆ خۆیەکلایی کردنەوەیان لە دەنگدان دا. چونکە زۆرتر ئەوەی بڕیار دەدات ئەوان دەنگ بە کێ بدەن ئەو گرووپانەن کە ئینتیمایان بۆیان هەیە و پێشوەختە پشتیوانی خۆیان بۆ یەکێک لە پاڵێوراوان نیشانداوە، بەڵام جوانی دیمۆکراسیی راستەقینە لەوەدایە کە کەمینەیش کە خۆیان دەیانەوێ شایستەیی پاڵێواران هەڵسەنگێنن و بڕیاربدەن دەنگ بە کێ دەدەن بە رادەی پێویست هەموو پاڵێوراوان بناسن و زانیارییان لەسەریان هەبێ.

دیبەیتی نێوان پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی کوردستان هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە کێ خۆی دێنێتە ئاستی کێ. بەڵکو مەسەلەکە زۆرتر پێدانی مافە هەم بە پاڵێوراوان و هەمیش دەنگدەران. فەلسەفەی سازکردنی ئەو دیبەیتانە ئەوەیە کە لەلایەکەوە هەموو پاڵێوراوان هەلی یەکسانیان دەدرێتێ تا خۆیان بناسێنن و روونیشی بکەنەوە کە ئەگەر بوون بە سەرۆک چی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە وادەکات کە دەنگدەران چاکتر ئەو کەسە بناسن کە دەنگی پێدەدەن و دواتریش بتوانن پاش هەڵبژاردنەکان بەڵێنە دراوەکان وەبیر کاندیداکەیان بێننەوە.

بۆیە کارێکی چاک دەبێت ئەگەر کەناڵی فەرمی تەلەڤزیۆنی حکومەتی کوردستان زنجیرە گەنگەشەیەک لە نێوان پاڵێوراواندا رێکبخات و زۆریش خۆشدەبێت ئەگەر پاڵێواران، بە سەرۆکی ئێستای کوردستانیشەوە، بەشداری لەو دیبەیتانەدا بکەن و مافی ئەو دەنگدەرانەی دەیانەوێ زۆرتر لە بارەیانەوە بزانن پشتگوێنەخەن.



کاوە ئەمین - سوێد
kawe35@hotmail.com

# بانگەشەی ئاگرین

چەند رۆژێکە باشووری کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی بووەتە مەیدانی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام ئەوەی زیاتر دەیبینین تەنها لێدانی دەهۆڵ و زوڕنایە و جارجارێکیش خەڵک خۆیان دەکەن بەو شوێنانەی کە حیزب و لیستەکان وەکو شوێنی بانگەشەی هەڵبژاردن بە سیمبوڵی لیستەکانیان رازاندوویاننەتەوە کە بەلای منەوە زیاتر لە کۆڕی پرسە و رۆژانی جەژن دەچن.

لەگەڵ ئەوەی کە تائێستا هیچ رووداوێکی ناخۆش و گەورە روویندداوە، بەڵام لێرەو لەوێ باسی دەمەقاڵێی نێوان لایەنگرانی یەکێتی و لیستی گۆڕان دەکرێت، دەگوترێ چەند شەوێک پێش ئێستا لە جادەی سەهۆڵکە لە سلێمانی شەڕە چەقۆ لە نێوان لایەنگرانی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی روویداوە. شەوی هەینی لەسەر شەممەیش کاژێری یانزدەی شەو، کۆمەڵێک گەنجی سەر بە لیستی گۆڕان کە زۆربەیان تەمەنیان لەژێر هەژدە ساڵییەوە بوو، لەسەر جادەی توی مەلیک، نزیک بازنەی مەلیک مەحموود، لەبەردەم بارەگای گۆڕان بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین هاتبوونە سەر جادەکە و رێگاکەیان تەسک کردبووەو قسەی ناشیرینیان دەوتەوە، بۆیە لە نێو خەڵکدا مەترسی ئەوە هەیە لەگەڵ نزیکبوونەوەی رۆژی هەڵبژاردندا گرژییەکان زیاتر بن. لەبەر ئەوەش پێویستە هەموو لایەنە بەشداربووەکان و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرچییەکان لە دەست دێت بۆ رێگاگرتن لە رووداوی ناخۆش، بیگرنە بەر، بەتایبەتی سەرۆکی لیستەکان داوا لە لایەنگرەکانیان بکەن رێزی بیروباوەڕە جیاوازەکان بگرن و خۆیان لەو جۆرە پروپاگەندانە بپارێزن کە دەبنە هۆی بریندارکردنی هەستی یەکتری.

هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو هەیە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە چاودێرانی وڵاتانی دنیا دێنە کوردستان و لە نزیکەوە شەقام و سندوقی دەنگەکان دەشۆپێنن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەرچییەکیان لەدەست بێت بۆ ناشیرینکردنی کورد و کێشە رەواکەی لە دنیادا، درێخی ناکەن.

خاڵێکی لاواز لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەی باشووری کوردستاندا نەبوونی ئامارگیرییەکی راستەقینەیە، چونکە تا ئێستاش نازانرێت کام لیست چەند کورسی بەدەست دێنێت، چەند کەس بە شداری هەڵبژاردن دەکات و چەند کەس تائێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە دەنگ بە کام لیست دەدات یان هەر دەنگ نادات.

لە لایەکی دیکەوە راگەیاندنی باشووری کوردستان بە ئەهلی و نائەهلییەوە دابەش بووە بەسەر دوو بەرەدا، ئەوەی یەکەمیان جگە لە رەنگی سپی و رەش هیچ رەنگێکی دیکە نابینن، هەرچی راگەیاندنی حیزبیشە هیچ کەلەبەرێکی بۆ لایەنی بەرانبەر و دەنگی رەخنە نەهێشتووەتەوە و نایەوێت کەموکوڕییەکان ببینێت، بۆیە راشکاوانە دەتوانم بڵێم، راگەیاندنی حیزبی، دەوری هونەرمەندە میللییەکان دەبینن کە کێ پارەی زیاتریان بداتێ بە سەروسمێڵیدا هەڵدەڵێن، ئاخر ئەوەتا رۆژنامەنووس و رووناکبیرانی حیزب هەمان دەور دەبینن و بەموو لە بڕیاری بەرپرسەکانیان لا نادەن.

کاتێک هەڵمەتی راگەیاندنی باشووری کوردستان لەگەڵ وڵاتێکی وەکو سوێد بەراورد بکەین، ئەوکاتە هەست دەکەیت کە ئێمەی رۆژهەڵاتی بە کوردستانەکەی خۆشمانەوە چەند هەژارین لە پێوەرە دیموکراتییەکاندا، ئاخر لایەنگرانی لیستەکان بڕیاری خۆیان داوە و جگە لە کەناڵەکانی خۆیان تەماشای هیچ کەناڵیکی دیکە ناکەن، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو سوێد دەیان رووبەڕوونەوەی تەلەڤزیۆنی بۆ سەرۆکی پارتە رکەبەرەکان دەکرێت و ملیۆنان مرۆڤ لە رێگای ئەو گفتوگۆیانەوە بڕیاری خۆیان دەدەن، دەنگ بدەنە کام حیزب.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من گەشبینم بەم هەڵبژاردنەی ئێستا و پێموایە کە لایەنی دەسەڵاتدار و ئەوانەی ئێستا خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، پاش هەژدە ساڵ حوکمڕانی دەبێت بایی ئەوە فێر بووبن دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکەن، رێگا لە هەموو پێشێلکارییەک بگرن، هەم چاودێرانی بیانی و هەمیش چاودێرانی ناوخۆی کوردستان، روو سپییان بکەن.

گەلی کوردستانیش دەنگ بەکێ دەدات و کێ هەڵدەبژێرێت ئازادە، نابێت بهێڵدرێت رووداوەکانی ئێران لە باشووری کوردستاندا دووبارە ببنەوە.

# هەولێر کچ بووایە دەمخواست



**روودا‌و-عەممان**

عەبدولوەدوود کوردی سەرمایەدار و کەسایەتی ناسراوی ئوردنی، خۆشەویستی و سەرسامی خۆی بە شاری هەولێر دەربڕی وگوتی " دوای بەدواداچوونێکی ورد و تەرخانکردنی چەند کەسێکی پسپۆر بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی شاری هەولێر زۆر لایەنی جوان و ستاتیکام لەم شارەدا دۆزییەوە، کە هیچ شارێکی جیهانی نییەتی، بۆیە بوومەتە عاشقێکی هەولێر، ئەگەر ئەو شارە کچ بایە دەمخواست" . عەبدولوەدوود ساڵی پار کچە شاعیری کورد کەژاڵ ئەحمەدی لە سلێمانی خواست، بەڵام لای ئەو هەولێر لەسەرووی سلێمانییەوەیە . ئەو وێڕای ئەوەی زمانی کوردی نازانێت، بەڵام بەدەنگی حەسەن زیرەک سەرسامە وبە بچووکترین رەخنە و گلەیش لە دەسەڵاتی کوردی تووڕەدەبێت .

# لە دهۆکیش نەرویج لە کۆڵت نابێتەوە

**عەبدوڵلا نهێلی**
**روودا‌و-دهۆک**

ئاراس سوبحی رەشاڤایی کە لە نەرویج نیشتەجێیەو ئێستا یەسەردان گەڕاوەتەوە دهۆک. لە نەرویج ئابوونەی رۆژنامەیەکی لۆکاڵی شاری ئوتای هەیە بەناوی Hardanger folkeblad کە هەفتەی 3 جار دەردەچێت . پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان ستافی دابەشکەری رۆژنامەکە ئاگادار دەکاتەوە کە رۆژنامەکەی بۆ نەنێرن هەتا دەگەڕێتەوە . کەچی وەک ئاراس بە (روودا‌و)ی راگەیاند ئەوان داوایان لێکردووە ناوونیشانی کەسێکییان بداتێ لە دهۆک بۆ ئەوەی رۆژنامەکەی بۆ بنێرنە ئەوێ " دوای هەفتەیەک لە گەیشتنم، پۆستەی دهۆک پەیوەندییان بە هەژاری برامەوە کردو گوتییان لە نەرویجەوە رۆژنامە بۆ ئاراس هاتوون" .هەژار سەرسوڕمانی دهۆک بەتەواوی ناگەنە خۆی نیشاندا لە کاتێکدا رۆژنامەکانی هەولێروسلێمانی و بەپێچەوانەشەوە، کەچی رۆژنامەیەکی لۆکاڵی نەرویجی بە سەدان دۆلار خەرج دەکات بۆ گەیاندنی رۆژنامەکەیان بە خوێنەرەکەی.




# دەستوورییەو بە کوردستانیشدا هەڵدەڵێ



**روودا‌و-هەولێر**

بەندبێژ فاخیر هەریری، سەرۆکی لیستی دەستوور، دوا بەرهەمی خۆی کە بەندێکە بەسەر لیستی کوردستانی و مەسعودبارزانی کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکی هەرێم بڵاو کردەوە . ناوبراو بەر لەوەی ببێتە سەرۆکی لیستی دەستوور ئەو بەرهەمەی ئامادەکردبوو، پێشتریش بە (روودا‌و)ی راگەیاندبوو، ئەگەر لیستی دەستوور مەرجەکانی قبوڵ نەکەن بەرهەمەکە بڵاو دەکاتەوە . هەریری دوای بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکەی بە (روودا‌و)ی راگەیاند "ئێستاش لە لیستی دەستوور ماوم و سەرۆکی لیستەکەشم، بەڵام ئەو بەرهەمەم دەمێکە بۆ لیستی کوردستانی ئامادەکردووەو ئێستاش بڵاوم کردووەتەوە" . ئێستا رۆژانە بەندەکانی هەریری وەک رێکلامێک بۆ لیستی کوردستانی لە کەناڵەکانی پارتی و یەکێتییەوە لێدەدرێن. سەبارەت بە گەیشتنی لیستی دەستووری بۆ پەرلەمان، هەریری گوتی "نازانم چەند کورسی دەهێنین، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە جەماوەرێکی زۆرمان هەیە" .

Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای روودا‌و
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای روودا‌و دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net





ASHTI CITY

پرۆژەی ئاشتی بۆ نیشتەجێبوون
مشروع مدينه أشتي ألاسكاني
ناونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان

هەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویەک کە رووبەری زەویەکەی (250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر لەسەر رێگای نێوان کەسنەزان و بنەسلاوە.

کۆمپانیای جێبەجێکار:
گرووپی کۆمپانیاکانی گەلالە، کە بە سەرپەرشتی دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی ئیسکان دەیگرێتەوە.



پرۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێرخانەکان:
شەقامی سەرەکی و نا سەرەکی /تۆری ئاوی خواردنەوە/تۆری دابەشکردنی وزەی کارەبا/تۆری ئاوەرۆی ئاوی باران
بنکەی بازرگانی و بازارگا/قوتابخانە/بنکەی تەندروستی/یاریگای وەرزشی/باخچە

بببە خاوەن خانوویەک بە قیستی مانگانەی گونجاو.

نرخی خانوو بە 50000$ :

- پێدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن.
- قیستی 200 دولار، بە شێوەی مانگانە.
- قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون، بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون.
- قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو.

سعر البيت 50000$ :

. دفعة مقدمة 10% عند التسجيل
. اقساط 200 دولار شهريا
. قرض 50% من قيمة الدار بدون فوائد من صندوق الاسكان
. دفعة 10% عند استلام الدار

ناونیشانی نووسینگەی بە بازارکردن:
شەقامی ( 100 ) مەتری / باڵەخانەی پێشانگای گەلاڵە، بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ.

کۆرەک: 07507225858
ئاسیا: 07709185858

مجموعة شركات كلالة
Galala Group of Companies